نوێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان
کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی زۆر شێوازو نەریتی خەباتگێڕانە بوودو هەیە کە لە ڕابردوودا بوونە مایەی ڕێزو ئیعتیباری ئەم حیزبەو درێژەدانیان لە تێکۆشانی لەمەودواشماندا دەتوانێ کۆمەک بە چوونەسەری جێگەوپێگەی حیزبو سەرەنجام سەرکەوتنی ڕێڕەوی خەباتە ڕەواکەی بکا

«بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان»

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | شەممە ٣١ی گەلاوێژ ١٣٦٤ _ ٢٢ی ئاگۆست ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٢ | www.kurdistanukurd.com

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان درێژە دەدا

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمێکی پڕشکۆدا یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەرز ڕاگرت و لەگەل ئامانجی دامەزرێنەرانو شەهیدانی ئەو حیزبە، بەڵینی وەفای نوێ کردەوە

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی گەلاوێژ بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات، باشوور، باکوورو خۆراوای کوردستان، کەسایەتییە ئاکادەمیک، ڕووناکبیران، نووسەرانو ئەدیبانی هەموو بەشەکانی کوردستانو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێز لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانو شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی نرا.

لەو ڕێورەسمەدا سکرتێر گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبەی پێشکەش کرد.

کاک خالید عەزیزی وێڕای پیرۆزبایی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، باسی لە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کرد و گوتی: ئەو حیزبە هەر لە دوای دامەزرانیو دوای پێکهێنانی کۆماری کوردستانیش پێشانی دا کە بۆ ئیدارەی وڵاتو ڕێکخستنی ژیانی مەدەنیو بەهێزکردنی ئەرکە نەتەوایەتییەکان لە نێو خەڵکو بە قانوونی کردنی مافی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دامەزراوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کاردستان وێڕای ئاوڕدانە لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتو خەبات بە دژی دوو ڕێژیمی پەهلەویو کۆماری ئیسلامی باسی لە پەیامی سەرەکیی حیزبی دێموکرات کردو گوتی پەیامی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە کێشەی سیاسیی نەتەوەیەک، مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتێک، مافو داوا مەدەنیو دێموکراتیکەکانی نەتەوەیەک ناکرێ لە ڕێگەی شەڕو کوشتارەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی قەت پەیامی ئاشتیو مافخوازانەی حیزبی دێموکراتو ڕێبەرانی ئەو حیزبەی وەرنەگرت.

هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٤

وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەل مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

٥

حیزبی دێموکرات و سپاردنی دەسەلاتی بەڕێوەبەی بە شوراکان

٧

دوای ٧٠ ساڵ

٨

دوای ٧٠ ساڵ، ڕینسانسی دووەم پێویستە

١٠

بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئەندامان، دۆستانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

٧٠ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤) حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی نەتەوەی کورد پێشەوا قازی محەممەدی نەمر دامەزرا بۆئەوەی بە شانازییەوە ئالای خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە خۆرهەلاتی کوردستان بخاتە سەر شانی ڕۆڵەکانیو نەوە لە دوای نەوە بە دەستی کومەڵێک لە فیداکارترین تێکۆشەرانی ئەم بەشە لە کوردستانی بسپێری. لەوساوە تائێستا ئەم حیزبە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا، بە لێوەشاوەیی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە نەیهێشتوە ئالای خەباتی ئەم گەلە بکەوێتە سەر زەوی.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ڕەمزی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبە لە مەیدانی بەربەرەکانیی پڕقوربانیی تێکۆشاندا بڕوانین پێش هەموو شتێک چەند هۆی سەرەکی خۆیان دەنوێنن: یەکەم،ئەوە کە پێشەواو هاوڕێکانی بە لێزانیو شارەزایی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا گەڵاڵە کردوە، بەجۆرێک کە پاش تێپەڕینی نزیک بە سێچارەکە سەدەش هێشتا لە هێلە گشتییەکاندا ئامانجی هەموو چینوتوێژە نیشتمانییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی تێدا بەدی دەکرێ. دووەم، ئەوە کە هەر بەوهۆیەی سەرەوە حیزبی هەموو خەڵکی کوردستان بووەو هەموو جۆراوجۆریی‌یەکانی کۆمەڵ خۆیانو ئامانجەکانیان لەم حیزبەو بەرنامەی ئەم حیزبەدا دیتوتەوەو هەربۆیەش لە هەموو بارێکەوە لە پشتی وەستاون. سێیەم، ئەوە کە لە درێژەی ڕێگادا ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنی دروشمەکانی خەباتو دەستنیشانکردنی دۆستانو دوژمنانیدا وردو واقیع‌بین بووە. سەرەنجامیش ئەوە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە دژواریی‌یەکانی سەر ڕێگای خەبات نەپرینگاونەوەو "کەندوکۆسپ هەنگاوی پێ شل نەکردوون".

حیزبی ئێمە لەو ڕێبازە دوورودرێژو پڕهەورازو نشێودا سەرکەوتنی گەورەی تاقی کردوونەوەو نوشوستیی تاڵیشی تووش هاتوون: گرنگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد (دامەزرانی کۆماری کوردستان) لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێکهاتوەو بەناوی ئەم حیزبەوە تۆمار کراوە، لە بەرامبەردا ڕووخانی کۆشکی هیوای کوردی هاتوتە سەر ڕێو سەری سەردارانی بەسەر سێدارەوە دیوە.

ل ٢

زیندانیی جەلالیان زیندانیی سیاسیی کورد لە دۆخێکی خراپ دایە

زیندانیی سیاسیی کورد، زینەب جەلالیان لە بارودۆخێکدا هەشتەمین ساڵی زیندانیی بوونی خۆی تێپەڕ دەکا کە لەم ماوەیەدا تاقە ڕۆژێکیش مەرەخەسیی نەدراوەتێ، ئەویش لە حاڵێکدا کە زینەب بە دەست چەند نەخۆشیی درێژخایەنەوە دەناڵێنێ.

زینەب جەلالیان کە لە ساڵی ١٣٨٦ بە تۆمەتی پێوەندیی لەگەل حیزبێکی نەیاری کۆمەڵی ئیسلامی دەستبەسەر کرا، لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا لە مافی مەرەخەسی بێبەش کراوە، ئەو هاوکات تووشی نەخۆشیی درێژخایەنی چاوو ڕێخۆڵە هاتووە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری ئەم کچە کوردە بەندکراوە نەدراوەو کاربەدەستانی زیندانیش لەگەل ناردنی زینەب بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی زیندان خۆدەبوێرن؛ تەنانەت بنەماڵەی ئەم گیراوە سیاسییە چەندین جار داوایان کردووە کە لە سەر خەرجی خۆیانو بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی، کچەکەیان بەرێی ناوەندە دەرمانییەکانی دەرەوەی زیندان بکرێ، بەڵام هێزە ئەمنیەتییەکانو کاربەدەستانی زیندان ڕێگەیان پێ نەداون کە ئەم کارە بکەن.

زیاد کرانی بەشی کوردی لە ئەدەبیاتی فارسیی قۆناغی دواناوەندی لە پارێزگای سنە

ڕەشید قوربانی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەو بارهێنانی پارێزگای سنە وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە گوتی: بەهۆی ئەم ئیزنەی کە لە وەزارەتخانەی پەروەردەو بارهێنانەوە وەریان گرتووە، نزیکەی ١ لە ٣ی کتێبی ئەدەبیاتی فارسیی پایەی ١ تا ٣ی قۆناغی دواناوەندیی دووەم، بۆ بابەتە کوردییەکان تەرخان دەکرێ.

ڕاگەیەندرانی ئەم مەسەلە لە حاڵێک دایە کە زانکۆی کوردستان لە سنەش ڕایگەیاندووە کە بۆ ساڵی خوێندی ئەمساڵدا، ئەم زانکۆیە تواناو ئامادەیی بۆ وەرگرتنی ٤٠ خوێندکاری زمانو ئەدەبیاتی کوردیی دەبێ.

بەپێی ئەسڵی ١٥ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی زمانو خەتی ڕەسمیی ئێران فارسییە، بەڵام کەلک وەرگرتن لە زمانە جۆربەجۆرە ناوچەیی‌و نەتەوەییەکان لە ڕاگەیەنەکاندا و وانە وتنەوەی ئەدەبیاتی ئەم زمانانە لە قوتابخانەکان لە پەنا زمانی فارسی ئازادە، بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی ٣٧ ساڵ، ئیستاشی لەگەل بێ ئەم ئەسڵەی قانوونی بنەڕەتی لە ئێران جێبەجێ نەکراوە، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە خوێندن بە زمانی دایکی داوای سەرەکیی هەموو پێکهاتە نەتەوەییە نافارسەکان، بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکاندا بووە.

یادی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بەرز ڕاگیرا

کۆیە

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لە ڕیۆرەسمێکی پڕشکۆدا یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیراو لەگەل ئامانجی دامەزرێنەرانو شەهیدانی ئەو حیزبە، بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.

لەو ڕیۆرەسمەدا کە ئیوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ ی گەلاوێژ بەبەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوورو خۆراوای کوردستان، کەسایەتییە ئاکادمیک، ڕووناکبیران، نووسەرانو ئەدیبانی هەموو بەشەکانی کوردستانو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە باشووری کوردستانو لە کەشێکی تایبەتو کەم وێنەدا بەڕێوەچوو، ڕێز لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانو شانازییەکانی حیزبی دیموکرات نرا.

ئەو ڕیۆرەسمە بە سرووداو نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردو کاک کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی میواناننو بەشداران، بەبۆنەی ساڵوڕۆژی دامەزرانی حیزب وتەی کردنەوەی ڕیۆرەسمەکەی پێشکێش کرد. بە دوای ئەودا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبەی پێشکێش کرد کە سەرنجی خوێنەرانی «کوردستان» بۆ دەقی پیادەکراوی قسەکانی کاک خالید لە لاپەڕی ..... دایە.

دوابەدوای وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناوی ئەو حیزبو لایەنە سیاسییانە خوێندرایەوە کە بەشداری ڕیۆرەسمەکە بوونو پەیامیان بۆ ئەو یادە ناردبوو کە بریتی بوون لە:

جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، قوباد تالەبانی

پارتی دیموکراتی کوردستان ، مەکتەبی پێوەندییەکان بەشی کوردستانی و عێراقی

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی کۆیە

مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان _ عێراق،

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

مەکتەبی سیاسی پارتی کۆماری کوردستان

حیزبی ڕزگاری کوردستان، مەکتەبی سیاسی

یەکیەتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی

بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، مەکتەبی سیاسی

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی

پارتی دیموکراتی کوردستان لقی ٢٤ی سەفین لێژنەی باواجی

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، نوێنەرایەتی هەولێر

کوردۆ عومەر بەڕیوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

مامۆستا مومتاز حەیدەری

یەکیەتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لقی کۆیە

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لقی کۆیە

حزب الاتحاد الدیمقراطی

یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئەنجومەنی قەزای کۆیە

پارتی دێموکراتی کوردستان، لقی ٢٤ی سەفین، لێژنەی ناوچەی باواجی

یەکیەتیی ژنانی کوردستان/ لقی کۆیە

سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەخشانە شێعرێک لەلایەن مامۆستا بێبەش خوێندرایەوەو خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان لەلایەن خاتوو شوعلە قادری، سرووداێک لەلایەن کۆری هونەریی حیزب، گۆرانییەک بە دەنگی شیرین شەریفی و خوێندنەوەی شیعر لەلایەن پێشمەرگەی شاعیر ئەحمەد قادری چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕیۆرەسمە بوون.

هەر لەو ڕیۆرەسمەدا هەڵۆی شیرکۆ بێکەس شێعرێکی حیماسیی پێشکێش بە ڕیۆرەسمی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات کرد کەلەلایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

لە بڕگەی هونەریی ڕیۆرەسمی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکراتدا هونەرمەندان میکائیل، شوانە جیهانمیهەن و چیا ماملی بە بەرهەمو گۆرانییەکانیان کەشێکی پڕ شادیو خۆشییان خولقاندو ئەو ڕیۆرەسمە بە نویکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەل پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتو شەهیدانی کوردستان بۆ بەردەوامبوون لە خەبات کۆتایی پێهات.

سۆئێد

بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات ڕێز لە ٧٠ ساڵ مێژوویی پڕ شانازیو سەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٤ ی گەلاوێژ بە بەشداریی نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانیو سویدییەکان، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامان، لایانگرانو دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات کە بەشێکی بەرچاویان لە وڵاتانی نوێرۆژ، فینلاندو دانمارکەوە ڕوویان لە ستۆکهۆڵم، پایتەختی سوئید کردبوو، ڕێز لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرا.

ئەو ڕیۆرەسمە پڕ شکۆیە بە سرووداو نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دیموکراتی کوردستانو سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات کە بەشێکی بەرچاویان لە وڵاتانی نوێرۆژ، فینلاندو دانمارکەوە ڕوویان لە ستۆکهۆڵم، پایتەختی سوئید کردبوو، ڕێز لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرا.

ئەو ڕیۆرەسمە پڕ شکۆیە بە سرووداو نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد.

لەلایەن کۆڕی سرووداو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕاگرتنی یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕیۆرەسمەکەدا سکالا حەکیمزادەو ئازاد بانەیی؛ بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە بە کومەڵێک هەڵبەستو پارچە هۆنراوە بەرەو پێلی ئەو یادە چوون پاشان ڕیۆرەسمەکە بە چەند وتەیەکی حەسەن ڕەستگار، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات بە ڕەسمی دەستی پێکرد.

کاک حەسەنی ڕەستگار سەرەتا پیرۆزبایی ساڵوڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم حیزبە کرد. لە پەیامەکەشی دا چەختی لە سەر سیاسەتی بەردەوامی حیزبەکەی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان لە گەل هەموو لایەنەکان کردەوە. بەرێزیان بە سەرنجدان بە ئالۆگۆڕەکانی جیهان، هیوای خواست کە دۆزمنانی کوردیش بێنە سەر ئەو بڕوایە کە ڕێگا چارەی کێشەی کورد بە دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر دەکرێ نەک زەبروزەنگ و کوشت و کوشتار. تێکۆشەی دێرینی حیزبی دیموکرات لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا بەداخبوونی خۆی لە ناکۆکی و دابڕانەکانی مێژووی حیزب دەربڕی و داکۆکی لە پێویستیی یەکبوون و یەکڕیزی ڕیزەکانی ئەم حیزبە کردەوە.

بەدوای ئەودا سرووداو ٢٥ی گەلاوێژی ٢٤ لە لایەن کۆڕی موزیکی لاوانەوە پێشکێش کراو دوایە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنە پیرۆزەوە لە لایەن ئەسعەد خزری، بەڕپرسی کومیتەی کومیتەی نوروێژی حیزب خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕیۆرەسمەدا پەیامی فیدراسیۆنی کومەڵە کوردو کوردستانییەکان لە سوئێد پێشکەش کراو لە درێژەی بەرنامەکەدا مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەڕپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتاری ئەو بۆنەیەی پێشکێش کرد.

مستەفا شەڵماشی لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە مێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی ٧٠ ساڵ خەباتی بوچانی حیزبی دیموکرات، ئاوڕێکی خێرای لەو مێژوو پڕشنگدارە دایەوە کە ٧٠ ساڵ لەمەوبەر بە دەستپێشخەریو سەرۆکایەتی پێشەوای مەزنمان قازی محەمەد دەستی پێکردو تا ئێستاش سەردەرای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە هاتووەتە سەر ڕێگای، بەڵام بێ پشوودان بەردەوامە لە خەباتدا؛ بە بەخشینی هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەری، لە ڕێبەرانییەوە بگرە تا هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامی، درێژەی بە ڕێگە دژوارە داوە و دلنیایە لە سەرکەوتن و دەستەبەر کردنی ماف و ئازادی بۆ گەلەکەی.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەو دەستکەوتو شانازییە دا کە لە کاتی درووستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تا ئێستا وەک دیاری پێشکەشی گەلی کورد کراون، کرد. بەرێزیان هاوکات ئاوڕێکی لەو هەلە لەدەستچووانە دا کە لە ماوەی تەمەنی ئەو حیزبە دا هاتوونە پێش و بە چاوێکی ڕخنەگرانەوە باسی کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حیزب کردو کێشە و دووبەرکی و لەت بوونەکانی بە خۆرە بۆ جەستەی داری تەمەنی ٧٠ ساڵەی حیزب زانی.

بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە کوتایی قسەکانی دا هیوای خواست کە بنەماڵەی گەورەی دیموکرات بۆ جارێکی دیکە سەریەک کەوێتەوەو ئەو ناکۆکی و دووبەرکییە لە نێو ڕیزەکانی ئەو حیزب دا نەمێنی.

دوای قسەکانی شەڵماشی کێژی دەنگخۆشی دیموکرات باوانی کەریمی چەند سرووداو گۆرانی خۆشیان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا پەیامی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنان لەلایەن مەحبوبە ڕەحیمیو پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن شاخەوان عەبدیپوور پێشکەش کران.

لە بڕگەی کۆتایی ڕیۆرەسمەکەش دا هونەرمەند جەمال فەتحیان بە پێشکەشکردنی چەند سرووداو گۆرانی کۆرەکەی ڕازاندەوەو بزەی شادی خستە سەر لێوی بەشدارانی ئەو ڕیۆرەسمە.

شایانی باسە کۆمەلێکی زۆر لە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، سەرەڕای بەشداریان، بە نارەزایی بروسکەی پیرۆزبایی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان کردبوو کە بریتی بوون لە:

* نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
* فیدراسیۆنی کۆمەلە کورد و کوردستانییەکان لە سوید
* پارتی دیموکراتی کوردستان
* یەکێتی نیشتمانی کوردستان
* کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
* کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
* پارتی ئازادی کوردستان
* بزوتنەوەی گۆڕان
* پارتی سەربەخۆیی کوردستان
* کومیتەی کەمپێنی یەکبوون
* کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتیی‌یەکانی ژنان و لاوانی دیموکراتی کوردستان

ئۆتریش - شاری لینز

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری لینزی ئوتریش لە دەوری یەک کۆبوونەوەو یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان بەرز ڕاگرت.

ئەمریکا

لە واشنگتۆن پایتەختی ئەمریکا، ڕێز لە هەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرا.

کومیتەی حیزب لە واشنگتۆنی ئەمریکا بۆ ڕێزگرتن لە حەفتا ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیۆرەسمێکی بە بەشداری نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی، کەسایەتی سیاسیو ئەندامو دۆستو لایانگرانی حیزب پێکهێنا.

دریژەی

بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

چەندجار کەوتوتە بەر هێرشی بەربڵاوی پۆلیسو بەسەدان خەباتگێڕی ڕیزەکانی کەوتوونە بەندیخانەو حوکمی زیندانی درێژخایەنو تەنانەت ئیعدامیان بەسەردا سەپاوەو سەدانی دیکەیان پەریوەی هەندران بوونو ژیانی ئاوارەییان بەسەردا سەپاوە. بەو حاڵە لە یەکێک لە ڕەشترین دەورانەکانی حکوومەتی دیکتاتوریدا گۆمی مەندی "جزیرەی ئارام"ی حەمەرەزاشای شلەقاندووەو بانگی "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان"ی بەگوێی بێ خەبەراندا داوە. چەندجار تووشی لێکدابڕان هاتووەو لەبەرامبەردا ڕووداوی وەک "وەسەریەکگەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات"ی تۆمار کردوە.

بەکورتی ئەم حیزبە سەرکەوتنو تێشکانی زۆری دیون. بەڵام نە لەسەرکەوتندا لەخۆ بایی بووەو نە لە نوشوستیدا چۆکی داداوەو توشی بێهیوایی هاتوە، هەر سەرکەوتنو پێشکەوتنێکی کردوتە پردەبازی سەرکەوتنێکی دیکەو لە هەر تێشکانێک دەرسێکی خەباتگێڕانەی وەرگرتوە.

گەلی ئازادیخوازی کورد!

ئەو دەسکەوتانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێزەوی ٧٠ساڵەی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆیدا بەدەستی هێناون، بەرهەمی ڕەنجو تێکۆشانی تەنیا کومەڵێکو گرووپێک نین. هەرچەند بەڕواڵەت لە بەشی زۆریاندا ڕێبەرەو کادرو ئەندامو فەرماندەرو پێشمەرگە فیداکارەکان خاوەنداریان لێدەکەن، بەڵام ئەو شانازییانە بە هەوڵو هیممەتی چینوتوێژو دەستەو گرووپی جۆراوجۆری کۆمەڵی کوردەواری بەدەست هاتوون. ئەو زینداینیانە کە بەشێکی زۆر لە باشترین ساڵەکانی تەمەنیان لە چاڵەڕەشەکانی دوو ڕێژیمی پیاوکوژی پادشایەتیو ئاخوندیدا بەسەر بردوە، ئەو کەسوکارانەی شەهیدانو زیندانییانی سیاسی کە ڕەنجی دوورەی تەنانەت لەدەستدانی ئازیزانیان قبووڵ کردوە، بەڵام قەت بەچۆکدا نەهاتوونو ڕێگایان نەداوە دۆزمنانی ئازادی هەست بە سەرکەوتن بکەن، ئەوانە کە یەک یان چەند ئەندامی لەشیان لە مەیدانی بەربەرەکانیی چەکدارانە یان لەژێر ئەشکەنجەدا لەدەست داوە، ئەوانە کە "لەسەر وەتەن بیرەوەتەن بوون"و ڕەنجی دوورولاتی دەچێژن بەڵام قەت لە یادو غەمی گەلو نیشتمانەکەیان غافل نەبوون، ئەو ژنە تێکۆشەرانە کە سەرباری بەشی خویان لە خەبات بەشێک لە هەرکی خەباتگێڕانەی پیاوەکانیشیان گرتوتە ئەستۆ، ئەو مامۆستا ئایینییە نیشتمانپەروەرانە کە لە تاڵترین ساڵەکانی زەبروزەنگدا خویان لە هەرکی حیزبییان بەرێوە بردوەو حوجرەو مزگەوتەکانیان کردۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی ڕۆڵەی بەجەرگی مەیدانی خەباتو بەکورتی هەموو ئەوانەی لە هەر ڕێگایەکەوە کۆمەگیان بە بەرەوپێشچوونی ئەم کاروانی سەروەرییە کردوە، هەرکامیان خاوەنی بەشێک لە شانازییەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی زۆر شێوازو نەریتی خەباتگێڕانە بووەو هەیە کە لە ڕابردوودا بوونە مایەی ڕێزو ئیعتیباری ئەم حیزبەو درێژدانیان لە تێکۆشانی لەمەودواشماندا دەتوانی کۆمەک بە چوونەسەری جێگەوپێگەی حیزبو سەرەنجام سەرکەوتنی ڕێڕەوی خەباتە ڕەواکەی بکا:

حیزب هیچوەخت شێوەیەکی تایبەتی لە خەباتی بە تاقەڕێگا دانەناوەو ڕێزێکی زۆری بۆ خەباتی شارستانی داناوە، تێکۆشانی فکریو سیاسیو کومەڵایەتی بەتایبەتی نەخشی ڕووناکبیرانی بە ئەلقەیەکی گرنگی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان زانیوە. حیزب پێی وا بووە چووکترین پاشەکشە بە ڕێژیمی دەسەڵاتدارو بەدەستهێنانی هەر داخوازێکی خەڵک بریتی قوناغێک لە خەباتە درێژخایەنەکەمانە.

ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردو تەنانەت چارەسەری هەموو گیروگرفتە ناوچەییو نێونەتەوەییەکان لەڕێگای ئاشتیخوازانەوە هەبووە. بەڵام هەرکات لەلایەن حکوومەتە سەرکوتکەرەکانەوە خەباتی چەکدارانەی بەسەردا سەپابێ قارەمانانە بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی کورد کردوەو لەبەرامبەر زۆرو ملهوڕیدا تەسلیم نە بووە.

دەڤڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد هەبووە، واقیعبینانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی خۆی هەڵسەنگاندووو دروشمی چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا (خودموختاری یان فیدراڵیزم)ی هەڵگرتوە.

زانیویەتی کە بۆ بەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا پێویستیی بە هاوخەباتی دەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانو ڕێکخراوە سیاسیو پێشکەوتووەکانیش هەیەو لەو ڕێگایەدا هەوڵێکی زۆری بۆ لێکنزیکبوونەوەو تەنانەت هاوپەیمانی دەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سەرانسەریو ناوچەییەکانی ئێران داوە.

ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بەوە هەبووە کە کورد نەتەوەیەکەو لەنێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە. بۆیە لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی هاوکاریو هاودەردی دەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانی داوەو بەتایبەتی دەگەڵ باشووری کوردستان زۆر لاپەڕەی زێڕینی مێژوویی لەو بوارەدا تومار کردوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنەوە بایەخێکی شیاوی بە دیپلۆماسیو هەوڵی ناساندنی مەسەلەی کورد بەدنیاو ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی کورد داوەو لەو ڕێگایەدا سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێناوە. لەبیرمانە کە یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریس بە هەوڵی تێکۆشانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو پێکهاتو لەبەر ئەوەی پێش بەسترانی کۆنفرانسەکە تێرۆر کرا، ئەو کۆنفرانسە پێشکەش بە یادی وی کرا.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەگەرچی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا خۆرهەڵاتی کوردستانو بەگشتی هەموو ئێران لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا کپو بێدەنگ دیارە. بەڵام بەدڵنیایی دڵنیین ئەم وەزعە ناتوانێ درێژخایەن بێ. ئەو هەورە ڕەشەی بەری ئاسمانی کوردستانو ئێرانی گرتوە سەرەنجام دەرەوێو خۆری ئازادی لە ئاسۆی وڵاتەکەمان وەدەر دەکەوێ. حیزبی دێموکرات بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئێوە درێژە دەدا. بۆیە هیوامان ئەوەیە وەک هەمیشە پشتی بگرن، متمانەی پێبکەنو ڕێگای پێشان بدەن. ئەم قافڵەیە بە هەوڵی هەمووان دەگاتە مەنزڵو گومانیش نیە کە نەخشی بنەڕەتی بە هەوڵو هیممەتی ئێوەیە.

لە ٧٠ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ویرای پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب، سڵاوی وەفاو ئەمەگداری بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەرو پێشەوای حیزب شەهید قازی محەممەدو هەموو هاوڕێکانی دەنێرین بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تاسەر بە ڕێبازەکەیان وەفادار بین.

سڵاو لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

سڵاو لە زینداینیانی سیاسی قارەمانانی بەرەنگاریو بنەماڵە فیداکارەکانیان.

سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان قەڵای هەرە قایمی دیموکرات.

سەرکەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی.

کۆمیتەی ناوەندیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤
(١٦ی ئووتنی ٢٠١٥)

سمینارێک بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا سمینارێکی لە سێ پانێلدا بەڕێوەبرد.

لەو سمینارەدا کە پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٩ ی گەلاوێژ بەڕێوەچوو، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات باسێکی لەژێر سەردێڕی " حیزبی دێموکرات، حیزبی دۆینی، حیزبی ئەمڕۆو حیزبی داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان" پێشکێش کرد. دوو کۆرگیری دیکەی ئەو سمینارە، ئارەش لورستانی‌و وریا ڕەحمانی، دوو کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسەکانیان بەناونیشانی "ناسینی ڕیشە سەرەکییەکانی بزووتنەوەیەک"و "حیزبی دێموکرات حیزبێکی جەماوەری یان شۆڕشگێر" پێشکێش کرد.

قادر وریا لە سەرەتای قسەکانیدا باسی لە هۆکارەکانی مانەوەو تێکۆشانی ٧ دەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەقی ڕووداو و ئالوگۆڕەکانی ئێرانی کردو ڕەمزی ئەوەی بۆ ڕیسالەتو ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات گەڕاندەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگری پرسێکەو نوێنەرایەتیی پرسێک دەکا کە پرسی سەرەکیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، ئەویش پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانە. هەروەها ئەو حیزبە حیزبی ناوچەیەک لە کوردستان یان تویژێک لە خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵکو حیزبی خۆشەویست‌و جێی متمانەی هەموو خەڵکی کوردستان‌و هەموو کوردستان بووە.

قادر وریا لەو بەشەی باسەکەیدا گوتی ئەو حیزبە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی خۆیدا کاری زۆر گەورەی کردوە، بۆیە لە هەستو نەستو بیری خەڵکی کوردستاندا زیندوویە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٧-٤٦و بەژاندنەوەی خەباتی نەتەوەیی، بەخاوەنکردنی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧، پیشاندانی مۆدیلێکی جوان لە ئیدارەو بەڕێوەبەریی وڵات لە چەند ساڵی پێش گرتنەوەی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، نرخی زۆری ئەو حیزبە کە لە پێناو ڕزگاری‌و ئازادیی خەڵکی کوردستان داویەتی، لە شەهیدبوونی ڕێبەرانی ئەو حیزبەو هەزاران کادرو پێشمەرگەی چەند نموونەیەک بایەخ‌و هۆکاری زیندوومانەوەی حیزبی دێموکرات لای خەڵک بوون کە قادر وریا لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر.

باسکردن لە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات بۆ حزووری لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و بەرنامەو پرۆژەکانی ئەو حیزبە بۆ داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان دوو تەوەری دیکەی باسەکەی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

ئارەش لورستانی، دووهەم کۆرگیری ئەو سمینارەش باسەکەی لە ژێر ڕووناکایی ئەوەدا باس کرد کە بۆ دەبێ حیزبی دێموکرات بناسین‌و لەبەرچی دەبێ داکۆکی‌و بەرگریی لێبکەین.

ئارەش لورستانی لە سەرەتای باسەکەیدا پەرژایە سەر بەستێنەکانی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر نیازو پێویستیی ڕوون‌و بەرهەستی کۆمەڵگای کوردستان لەو کاتەدا.

شۆڕشی شارستانییەت بە پێوەرە مۆدێرن‌و دێموکراتەکانی ئێستا وەک خوێندن بە زمانی دایکی، دابینکردنی ئەمنیەت‌و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی‌و

فەرهەنگییەکان چەند فاکتۆرێک بوون کە وەک دەسکەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای دامەزرانی‌و نهادینەکردنی لە کۆمەڵگادا کەلەلایەن ئارەش لورستانی‌یەوە باسیان لەسەر کرا.

ئەنتیگراسیۆن، توانەوەو نەهێشتنی جیاوازییەکان لە دوو بەستێنی شوناس‌و فەرهەنگو بە پێناسە ناسیۆنالیسم وەک دەسکەتیکی دیکەی حیزبی دێموکرات لە بەرنامەو کارنامەی بەڕێوەبەریی خۆیدا تەوەرێکی دیکەی باسەکەی ئارەش لورستانی، لەو سمینارەدا بوو.

تیشک خستنەسەر بایەخەکانی دیکەی حیزب وەک سێکۆلاریزم، سرینەوەی هەڵواردنی ڕەگەزی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە لە بەرنامەی حیزبدا بە پێناسەی سۆسیالیسم هاتوەو هەوڵدان بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و کەلکوەرگرتنی حیزب لە دوو ئامرازی شۆڕش‌و چاکسازی سەرەباسەکانی دیکەی ئارەش لورستانی لە پەنێلی دووهەمی ئەو سمیناره بوون.

سێهەم کۆرگیری ئەو سمیناره وریا ڕەحمانی بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی حیزبی دێموکرات لە نێوان شۆڕشگێربوون‌و جەماوەری‌بووندا پێشکێش کرد.

کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر پێناسەو تایبەتمەندییەکانی جەماوەری‌بوون‌و شۆڕشگێربوونی ڕەوتێکی سیاسی‌و، بەهێنانەوەی کۆمەڵێک فاکت لێکدانەوەی بۆ مێژووی حیزبی دێموکرات لە بڕگە زەمەنییە جیاوازییەکاندا لەسەر ئەساسی ئەو پێناسەیە کرد.

وریا ڕەحمانی لە باسەکەیدا پێداگری کرد حیزبی دێموکراتی کوردستان هەردوو ئەو خەسلەتی جەماوەری‌بوون‌و شۆڕشگێریبوونەی لە بڕگە مێژوویییەکانی خەبات‌و تێکۆشانی‌دا ئەزموون کردوەو ئەو دوو تاقیکارییەی لە دوو بڕگەی زەمەنی قۆناغی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزب‌و سەردەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا شی‌کردەوە.

ڕەحمانی لە درێژەی باسەکەیدا بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لێکدانەوەی بۆ چەند گۆتارو بڕیاری حیزبی دێموکرات لە مێژووی خەباتی ئەو حیزبە بە تایبەت دوای شۆڕشی ٥٧و گۆڕینی نیزامی سیاسیی لە ئێراندا کرد.

لە دواییں بڕگەی سمینارەکەش‌دا کۆمەڵێک لە بەشداران ڕاو سەرنج‌و تێبینیی خۆیان لە سەر باسەکانی ئەو سمیناره هێنایە گۆڕێ.

سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هەوڵی تێرۆری ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و هەروەها پووچەڵکردنەوەی هەوڵێکی تەقینەوەی لە بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی ئەو دوو حیزبەی کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٩ ی گەلاوێژ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزب لە سلێمانی‌و هاوڕێیەتیی سەید برایم کەریمی، بەڕێرسی کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزب‌و کارۆ ڕەسوولی کادری کۆمیتەی ئەمنیەت بۆ تاوتوێی چۆنیەتیی هەوڵدان بۆ تەقینەوە لە بنکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی ئەو حیزبەیان کرد.

شاندی حیزب هەر ئەو ڕۆژە سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد. هەیئەتی حیزب وێڕای دەربڕینی خۆشحالیی خۆیان لە سەرنەکەوتنی پیلانی تێرۆری

ڕەزا کەعبی، جێگر سکرتێری کۆمەڵە پێیان لەسەر پێویستیی بەرینکردنەوەی پێوەندییە ئەمنیەتییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ یەکتری کرد.

سەردانی شاندێکی پارتی دێمۆکراتی کوردی سوریە لە نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

شاندێکی پارتی دێموکراتی کورد_ سووریە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێری کرد.

ڕۆژی یەک شەممە ٢٥ی گەلاوێژی ٩٤ (١٦ی ئۆگوستی ٢٠١٥) شاندێکی پارتی دێمۆکراتی کورد – سوریە بە سەرپەرستیی بێهچەت بەشیر، نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کورد لە هەرێمی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا .

شاندی پارتی دێمۆکراتی کورد بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی‌یان لە نوێنەرایەتیی حیزب‌و لە ڕێگای ئەویشەوە لە ئەندامانی ڕێبەری‌و سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی لاوان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوەبرد.

ئەو ڕێوڕەسمە ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ ی گەلاوێژ بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی لاوان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵوێی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە قسەی کردو لە سەر گرینگیی ڕۆڵی لاوان‌و نەخشی ئەوان لە بزووتنەوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ بەشداران دوا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی جیهانیی لاوان هۆکاری ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ گرینگی نەخشی ڕۆڵی لاوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەڕاندەوە. خالید عەزیزی لەو بەشەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا‌و پێش دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکی بەو گرینگییە کردوەو دامەزرانی یەکیەتیی لاوان لەو سەردەمە نیشانەی ئەو گرینگی‌و بایەخەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان‌و پێشەوای گەورەمان قازی محەممەد بە لاوانی داوە.

باسکردن لە نەخشی لاوان لە خەباتی سەختی حیزبی دێموکرات بە درێژی کۆماری ئیسلامی تەوەریکی دیکەی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بوو. بەڕێزیان لەو بەشە لە قسەکانیدا گوتی ڕێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکرات لاوانی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردی بوون، ڕێبەرانی داهاتووی حیزبی دێموکرات‌و ئەو کەسانەی لە داهاتوودا ڕۆژهەلاتی کوردستان بەڕێوەدەبەن لاوانی ئەمڕۆن، بۆیە ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا هەمیشە بە بایەخەوە چاومان لە تێکۆشان‌و خەباتی لاوان کردوە.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سلاوی بۆ لاوان‌و کچان‌و کوڕانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نارد کە لە بۆنەکانی ئەوروزدا بە جوانی‌و بە ئازایەتیدێنە مەیدان‌و بەرگری لە کلتوورو مێژوو، شوناس‌و داخوازی خۆیان دەکەن، هەروەها بەڕێزەوە باسی لە ڕۆڵی لاوان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاو ژینگەپارێزیدا کردو ئەوەی بە پەرۆشبوونی ئەوان بۆ خاکو نیشتمان‌و کۆمەڵگای کوردستان ناوبرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان لە لایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێشکرا.

لە پەیامی سکرتێری لاواندا بە ئاماژە ڕۆڵی یەکیەتیی لاوان لە پەروەردەی لاوانی کوردستان هاتبوو کە لاوان لە یەکیەتیی لاواندا لەسەر دوو بنەمای نیشتمانپەروەری و ئەخلاقی ئینسانی‌و ئەتەوەیی پەروەردە دەکرێن، هەر ئەو دوو بنەمایەش وادەکا کە لاوانی ڕۆژهەلات بەهەموو وجودیانەوە ڕێز لە خاکی کوردستان‌و خەڵکی سەر ئەو خاکە پیرۆزە بگرن.

لە پەیامەکەی سکرتێری یەکیەتیی لاوان‌دا بە ئاماژە بە بەشداریی لاوان لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هاتبوو کە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەکوو ڕێبواری ڕێبازی حیزبی دێموکرات لەهەموو قۆناغ‌و پلانە ڕەواکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداربووە و بەشانازییەوە بەشدار دەبێ. لاوانی ڕۆژهەلات وەکوو بەشێک لەپارێزەرانی ڕۆژهەلات لەنێوخۆی وڵات و ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان لە سنوورەکانی ڕۆژهەلات بۆ بەرگری لەنیشتمان‌و خەڵکەکەی ئامادەییان هەیە و بەفەرمانی حیزبی دێموکرات ئامادەیی هەموو گیانفیداییەکش دەمێنێوە.

لە بڕگە هونەرییەکانی ئەو ڕێوڕەسمەدا گورانییەک بە دەنگی حەمەدەمین کەریمی، زنجیرە گورانییەک لەلایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوان، شانۆی کۆمێدیی «فالگیر و سیاباز» لەلایەن گرووپی شانۆیی بزەو چەند تابلۆ هەڵپەڕکێی لاوانی دێموکرات پێشکێش کران. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا یەکیەتیی لاوان لەوحی ڕێزلێنانی پێشکێش بەو قوتابی‌و خوێندکارانە کرد کە ساڵی خوێندنی ٩٣-٩٤ یان بە پلەی بەرز بڕیوە.

چالاکیی بەرینی تەبلیغیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی بەربڵاو کارو چالاکیی تەبلیغیان کردوە.

لە چالاکییە تەبلیغاتییەکان دا کە سەرەڕای زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر ناوچەکانی کوردستان‌دا بەڕێوەچووە، بە نووسینی دروشم‌و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی ڕێز لە ٧٠ ساڵ تێکۆشان‌و مێژووی پڕ سەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان نراوە.

ئەم دروشمانەی کە بەشێکی زۆر لە دیواری شار و گوندەکانی کوردستانی پێ ڕازایەوە بریتی بوون لە:

• پیرۆز بێ یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

• بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

• ٧ دەیە خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی

ئەو شار و ناوچانە چالاکییان تیدا کراوە بریتین لە: کرماشان، سنە، سەقز، بانە، بۆکان، مهاباد، سەردەشت، دەبەت، شنۆ، پیرانشار، ورمێ و.... بوون.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە دەسخۆشیی لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردوە.

هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا

میوانانی خۆشەویست، خوشک و برایانی ئازیز!

پر بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕیوڕەسمی یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە سەرجەم ئەندامان و پێشمەرگەکان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکرات، پیرۆزباییەکی زۆر تایبەتی لە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی تەمەنی حەفتا ساڵەی حیزبی دیموکرات لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا پشت و پەنای حیزبی دیموکرات بوون.

....جێگەی خۆیەتی هەموو لایەکمان ڕێز و پێزانینی خۆمان بۆ دامەزرێنەری حیزبی دیموکرات، ڕەئیس جەمهوری کوردستان، پێشەوای حیزبی دیموکرات، قازی محەمەد بنێرین. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەمەگناسیی و پێزانینی خۆمان، بۆ تەواوی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ماوەی حەفتا ساڵدا، بەشداری ژیانی سیاسی حیزبی دیموکرات بوون، کاتی خۆی بە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات وکۆماری کوردستان، و جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لوتکە گەیاند.

....فەلسەفە و دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی یەکەمەوە دوای ماوەیەکی کورت، بە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەریخست کە حیزبی دیموکرات بۆ ئیدارەی وڵات دروست بووە، حیزبی دیموکرات بۆیە دروست بووە لە پرۆسەی قانوونی ژیانی مەدەنی و بەهێزکردنی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، بە قانوونکردنی ماف، چارەسەری قانوونی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو مەجال و دەرفەتەی بۆی هەڵکەوتووە قەزیەی کورد لە ئێراندا بخاتە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی قانوونی ومەدەنی و، فەلسەفەی وجوودی حیزبی دیموکرات هەر بۆ ئەوە بووە.

پەیامی سیاسی حیزبی دیموکرات

حیزبی دیموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵ ژیانیدا، هەوراز و نیشێبوی زۆر بینیوە، بێگومان ئیفتخاراتی مێژوویی زۆر بووە، دەسکەوتیشی بووە و لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی جەماوەرێکی زۆر لە حیزبی دیموکراتدا بوون، ئینتزاراتێکی زۆریشی لە خۆی دروست کردووە. هەر ئەوە بووە کاتێک کۆمار دەروخێ، دیسان ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات، تێدەکۆشن شوێنەواری کۆمار و ئەرزشەکانی کۆمار لە مەیدانی جۆراوجۆری خەباتدا بەرز ڕابگرن. بە دیفاع لە بنەما نەتەوایەتییەکانی خۆیان و بنەماکانی حیزبی دیموکرات و کۆمار هەوڵیان دا ژیانی سیاسیی ئەو حیزبە ئیدامە بدەن. خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات، لە دژی دوو حکوومەت، یەکەم حکوومەتی پەهلەوی کە کۆماری کوردستانی ڕووخاند و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی زیندانی کرد و کوردستانی ئێرانی بەجۆرێک ئیدارە دەکرد کە مەجال و دەرفەت بۆ تێکۆشانی ئێمە نەمابوو، دەوری ٣٢ ساڵ بوو. لە ئێران، ئینقلاب دەکرێ و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دادەمەزرێ، هەر لەسەر بنەمای چارەسەریی ئاشتییانە و دیموکراتیک لەڕێگای وتووێژ لە کوردستانی ئێران، هەر ئەوە کە بیرۆکەی قازی محەمەد بوو لەو پەری دەسەلاتی خۆیدا کە ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوە بوو کە ئەو کێشەیە لەڕێگەی گفتوگۆ و موزاکرە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی چارەسەر بکرێ، دیسان دوای ئینقلابی ئێران، پەیامی حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کێشەی سیاسیی میللەتێک، مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتێک، مافە دیموکراتیکییەکانی میللەتێک، ناکرێ لەڕێگای شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەر بکرێ، بۆیە حیزبی دیموکرات، لەسەر ئەو بنەمایە دوای ئینقلابی [٥٧]یش هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای ئینقلابدا ژیانێکی ئارام و مەدەنی و دوور لە شەڕ و کێشەیان هەبێ و بۆ جارێکی دیکە دەسەلاتی

پێمان وایە بەشێک لەو فورسەتانەی بۆ کورد هەڵکەوتووە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، ڕێبەرانی کورد چۆن ئەو فورسەتە بقۆزنەوە. تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بەشێک لە چارەسەرییەکەمان لەوەدا دەدی کە هەردوولای حیزبی دێموکرات بەرەو یەکگرتنەوە بچن

میللی و دێموکراتیکی خۆیان کە بۆ ئێمە بە میرات مابۆوە و ڕەئیس جەمهورەکەی ئێمە دایمەزراندبوو، لە کوردستانی ئێران بەرپای بکەینەوە، بەجۆرێک خەڵک لە ئیدارەی ژیانی سیاسی و مەدەنی و قانوونی خۆیان بەشدار بن. بەو جۆرە لەئارامیشدا بتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی خۆیان بەرنەپێشێ، هەروەکی ئەوە هەمیشە جەوهەری سیاسەتی حیزبی دیموکرات بووە.

بەداخەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پەیامی ئاشتی و دیموکراتیک و مافخوازانەی حیزبی دیموکرات و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی وەرنەگرت، لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەڕێگای موزاکرە ئەو کێشەیەی چارەسەر نەکرد. بۆیە بۆ جارێکی دیکە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێچەوانەی مەیلی خۆیان شەڕیان بەسەردا تەحمیل کرا. بۆیە جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات و لایەنەکانی دیکە، مەجبوور بە دیفاع لە خۆیان بوونەوە. دەوڕێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دوای ئینقلابی ئێران، بۆ حیزبی دیموکرات دەستی پێکردەوە و ئێمە موتەحەمیلی قوربانی و شەهادەتێکی زۆر بووین و فیداکارییەکی زۆریشمان هەر لەو ڕێگایە دا.

ئێمە لە ژیانی سیاسیی خۆماندا هەمیشە هەوڵمان ئەوە بووە ئەو پەیامە کە پەیامێکی سیاسیی بۆ ئیدارەی وڵات، نە تەنیا بەگوێی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنین، نەتەنیا ئێرانییەکان لە دەرەوەی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، بەڵکە لە کۆڕ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەمیشە ئەو پەیامەمان داوە. هەمیشە گوتومانە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قسە لە ئێران و چارەسەریی داهاتووی ئێران دەکرێ، ناکرێ لە ئێران نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان کە کارنامەیەکی دوور و درێژ و تەجروبەیەکی درێژخایەن و ڕەنگینی لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ کێشەکان و چارەسەرییەکان هەیە، لە پەراوێز بخرێ. لە پەراوێزخستنی حیزبی دیموکرات بە مەعنای لە پەراوێزخستنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی حەفتا ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوە و بۆ مافەکانی خۆی خەبات دەکا. پەیامی نەتەوەیی ئێمە هەمیشە بە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کێشەی کوردیان هەبووە، بە جۆرێک عەمەل بکەین کە لە ڕەوابیت و عیلاقاتی خۆماندا هەرگیز نەبین بە ئەسبابی کێشە بۆ پارچەکانی دیکە و هەمیشە بە ئیفتخاراتەوە دیفاع لە ڕابردوی عیلاقاتی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەین کە بە جۆرێک عیلاقە و پێوەندیمان لەگەڵیان هەبووە.

حیزبی دیموکرات و پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان

لەپێوەندیی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی پارچەکانی دیکەدا، هەروەکی بەشداری بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دەقیقەن ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر شوێنێک فورسەتێک بۆ کورد هەڵکەوێ، بەشەکانی دیکە دەتوانن لە تەواوی دەسکەوتەکانی بەهرەمەند بن، ئەو تەجروبەیە بە جۆرێک بۆ بەشەکانی دیکەش کەلکی لێ وەربگرێ. ئێمە لەسەر ئەساسی باوەڕ بەوە کە باشترین دۆستایەتی و باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە وەک حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیفاعیان لێ بکەین، لەنێو خۆیاندا کۆمەک بکەین بە یەکریزی و تەبایی و برایەتی و، لە عیلاقاتی خۆماندا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران وا پەروەردە بکەین لەو بوارانەی بۆیان دەگونجێ، هاوبەستەگی نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەجێ بگەیەنن و، هەمیشەش هەر ئەوەمان لە پارچەکانی دیکە ئینتزار هەبوە لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرگیز ئیجازەمان بە خۆمان نەداوە لە کاروباری نێوخۆیی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەخاڵەت بکەین. پێمان وایە کوردی هەر پارچەیەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی دەوڵەمەند و بەرچاوڕوونییەکی ڕێکوپێکیان لەو بوارەدا هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا پێوەندیی لەمێژینە لەگەڵ مۆزاکرە ئەو کێشەیەی چارەسەر نەکرد. بۆیە بۆ جارێکی دیکە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێچەوانەی مەیلی خۆیان شەڕیان بەسەردا تەحمیل کرا. بۆیە جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات و لایەنەکانی دیکە، مەجبوور بە دیفاع لە خۆیان بوونەوە. دەوڕێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دوای ئینقلابی ئێران، بۆ حیزبی دیموکرات دەستی قوربانی و شەهادەتێکی زۆر بووین و فیداکارییەکی زۆریشمان هەر لەو ڕێگایە دا.

ئێمە لە ژیانی سیاسیی خۆماندا هەمیشە هەوڵمان ئەوە بووە ئەو پەیامە کە پەیامێکی سیاسیی بۆ ئیدارەی وڵات، نە تەنیا بەگوێی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنین، نەتەنیا ئێرانییەکان لە دەرەوەی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، بەڵکە لە کۆڕ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەمیشە ئەو پەیامەمان داوە. هەمیشە گوتومانە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قسە لە ئێران و چارەسەریی داهاتووی ئێران دەکرێ، ناکرێ لە ئێران نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان کە کارنامەیەکی دوور و درێژ و تەجروبەیەکی درێژخایەن و ڕەنگینی لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ کێشەکان و چارەسەرییەکان هەیە، لە پەراوێز بخرێ. لە پەراوێزخستنی حیزبی دیموکرات بە مەعنای لە پەراوێزخستنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی حەفتا ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوە و بۆ مافەکانی خۆی خەبات دەکا. پەیامی نەتەوەیی ئێمە هەمیشە بە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کێشەی کوردیان هەبووە، بە جۆرێک عەمەل بکەین کە لە ڕەوابیت و عیلاقاتی خۆماندا هەرگیز نەبین بە ئەسبابی کێشە بۆ پارچەکانی دیکە و هەمیشە بە ئیفتخاراتەوە دیفاع لە ڕابردوی عیلاقاتی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەین کە بە جۆرێک عیلاقە و پێوەندیمان لەگەڵیان هەبووە.

حیزبی دیموکرات و پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان

لەپێوەندیی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی پارچەکانی دیکەدا، هەروەکی بەشداری بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دەقیقەن ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر شوێنێک فورسەتێک بۆ کورد هەڵکەوێ، بەشەکانی دیکە دەتوانن لە تەواوی دەسکەوتەکانی بەهرەمەند بن، ئەو تەجروبەیە بە جۆرێک بۆ بەشەکانی دیکەش کەلکی لێ وەربگرێ. ئێمە لەسەر ئەساسی باوەڕ بەوە کە باشترین دۆستایەتی و باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە وەک حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیفاعیان لێ بکەین، لەنێو خۆیاندا کۆمەک بکەین بە یەکریزی و تەبایی و برایەتی و، لە عیلاقاتی خۆماندا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران وا پەروەردە بکەین لەو بوارانەی بۆیان دەگونجێ، هاوبەستەگی نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەجێ بگەیەنن و، هەمیشەش هەر ئەوەمان لە پارچەکانی دیکە ئینتزار هەبوە لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرگیز ئیجازەمان بە خۆمان نەداوە لە کاروباری نێوخۆیی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەخاڵەت بکەین. پێمان وایە کوردی هەر پارچەیەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی دەوڵەمەند و بەرچاوڕوونییەکی ڕێکوپێکیان لەو بوارەدا هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا پێوەندیی لەمێژینە لە تاریخی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ باشووری کوردستان ناکرێ ئاماژەی پێنەکرێ. لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەشداریی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراق لە کۆماری کوردستان، بناغەی دۆستایەتی و ڕەوابیت و عیلاقەیەکی نیزیک دامەزرا. بیرەوەریی ئەفسەرە کوردەکانی عێراق، لە کۆماری کوردستان، بیرەوەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستان بناغەی ئەو دۆستایەتیەی بەهێزتر کرد. پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانیان دەگەڕێتەوە دەیان ساڵ پێش ئێستا. بۆیە بەشێکی زۆر لە دۆستانی ئێمە لەوانەی کە لە نزیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات پشتیوانیان کردووە و لەگەڵیان بوون و کاتێک حیزبی دیموکرات لە باشووری کوردستان بووە، لە عیلاقات و دۆستایەتی خۆی لەگەڵیان دابووە، بەشێک لەوانە خەمخۆری حیزبی دیموکرات بوون و پشتیان گرتووە و لە ڕۆژەکانی تەنگانەدا بە هانای هاتوون ، جێی خۆیەتی لێرە ڕێز و سپاسی خۆمانیان بۆ بنێرین و ئەمەگناسیی خۆمانیان پێشکەش بکەین و بە ئێحترامەوە چاو لە خەبات و تێکۆشان و دۆستایەتی هەموو لایەکیان دەکەین.

مێژووی تێکۆشانی حیزب

بەشێک لە مێژووی حیزبی دیموکرات بەپێچەوانەی مەیلی ئێمە و بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دەبێ لەنێوخۆی وڵات بێ و فەعالییەتێکی ئاشکرا و عەڵەنی هەبێ، لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا بەشدار بێ، بەداخەوە ئێمە لە تەبعید بووین. لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا بە غەیری سەردەمی کۆماری کوردستان و ماوەیەکی کورت دوای ئینقلاب، زۆربەی زۆری ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات لە تاراوگە و تەبعید و دوورەوڵاتیدا بووە.

... لە هەمان کاتدا کە قوربانییەکی زۆری داوە، ئیفتخاراتێکی زۆری کەسب کردووە، دامەزرێنەری حیزبەکەی ئێمە، پێشەوا قازی محەمەد، دوای ڕووخانی کۆمار لە سێدارە درا، دوو ڕێبەری ئێمە دوکتوور قاسملوو و دوکتوور شەرەفکەندی تیرۆر کران، سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگەمان لەو ڕێبازەدا شەهید بووە، بەڵام هەرگیز لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان لەپێناو بەرزڕاگرتنی ئەرزش و بنەماکانی حیزبی دیموکرات، نەوەستاوین. لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا ئەوەی لە توانامانداە بووە بە نیسبەت خەڵکی خۆمان کە ئەمەگناس بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەچیمان گەیاندووە. ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەرامبەر پارچەکانی دیکە جێبەجێ کردووە. لە پێوەندیی خۆماندا لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکە هەوڵمان داوە لانیکەمی گیروگرفتمان هەبێ و هەوڵمان داوە مەسئولانە بجوڵێینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە موازاتی هەموو ئەو سیاسەتە دروستانە و تێکۆشان و فیداکاریی و قوربانیانە، حیزبی ئێمە لە ئیدارە نێوخۆییدا بێموشکیلە نەبووە، حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی جەماوەری کە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بووە، وەک حیزبێک کە پابەند بووە بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە چۆنیەتی گرتنی کونفرانس و کۆنگرەکانی، هەوڵی داوە ئەندامانی خۆی لە ژیانی حیزبەکەیدا بەشدار بن، هەمیشە تێکۆشاوە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، نەتەوەییییەکان، مەسائیلی ئیستراتیژی، هەمووی ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە ژیانی حیزب و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لەنێو حیزبی ئێمەدا بە گەرمی بێتە بەرباس و لیکۆڵینەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

دێموکراسی نێو حیزبی ئێمە هیوا و هومێدێکی بۆ خەڵکێکی زۆر لە ئەندامانی خۆمان و هەروەها بۆ کۆمەڵانی نێو کوردستان دروست کردبوو، تەمرینی دێموکراسیی لەنێو حیزبی ئێمەدا ئەو پەیامە بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە ئیدارەی وڵاتی خۆمان بکەین، دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین بۆ بەشداری پێدانی خەڵک، بۆ خوێندنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی عادەت بگرین چۆن جەمعێک

تەمرینی دێموکراسیی لەنێو حیزبی ئێمەدا ئەو پەیامە بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە ئیدارەی وڵاتی خۆمان بکەین، دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین

لەگەڵ یەک کار بکا و بەیەکەوە ئیدارەی وڵات بکەین. ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە گشتی حەقیانە ئەو گلەییە لە لە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرانی شەهید و ڕێبەرانی زیندووشەوە بکەن کە ئێمە لە ئیدارەی حیزبەکەی خۆمان ڕەنگە لەگەڵ یەک بە ئینساف نەبووبین، ئێمە بۆ فیداکاری دژی کۆماری ئیسلامی ئامادە بووین ڕێبەرانیشمان دانیین، ئامادە بووین زیاتر لە پێنج هەزار قوربانی بدەین، لەپێناو بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکە لە زۆر بار گوزەشتمان بووە، لە زۆر بار بەرژەوەندیی حیزبیی خۆمان وەلاناوە، لە زۆر بار هەوڵمان داوە دان بە جەرگی خۆماندا بگرین، هەوڵمان داوە ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەجێ بگەیەنین، بەڵام لە ئیدارەی حیزبی خۆمان و بۆ حاوانەوە لەگەڵ یەکتر ڕەخنەمان لەسەرە. لە ماوەی پێنجا ساڵی ڕابردوودا زۆر بە باشی نەمانتوانیوە وا کار بکەین، حیزبی دیموکرات، لەو گیروگرفتانە نەجات بدەین. ئەوە چاوەڕوانی خەڵک بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاتێک حیزبەکەی ئێمە کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار هەموویی چین و تویژەکانی کۆمەڵگەی حەفتا ساڵ پێش ئێستای کوردستان کە بەشی زۆری نەخوێندەوار بووە، لەگەڵ یەک کۆی کردنەوە، قانوونی پێ دادەنان، ئیدارەی حکوومەتی پێدەکردن، سەری بەرز بوو لەنێو سەران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبا ئەو حیزبەمان باشتر ئیدارە کردبایە، ئێمە دەبا حیزبەکەی پێشەوا قازی محەمەدمان لە ئێمەمەی ژیان و کاری سیاسیی خۆمان ئەو کاروانەمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بردبا پێشێ، گەیی خۆمان لە خۆمان لە حزووری ئێوە، لە حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە فیداکاری و قوربانییان بۆ ئەو حیزبە داوە، دەقیقەن بۆ ئەوەیە لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات، هەموو لایەکمان، کە بەشمان بەو حیزبەوە هەیە، هەموو لایەکمان کە بەیەکەوە ئیفتخاراتەکانیمان دروست کردووە، هەموو لایەکمان دیسانەکە بەیەکەوە دروستی بکەینەوە و وای ئیدارە بکەین و وای بەرینەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە چاو لە حیزبێکی یەکگرتوو بکەن و هیوا و هومێد و ئاواتەکانیان کە هیوا و هومێدی پێشەوای حیزب و ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بۆمان مەعلوم نیە لەگەڵ دەیان و سەدان سیناریۆی ئاروون بەرەوڕووە، لەو حالەتەدا بەو حیزبەوە بچینە نێو ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران.

لەکاتێک دا یادی ٧٠ ساڵەی حیزب دەکەینەوە فرسەتەکان بۆ کورد زۆرن

ئێمە لە سەردەمێکدا یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دەکەینەوە، کەلە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتەوە هەتاکو ئێستا ئالوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئێران، لە ناوچەکە، لە مەوزووعاتی پێوەندیدار بە کورد گەلێک زۆر بووە. ئەگەر کۆمار ڕووخا و هیوای کۆمار، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵک لە ماڵەکانی خۆیان و لە پارچەکانی دیکە بە خەباتی جۆراوجۆر بەردەوام ئیدامەیان دەدا، ئەگەر هەڵبچە و ئەنفال و قەتڵوعامی کوردان لە باشووری کوردستان، ئەگەر ئینکاری کورد لە تورکیا، ئەگەر قەبوولنەکردنی کورد لە سووریا، هەرگیز نەیتوانی کورد بە چۆک دابێنی و ئێستا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هەموو پارچەکانی دیکە لەگەڵ سیناریۆیەک کە جێگای خۆشبینیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی حیزبی دیموکراتی تێدا دامەزرا، سیاسەتی جەمهوری ئیسلامی ئەوەیە کە نەهێڵێ حیزبی دیموکرات دەنگی بێت و ڕەنگی دیار بێت و لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بێتەوە جێگای هیوا و هومێد. بەڵام ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە، شکەست و هەستانەوەکانی ئێمە، فیداکاریی و قوربانییەکانی ئێمە، کارنامەی ئێمە لە خەبات و تێکۆشاندا ئەوە دەڵێ حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان کە ئێمە لەبەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا نەهاتووین، بەو شێوەیەش هەرگیزاوهەرگیز لە داهاتوشدا بەچۆک دانایەن، ئەو حیزبە خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەونەکەی پێشەوا قازی محەمەد و هەزاران تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەزاران قوربانیی ئەو حیزبە، بەردەوام دەچێتە پێشی و ئێمە لەو مەیدانەدا گەشبین و خۆشبینین.

حیزبی ئێمە زۆر بە باشی دەرکی بەوە کردوە کە زۆرجار فورسەت بۆ کورد هەڵکەوتووە لە مێژوودا و ئێستاش فورسەتی باش بۆ کورد هەڵکەوتووە، تەنانەت فاکتۆرەکانی ناوچەییش ناتوانن ئینکاری ئەو فورسەتە بکەن، زلهێزەکانی نێودەوڵەتیش بەجۆرێک تەعامول دەگەڵ ئەو فاکتۆرانە دەکەن کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، نەتەنیا ناتوانن ئینکاری بکەن بەڵکە بەجۆرێک دێنە نێو گەمەکە. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا، کە ئێمە پێمان وایە بەشێک لەو فورسەتانەی بۆ کورد هەڵکەوتووە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، ڕێبەرانی کورد چۆن ئەو فورسەتە بقۆزنەوە. تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بەشێک لە چارەسەرییەکەمان لەوەدا دەدی کە هەردوولای حیزبی دێموکرات بەرەو یەکگرتنەوە بچن. ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان

بۆ لاپەڕی ٦

وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

ئارەش لورستانی: مامۆستا وەک یەکەم پرسیار: دەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە، چۆن دەڕوانێتە ئەم بۆچوونە؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: پێوندیی بەوە هەیە کە مەبەست لەو قسەیە چییە. ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە حیزبی دیموکرات هەر بۆ ئەوە دەبێو بە کەلکی هیچی دیکە نایە، ئەمن لەگەڵی نیم. هەرچەندە شانازییە بۆ حیزبێک کە بتوانێ کۆمەڵ ئیدارە بکا. لەجیدا هەموو حیزبێکی سیاسیی جیددی بۆیە دادەمەزرێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زوو یان درەنگ یان لە مەودایەکی نیونجیدا دەسەڵاتی وڵاتەکەی بە دەستەوە بگرێ و کۆمەڵەکەی بەو جۆرەی کە بۆخۆی پێی باشەو بە مەسلەحەتی خەڵکی دەزانێ ئیدارە بکا. کەوابێ ئەمە هیچ شتێکی غەریب نییە. بەڵێ حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەش دامەزراوە، بەڵام حیزبی دیموکرات لە ماوەی ٧٠ ساڵ تێکۆشانی خۆیدا هەمووی وەسەر یەک خەیەوە کەمتر لە ٣ ساڵ یان بڵێین کەمتر لە ٤ ساڵ ئیدارەی بەشێکی زۆر کەم لە کۆمەڵی بە دەستەوە بووە، هەم ناوچەی دەسەڵاتەکەی بەرتەسک بووە، هەم ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەی بردووەو بەکاری هێناون کەم بوون، بۆ وێنە تەنانەت لە دەورانی کۆماری کوردستانیشدا کارمەندان پێوندییان لەگەڵ تاران نەپچڕاوە، مەهاباد کە مەرکەزی کۆمار بووە نوێنەری لە مەجلیسی شورای میللیی ئێران دا هەبووە، لە دەورانەکانی دیکەدا، ڕاستە لە ساڵەکانی پاش ئینقلابدا ناوچەیەکی بەرینتر لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو کە نەک هەر بە تەنیا بەڵام بەشی زۆری حیزبی دیموکرات ئیدارەی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی گەمارۆیەکی بێ‌ڕەحمانەی خستبووە سەری، بەڵام دیسانەکە شارەکان و کارە ڕەسمییەکان پێوندییان هەر بە دەوڵەتەوە هەبوو، وا نییە کە حیزبی دیموکرات حاکمیەتی موتڵەقی بە دەستەوە بووبێ، کەوابێ بۆ ئەم حیزبە شانازییە کە بە کەلکی ئەوە بێ کۆمەڵ بەڕێوە بەرێ، بەڵام هەر بۆ ئەوە دروست نەبووە، دەلیلەکەشی هەر ئەوەیە کە لە ٧٠ ساڵ وەکوو گوتم ئەگەر زۆری حیساب بکەین ٤ ساڵ بەشێک لە وڵاتی ئیدارە کردوە بەڵام ٦٦ ساڵ خەباتی نهێنی و خەباتی سەخت و خەباتی چەکدارانە و شێوەکانی دیکەی خەباتی بەڕێوە بردوە.

ئارەش لورستانی: ئەگەر پێمان وابێ حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە؛ کەواتە چالاکیی ئەو حیزبە تووشی ئیدارەگەرایی و جۆرە وشکییەکی تایبەت دەبێ و یان بووە، لە ئاکامدا ناتوانێ خۆی دەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینە بگونجێنێ، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە وەک خۆی وەرگرین، ئێوەش لەسەر ئەو بڕوایەن، یان نا، ئەو حیزبە تا ئەو کاتەی کۆماری کوردستان دەڕووخێ بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستییەکان ئەم پێکهاتەیە وەردەگرێ؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: پێمایە لە جوابی پرسیارەکەی دیکەشدا بە جۆرێک لە جۆران ئەوەم گوت حیزبی دیموکرات ناکرێ بڵێین بۆ ئەوە دامەزراوە، هەر ئێستا تەمەشا بکەین ئەو بەرنامە ئیدارییە کە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دیموکراتدا هەیە، هەمووی بۆ هەلومەرجێکە مەعلوم نییە کەنگێ دێتە دی، یانی بەرنامەیەکە کە حیزبی دیموکرات دەیهەوێ پاش ئەوەی تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەو لە کۆمەڵدا پیادە بکرێ، لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر ورد تەماشا بکەین بەرنامەی حیزبی دیموکرات بە هیچ جۆر ئەو ئیدارەیەی نەداوە بە حیزبی دیموکرات، داوێتی بە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێشنیاری بۆ ئەوە هەیە، ئەوجار دەبینین کە ئەو حیزبە لە بواری جۆراوجۆردا خەباتی کردوەو خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەمن پێمایە تەشکیلاتی‌دا، لە بواری دیپلۆماسی‌دا، لە بواری تەبلیغاتی‌و فەرهەنگی‌دا، لە بواری دیپلۆماسی‌و سیاسی‌دا کەمتر لە بواری ئیدارەی کۆمەڵ چالاک نەبووە ، چونکی لە بواری ئیدارەی کۆمەڵدا عوزری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئیمکاناتی کەم بوو، دەرفەتی کەم بوو، ئەگینا زۆری ئیشکالات هەبوو. ئەو حاکمیەتە خۆماڵییە خۆشەویستە، دەنا پڕ بوو لە ئیشکالات و لە کەموکوڕی.

ئارەش لورستانی: ئەگەر وتەکانی ئێوە بە پێوەر وەربگرین پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوە کە؛ کەواتە بۆ کۆمەڵەی ژ-ک ١٣٢١ دادەمەزرێ، بەڵام ساڵی ١٣٢٤ دەبێ بە حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ بەو واتایەی هاوکات دوو حیزب نەبوون، هۆکارەکەی چییە؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: لەڕاستی‌دا ئەمن پێمایە ئەوم دووانە نەک هەر دوو حیزب لە پەنای یەک نەبوون، تەنانەت تەبدیلیش هەر نەبوون، یانی کۆمەڵەی «ژ-ک» لا نەچووە حیزبی دیموکرات دامەزرێ بەڵکوو کۆمەڵەی «ژ-ک» ناوی گۆڕیوە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوە لە تاریخ‌دا سەبتە و دەتوانی مەراجعە بە ئەسناد بکەی کە دەبینی ئەوە دروستە. ئەوە کە بۆچی ئەوەی گۆڕا ڕەنگە دەلایلی زۆری هەبێ، بەڵام دەلیلێک کە ئەمن دەتوانم لێرەدا بیهێنمەوە ئەوەیە کە کۆمەڵەی «ژ-ک» وەکوو ڕێکخراوێکی سیرفە ناسیۆنالیستی پێکهاتبوو، مەسەلەن لە بەشێک لە بەرنامەکان‌دا دەڵێ: کۆمەڵەی «ژ-ک» لە باری فلانەوە ئەوەیە، لەباری دیمەوە ئیسلامە، دەی حیزبی جامیعەیەک کە ئیسلامی تیدایە، مەسیحیی تیدایە، یارسانی تیدایە، شیعەی تیدایە، سوننیی تیدایە، جوولەکەی تیدایە چۆن دەبێتە حیزبێک کە بۆ بەشێکی کار دەکا، لای دیکە ڕەنگە پێمان خۆش نەبێ کە ئەو دروشمە ستراتیژییەمان هێناوەتە خواری، کۆمەڵەی «ژ-ک» هەر وەکوو ڕێکخراوەکانی پێش خۆشی، وەکوو خۆیبوون و وەکوو هیوا، داوای کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەرنامەدارپێژانی حیزبی دیموکرات بەو نەتیجەیە گەیشتن کە لە هەلومەرجی ئەو وەختی‌دا (و بەداخەوە تا ئێستاش هەر ڕاستە) وەدیهێنانی ئەو شوعارە زۆر ناواقعییە، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تیدا دەژی پتر ڕێی تێدەچێ، پتر بە گەرووی کۆمەڵگای نیونەتەوەییدا دەچێ و دەتوانێ دۆست و تەرەفداری پتر بێ بۆیە بەرنامەکەیان گۆڕی، لە پاشان ئەو بەرنامەیە کراوەیە بەرووی هەموو چین و تۆیژەکان‌دا، کراوەیە بەرووی ئێرانییەکان‌دا، کراوەیە بەرووی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا، تەنانەت بەرووی دنیای دەرەوەدا، ئەوە دەگەڵ ئایۆک کە سیرفەن تەئکید لەسەر کوردایەتی دەکا، تەنانەت کوردستانیشی تیدانییە، ئەوە ناخوێنێتەوە بۆیە ناوی دیموکراتیان لە جێگەی کۆمەڵەی «ژ-ک» دانا. هەرچەند دیارە ئێستاش دوو نەزەر هەیە کە ئایا «ژ-ک» کورت‌کراوەی ژیانەوەی کوردە یان ژیانەوەی کوردستانە، بەڵام بە هەرحال ئەو ناوە دەگەڵ ئەو نیوەڕۆکە زۆر سازگار نابووە، بۆیە کە بەرنامەکەیان گۆڕیوە ناوەکەشیان گۆڕیوە.

ئارەش لورستانی: بابەتێکی دیکەی بەرباس، ئەوەیە کە مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی حیزب، واتە نیو سەدەی تەمەنی حیزبی دیموکرات، مێژووی جیابوونەوە و لەتبوون بووە، ئێوە چ دەفەرموون؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: ئەمن پێمایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ لیکدابران شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدریێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەک ئەو وەختەش کە لێک دابراون لە حاڵاتی زۆر ئێستساییدا نەبێ ئەوانەی لێک دابراون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکان‌دا تێکۆشاون، وا نابووە لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەڕێ زۆر جار مونتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و ئازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، بەڵێ کۆمەڵ بەڕێوە بەرێ، بەڵام هەر بۆ ئەوە دروست نەبووە، دەلیلەکەشی هەر ئەوەیە کە لە ٧٠ ساڵ وەکوو گوتم ئەگەر زۆری حیساب بکەین ٤ ساڵ بەشێک لە وڵاتی ئیدارە کردوە بەڵام ٦٦ ساڵ خەباتی نهێنی و خەباتی سەخت و خەباتی چەکدارانە و شێوەکانی دیکەی خەباتی بەڕێوە بردوە.

ئارەش لورستانی: ئەگەر پێمان وابێ حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە؛ کەواتە چالاکیی ئەو حیزبە تووشی ئیدارەگەرایی و جۆرە وشکییەکی تایبەت دەبێ و یان بووە، لە ئاکامدا ناتوانێ خۆی دەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینە بگونجێنێ، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە وەک خۆی وەرگرین، ئێوەش لەسەر ئەو بڕوایەن، یان نا، ئەو حیزبە تا ئەو کاتەی کۆماری کوردستان دەڕووخێ بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستییەکان ئەم پێکهاتەیە وەردەگرێ؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: پێمایە لە جوابی پرسیارەکەی دیکەشدا بە جۆرێک لە جۆران ئەوەم گوت حیزبی دیموکرات ناکرێ بڵێین بۆ ئەوە دامەزراوە، هەر ئێستا تەمەشا بکەین ئەو بەرنامە ئیدارییە کە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دیموکراتدا هەیە، هەمووی بۆ هەلومەرجێکە مەعلوم نییە کەنگێ دێتە دی، یانی بەرنامەیەکە کە حیزبی دیموکرات دەیهەوێ پاش ئەوەی تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەو لە کۆمەڵدا پیادە بکرێ، لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر ورد تەماشا بکەین بەرنامەی حیزبی دیموکرات بە هیچ جۆر ئەو ئیدارەیەی نەداوە بە حیزبی دیموکرات، داوێتی بە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێشنیاری بۆ ئەوە هەیە، ئەوجار دەبینین کە ئەو حیزبە لە بواری جۆراوجۆردا خەباتی کردوەو خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەمن پێمایە تەشکیلاتی‌دا، لە بواری دیپلۆماسی‌دا، لە بواری تەبلیغاتی‌و فەرهەنگی‌دا، لە بواری دیپلۆماسی‌و سیاسی‌دا کەمتر لە بواری ئیدارەی کۆمەڵ چالاک نەبووە ، چونکی لە بواری ئیدارەی کۆمەڵدا عوزری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئیمکاناتی کەم بوو، دەرفەتی کەم بوو، ئەگینا زۆری ئیشکالات هەبوو. ئەو حاکمیەتە خۆماڵییە خۆشەویستە، دەنا پڕ بوو لە ئیشکالات و لە کەموکوڕی.

ئارەش لورستانی: بابەتێکی دیکەی بەرباس، ئەوەیە کە مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی حیزب، واتە نیو سەدەی تەمەنی حیزبی دیموکرات، مێژووی جیابوونەوە و لەتبوون بووە، ئێوە چ دەفەرموون؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: ئەمن پێمایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ لیکدابران شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدریێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەک ئەو وەختەش کە لێک دابراون لە حاڵاتی زۆر ئێستساییدا نەبێ ئەوانەی لێک دابراون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکان‌دا تێکۆشاون، وا نابووە لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەڕێ زۆر جار مونتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و ئازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، هەرسیکیان نوێنەریشیان لە پارلەماندا هەیە، لە وڵاتێکی دیموکرات‌دا حیزبێکی دیموکرات ئێنشعابی تێدەکەوێ، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە یەکێک لە کۆنگرەکانی‌دا (ئێستا ڕەقەمەکەیم لەبیر نیە) لە سەرحەدی لەتبوون گەڕایەوە، پێشنهادێک کرا کە بین سازشێک بکەن و سازشیان کرد، شتی ئاوا هەر دەبێ کەوابێ ئەمە وانیە، بە باوەڕی من ئەگەر گلەییەکی گەورە بە ڕێبەران و هەڵسوڕێنەرانی حیزبی دیموکرات وارید بێ ئەوەیە کە پێمایە ئەو دابران و لیکدابرانەش لەسەر ئەوەی پەیدا دەبێ کە زەرفیەتی پێکەوە هەڵکردن و بەرەو پێشبردنی بیرو باوەڕە جیاوازەکانیان زەعیفە، دەنا باشە حیزب بەوە پێش دەکەوێ کە بیر و باوەڕو بۆچوونی جودا جودای تیدابێ. دەنا ئەگەر بە قەولی یەکێک لە ئەمران ئەگەر کەسێک گوتی قوو هەموو بڵێن قووقوو ئەوە حیزب نیە، چونکی لە حاڵەتێکی وا دا یان یەک کەس شت دەزانێ و ئەوانی دیکە هیچ نازانن، یان یەک نەفەر دەسەڵاتی هەیە و ئەوانی دیکە ناچارن پەیڕەوی بکەن، حیزبێکی وا حیزبێکی باش نیە، بەڵام ئەوە کە ناتوانن جیاوازیی بیرو باوەڕەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەرنە پێش، ئەوە ئێنقلابێکی بەجێیە کە بە هەموو حیزبێک بەتایبەتی بە ئەحزابی کوردی واریدە.

ئارەش لورستانی: حیزبی دیموکراتی بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕەوتی جیابوونەوەکان دوای دکتور قاسملوو دەست پێدەکا، ڕای ئێوە چییە؟ هەروەها بە بڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەو کێشە و ناکۆکییانە چ بووە؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: ڕەنگە ئەو تاریخی لیکدابران لە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا بەداخەوە لە ٥٠ ساڵیش کونتر بێ ، کونتر لەو دەورانەش بێ کە دوکتور قاسملوو تیدا شەهید بووە، دوکتور قاسملوو ئەو ساڵ ٢٦مین ساڵی شەهیدبوونی مەسەلەن هەر ئێستا ئەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵە حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو بۆتە دوو حیزب، دوو حیزب بە تەواوی مەعنا، باشە لەسەر چ پارەیەک؟ لەسەر چ مەقامێک؟ ئرمن جارێکی دیکە ئەو عیبارەتە بەکار دێنمەوە، «بە هەر دوو حیزبەکان‌دا دوو میتر خاکمان نیە کە یەکیکمانی تیدا بنێژرێ»، بێجگە لەوەی ئیمتیازاتی ماددییشمان نیە. کەوابێ کورسیی چی و گەزێ چی و جاوی چی؟ پاشانیش دەبینین کە لەتبوونی ئەحزاب نە تایبەت بە حیزبی دیموکراتە، نە تایبەتی کوردی ئێرانە، نە مەخسووسی ئێرانییانە نە مەخسووسی کوردە، لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی دنیادا حیزبەکان لەتبوونیان تێدەکەوێ، مەسەلەن ئەمن نەمدەزانی بڕادەری خۆمان کاک مستەفای شەڕاماشی بۆی باس کردم گوتی لە هولەندە سێ حیزبی دیموکراتی هولەندمان هەن، هەر ئێستا بوو، بەڵام ئێنشعابێک کە دوای دوکتور قاسملوو بووە یەکەمانەیە، لە دەورانی دوکتور قاسملوودا هەر لە قوناغی تازەی خەبات دا پاش ئینقلاب حیزب دوو ئێنشیعابی تێکەوتوون. لە کۆنگرەی ٤ و کۆنگرەی ٨، لە پێش ئەو وەختێش چەند ئینشعابێک ڕوویان داوە، تەنانەت ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧یش کە یەکێک لە لایەڕە زێڕینەکانی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانە نەتیجەی ئینشیعابێک بوو، کومیتەی ناوەندی موخالیفی بوو، بەشێک لە کادرەکانی حیزب دەگەڵ ئەو حەرەکەتە بوون و ئەو حەرەکەتەیان ئیدارە کرد کە تەنیا دوو یان سێ کەسیان لە کومیتەی ناوەندی بوون، ئەوانی دیکە هیچیان لە کومیتەی ناوەندی نەبوون، بەو حیسابە ئەمە وا نییە کە ئەو ئینشیعاباتە کە ٥٠ ساڵ لەوە پێش دروست بوون و ئەو ٥٠ ساڵە هەمووی ئەوەیە یان دوای دوکتور قاسملوویە، بەڵێ دوکتور قاسملوومان هەبوو، لە حەیاتی دوکتور قاسملوودا لە هەموویان دا ڕەنگە بەقەدەر یەک حوزووری نەبووبێ، بەڵام لەو حەیاتەی دا لانیکەم ٥ ئینشعابمان بووە، یەکێکیان هەر تەقسیمی حیزبی دیموکرات بووە، چەپ و ڕاست لە نێو خۆی‌دا، کە وای لێهاتوە مەسەلەن یەکێکی وەک دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو ئینشعابە لە عیراق وەدەر دەنرێ، یەکیان سەرهەڵدانی شتێک بوو بەناوی کومیتەی ساخکەرەوە، یەکێکیان کومیتەی ئینقلابی. تەنانەت یەکێکی دیکەیان کە کەم ناوی دەبرێ پێکهاتنی «حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی کاتی»، یان بڵێین «قیادەی مووەقووەت» ئەوە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە حیزبی دیموکراتدا پەیدا بوو، ڕاستە کەم بوون، بەڵام جەریان بوون. کەوابێ مەسەلەکە وانیە دەلایلەکەشی وەکوو عەرزم کردی ڕەنگە زۆر شت بێ بەڵام لە دیدگای منەوە یەک شت زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لەنێو میللەتی خۆمان دا نیین، ڕێبەری حیزبی دیموکرات و بەداخەوە حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردی خورهەڵات و تەنانەت هەموو ئێرانیش لە دەرەوەی وڵاتن، نە دەرد و مەرگی خەڵکەکەی بە شێنوەی محسووس دەبینن، نە فشاری خەڵکیان لەسەرە، ئەمن بۆیە باسی فشاری خەڵک دەکەم چونکی هێندێک دەلیلم هەیە؛ ساڵی ١٣٥٨ شەڕی ناسراو بە شەڕی ٣ مانگەمان بەسەردا تەحمیل بوو، بەدوای شەڕەکەدا شتێک بەناوی هەیئەتی نمایەندەگی خەلقی کورد یان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دروست بوو، بەڕاستی دەبێ ئیعتراف بکەم فشاری بژاردەکانی کومەڵی کوردەواری بوو ئەوەی دروست کرد، هاتن سواری سەری ڕێبەران بوون دەبێ ڕێککەون و پێکەوە کار بکەن، ئەوە بوو کە ئەو هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردە لە چوار جەریان، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و چریکی فیدائی لقی کوردستانیان دیارە، دەگەڵ مەرحوومی مامۆستا شێخ عیزەدین دروست بوو، کەوابێ نەبوون لە نێوخۆدا مەجالیکی زیاتر دەخوڵقێنێ بۆ ئەو جۆرە شتانە، یانی بێکاریی تیدا، ئەوعێک بێکاریی تیدایە، مەسەلەیەکی مەشهوورییش هەیە کە دەڵی دەستی بەتاڵ کارگەی شەیتانە.

ئارەش لورستانی: وەک دواییین پرسیار، دەگوترێ سەد بڕیا حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وێڕا یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان ئێستادا چییان پێدەکرێ کە ئەمڕۆ وەک دوو حیزبی جیا ناتوانن بیکەن؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: لە نێو کوردەواری‌دا شتێک هەیە دەڵێن دارێ بڕیایان بۆ کەس بەرێ نەگرتوە، بڕیا وا بایە، خوزگە وا بایە دەرێک دەرمان ناکا و بۆ کەس نابێتە نان و ئاو، ئەوە کە زەمینە موساعیدە یان موساعید نیە جوابەکەی مەعلوومە، ئەگەر زەمینەی موساعید هەبایە ئەو جێژنەیان پێکەوە دەگرت، بەڵام ئەوە کە داخوا ئەگەر ئەو دوو حیزبە بێن بە یەک حیزب چ دەکا کە ئەمڕۆ ناتوانێ بیکا، بە باوەڕی من شتێکی فەوقولعادە ناتوانێ بکا، بەڵام تەئسیرێکی یەکجار زۆری بەتایبەتی لەباری ڕەوانییەوە لەسەر خەڵک و لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دەبێ، ئیعتباری ئەو حیزبەی کە دروست دەبێ پتر دەباتە سەرێ، خەڵک بە ئایندە خۆشبینتر دەبێ، بەڵام خۆ بۆ ئەوە پێویست ناکا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان حەتمەن یەکبگرنەوە، ئەمن پێم وایە بە قەولی فارسی ڕێگەی دوعامان ون کردوە، دەنا خۆ ئێستا ئیدی لە سەحنەی سیاسی کوردستانی ئێران‌دا تەنیا ئەو دوو حیزبە نین، ڕیکخراوی دیکەش هەن. یەکێک زیاترە، یەکێک کەمترە موناقشەی ئەوە ناکەین. بەڵام دەبێ بە هەمووانمان ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانمان وەکوو حیزبی سیاسی بە هەمووانمان جێبەجێ بکەین، ئەوە تەنیا ڕیگەیە و هاسانترین ڕیگە و عەملیترین ڕیگەش ئەوەیە کە بێینە سەر موشتەرەکات، پێک بێین و پێکەوە کاری هاوبەش بکەین، ئەگینا پەیداگرتن لەسەر ئەوەی حەتمەن دەبێ کومەڵەکان بێن بە یەک، حەتمەن دەبێ دیموکراتەکان بێن بە یەک بە باوەڕی من نامانگەیەنێتە جێیەک، چونکە بەداخەوە ئەزموونێکی ٨-٩-١٠ ساڵە ئەوەمان پێ دەڵێ تەنانەت بە نیسبەت کۆمەڵەوە ئەزموونێکی ١٥ ساڵەش، چونکی ئەوان ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی یەکەم جار ئینشعابیان تێکەوت، بەو پێیە پێمایە یەکگرتنەکە حەتمەن تەئسیری هەیە، ئیعتباری حیزبەکەی دەباتە سەرێ، بەڵام بەڵێ گورینی ئەوەیە کە کار و تێکۆشان‌دا لە حوزووردا تەنیا بە بوونەوە یەکی دوو حیزب یان بوونەیەکی سێ حیزب ڕوو نادا، زۆر ئالۆگۆڕی دیکە لە دەوروبەرمان هەن کە تەئسیری ئیمەیان کەمتر لەسەرە، لە خارجی ئیرادەی ئیمە ڕوو دەدەن یان ڕوویان داوە، ئەوانەش دەتوانن کاریگەر بن، ئەمن لەبارەی جەبهەشەوە زۆر جار دەڵێم ئێستا سبەینی جەبهە پێک بێ دووسبەی لە ئێران هیچ ناگۆڕێ، بەڵام جەبهە ڕووحیەیەک و هومێدێک دەدا بە خەڵکی، ئەوەی نابێ بە کەم بگرین.

ئەوە کە داخوا ئەگەر ئەو دوو حیزبە بێن بە یەک حیزب چ دەکا کە ئەمڕۆ ناتوانێ بیکا، بە باوەڕی من شتێکی فەوقولعادە ناتوانێ بکا، بەڵام تەئسیرێکی یەکجار زۆری بەتایبەتی لەباری ڕەوانییەوە لەسەر خەڵک و لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دەبێ، ئیعتباری ئەو حیزبەی کە دروست دەبێ پتر دەباتە سەرێ، خەڵک بە ئایندە خۆشبینتر دەبێ

ئەمن پێمایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ ئینشعاب و لێکدابڕان شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدرێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەکی دیکەشەوە لە حاڵاتی زۆر ئێستسنایی‌دا نەبێ ئەوانەی لێک دابڕاون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکانی تێکۆشانی‌دا بووە، وا نابووە کە ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەڕێ زۆر جار مونتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و ئازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، بەڵام ئەوە کە بۆچی ئەوەی گۆڕا ڕەنگە دەلایلی زۆری هەبێ، بەڵام دەلیلێک کە ئەمن دەتوانم لێرەدا بیهێنمەوە ئەوەیە کە کۆمەڵەی «ژ-ک» وەکوو ڕێکخراوێکی سیرفە ناسیۆنالیستی پێکهاتبوو، مەسەلەن لە بەشێک لە بەرنامەکان‌دا دەڵێ: کۆمەڵەی «ژ-ک» لە باری فلانەوە ئەوەیە، لەباری دیمەوە ئیسلامە، دەی حیزبی جامیعەیەک کە ئیسلامی تیدایە، مەسیحیی تیدایە، یارسانی تیدایە، شیعەی تیدایە، سوننیی تیدایە، جوولەکەی تیدایە چۆن دەبێتە حیزبێک کە بۆ بەشێکی کار دەکا، لای دیکە ڕەنگە پێمان خۆش نەبێ کە ئەو دروشمە ستراتیژییەمان هێناوەتە خواری، کۆمەڵەی «ژ-ک» هەر وەکوو ڕێکخراوەکانی پێش خۆشی، وەکوو خۆیبوون و وەکوو هیوا، داوای کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەرنامەدارپێژانی حیزبی دیموکرات بەو نەتیجەیە گەیشتن کە لە هەلومەرجی ئەو وەختی‌دا (و بەداخەوە تا ئێستاش هەر ڕاستە) وەدیهێنانی ئەو شوعارە زۆر ناواقعییە، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تیدا دەژی پتر ڕێی تێدەچێ، پتر بە گەرووی کۆمەڵگای نیونەتەوەییدا دەچێ و دەتوانێ دۆست و تەرەفداری پتر بێ بۆیە بەرنامەکەیان گۆڕی، لە پاشان ئەو بەرنامەیە کراوەیە بەرووی هەموو چین و تۆیژەکان‌دا، کراوەیە بەرووی ئێرانییەکان‌دا، کراوەیە بەرووی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا، تەنانەت بەرووی دنیای دەرەوەدا، ئەوە دەگەڵ ئایۆک کە سیرفەن تەئکید لەسەر کوردایەتی دەکا، تەنانەت کوردستانیشی تیدانییە، ئەوە ناخوێنێتەوە بۆیە ناوی دیموکراتیان لە جێگەی کۆمەڵەی «ژ-ک» دانا. هەرچەند دیارە ئێستاش دوو نەزەر هەیە کە ئایا «ژ-ک» کورت‌کراوەی ژیانەوەی کوردە یان ژیانەوەی کوردستانە، بەڵام بە هەرحال ئەو ناوە دەگەڵ ئەو نیوەڕۆکە زۆر سازگار نابووە، بۆیە کە بەرنامەکەیان گۆڕیوە ناوەکەشیان گۆڕیوە.

ئارەش لورستانی: بابەتێکی دیکەی بەرباس، ئەوەیە کە مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی حیزب، واتە نیو سەدەی تەمەنی حیزبی دیموکرات، مێژووی جیابوونەوە و لەتبوون بووە، ئێوە چ دەفەرموون؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: ئەمن پێمایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ لیکدابران شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدرێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەکی دیکەشەوە لە حاڵاتی زۆر ئێستسنایی‌دا نەبێ ئەوانەی لێک دابڕاون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکانی تێکۆشانی‌دا بووە، وا نابووە کە ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەڕێ زۆر جار مونتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و ئازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، هەرسیکیان نوێنەریشیان لە پارلەماندا هەیە، لە وڵاتێکی دیموکرات‌دا حیزبێکی دیموکرات ئێنشعابی تێدەکەوێ، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە یەکێک لە کۆنگرەکانی‌دا (ئێستا ڕەقەمەکەیم لەبیر نیە) لە سەرحەدی لەتبوون گەڕایەوە، پێشنهادێک کرا کە بین سازشێک بکەن و سازشیان کرد، شتی ئاوا هەر دەبێ کەوابێ ئەمە وانیە، بە باوەڕی من ئەگەر گلەییەکی گەورە بە ڕێبەران و هەڵسوڕێنەرانی حیزبی دیموکرات وارید بێ ئەوەیە کە پێمایە ئەو دابران و لیکدابرانەش لەسەر ئەوەی پەیدا دەبێ کە زەرفیەتی پێکەوە هەڵکردن و بەرەو پێشبردنی بیرو باوەڕە جیاوازەکانیان زەعیفە، دەنا باشە حیزب بەوە پێش دەکەوێ کە بیر و باوەڕو بۆچوونی جودا جودای تیدابێ. دەنا ئەگەر بە قەولی یەکێک لە ئەمران ئەگەر کەسێک گوتی قوو هەموو بڵێن قووقوو ئەوە حیزب نیە، چونکی لە حاڵەتێکی وا دا یان یەک کەس شت دەزانێ و ئەوانی دیکە هیچ نازانن، یان یەک نەفەر دەسەڵاتی هەیە و ئەوانی دیکە ناچارن پەیڕەوی بکەن، حیزبێکی وا حیزبێکی باش نیە، بەڵام ئەوە کە ناتوانن جیاوازیی بیرو باوەڕەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەرنە پێش، ئەوە ئێنقلابێکی بەجێیە کە بە هەموو حیزبێک بەتایبەتی بە ئەحزابی کوردی واریدە.**

ئارەش لورستانی: حیزبی دیموکراتی بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕەوتی جیابوونەوەکان دوای دکتور قاسملوو دەست پێدەکا، ڕای ئێوە چییە؟ هەروەها بە بڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەو کێشە و ناکۆکییانە چ بووە؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە: ڕەنگە ئەو تاریخی لیکدابران لە حیزب

کوردستان
ژمارە: ٦٦٢ • رۆژنامەی

دریژەی: بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حزیبی دیموکراتی کوردستان‌دا

هەموو هەوڵ و تیکۆشانێکی خۆمان دا، گەشبین و خۆشبین بوویین، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە تیکۆشاین کە لە بەرەبەرەی یادی ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، موژدە و پەیامی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیش بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابگەیەنین. ئەگەر لەو بوارەدا سەرەڕای ئیحساسی مەسئولیەتێکی زۆر و خەمخۆری ئێمە و بە پەرۆشبوون بۆ داهاتووی ئەو قەزیە تا ئێستا سەرکەوتنێکمان وەدەست نەهێناوە، بەڵام دیسان ئێمە بە هیوا و هومێدەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین و تێدەکۆشین لە داهاتوودا یارێدەدەری یەکریزی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین، وە پەیامی یەکریزی بکەینە ڕێکخراوەیەکی واحید کە لە داهاتوودا بتوانی ئەو مەسئولییەتە بەرێتەپێش.

هەڵومەرجی هەستیار لەباشووری کوردستان و پەیامی ئێمە

.... لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بە هەڵومەرجێکی زۆر حەساسی باشووری کوردستان بکەین. ئەو دەسکەوتە کە لە باشووری کوردستان هەیە، ڕێک حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، چۆن کۆمار بوو بە قیبلەگای هیوا و هومێدی هەموو پارچەکان و بەرەو ئەوە دەچوو نموونەی حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنی و لە ئیدامەی خۆیدا دەسکەوتی زۆری بەدوادا بێ، حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات، هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان، دەقیقەن لەو مەوقعییەتەدایە. سەرکەوتنی ئەو دەسکەوتە لە باشووری کوردستان نەتەنیا دەسکەوتێکی گەورەیە، جێگای هیوا و هومێدە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، بگرە لە نەوعی خۆی و لە ئیدامەی خۆیدا دەتوانێ کاری گەورە بکا، کە لە پرۆژەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەو جێی پەیوەندی بە سەرکەوتنی کورد هەیە، بۆ جارێکی دیکە هەرگیز لە پەراوێز نەخستریتەوە. ئێمە بە دەرک کردنی ئەو وەزعییەتە حەساسەی کە لە باشووری کوردستان هاتوتەپێشێ، تەنیا داوامان ئەوەیە حیزبەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، با لە گیانی خۆیان مایە دانەنێن، بەڵام تەنازول بۆ یەک بکەن، بۆوەی ئەو هەڵومەرجەی لە باشووری کوردستان هاتوتەگۆڕێ، لەدەست نەچێ. چاوەڕانی ئێمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە ئەو پەیامە وا وەربگیرێ کە ئێمەش بەقەرای ئێوە لە باشووری کوردستان هیوا و هومێدمان پێی هەیە. بۆیە خوای نەخواستە زەرەر و زیان گەیاندن بەو دەسکەوتە، خەڵکی باشووری کوردستان و خەڵکی پارچەکانی دیکەش وا بە ئاسانی نایانبەخشێ. خەڵک فیداکاری کردوە تا ئەو فورسەتەی دروست کردووە. بۆیە ئەرکی ئێمە ڕێبەرانی سیاسی و کاربەدەستانی سیاسیی و موسئولینە بە ئاوڕدانەوەیەک بەو هەموو فیداکارییە بە بەرچاوڕوونییەکی مەسئولانە، داهاتووی باشووری کوردستان دروست بکەن کە ئێمەش ئەو ئینتزارەمان هەیە.

پەیامی سیاسیی حیزبی دیموکرات بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیامی سیاسیی ئێمە بۆ خەڵک لەنێوخۆی وڵات دەقاوەدق ئەو پەیامە سیاسییەی پێشەوای حیزبی دێموکرات و ڕەئیس جەمهووری کوردستانە کە ئێمە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو جێ‌خستنی مافەکانی خۆمان، لە هەموو بوارەکانی خەبات، لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشان کەڵک وەردەگرین. هەموو فورسەتەکانی دەقوزێنەوە، خەباتی ئێمە خەباتێکی فرەڕەهەندییە، کۆماری ئیسلامی ئێمەی مەجبوور بە شەڕ کرد و شەڕی بەسەر ئێمەدا تەحمیل کردو پێشەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بە قارەمانێی خۆیان دیفاعیان لە کوردستان کرد بەڵام مەیدانی خەبات و جێبەجێکردن و جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەربەرینە، هەموو تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانن باشترین ڕێز لە حیزبی دێموکرات بگرن و باشترین ڕێز لەپێشەوا قازی محەمەد بگرن، ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکانی خەبات لەنێوخۆی وڵات بێتەفاوەت نەبن. ئێمە خەبات و چالاکیی فەعالینی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات بەرز دەنرخێنین، بۆ هەموی ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی جۆراوجۆری فەرهەنگی، ئەدەبی، قانوونی، پاراستنی ژینگەی کوردستان، دیفاع لە خاکی کوردستان، لە ڕێوڕەسمەکانی نەوروز، لە هەموو مەیدانان، لە دانیشگاکان، لە هەر شوێنێک کە بۆیان دەکرێ، دیفاع لە خواست و ویستی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، پشتوانیان لێ دەکەین. جێگای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات هەر ئەوەیە و خەڵکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەنێوخۆی وڵاتە. زۆرن ئەو سەبازە وناناەی کە نێویان دیار نیە و لە مەیدانەکانی جۆراوجۆردا بۆ حیزبی دێموکرات کار و خەباتیان کردوە، ئێستا ناتوانن لێرە بن و ناتوانن لە ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕێزیان لێ بگرین، ئەوانە زۆرن. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە موکریان بوون، دواتر لە خوارەوەتر بوون. وە دوای ئینقلابی ئێران زۆرن ئەوانەی کە لە ئوستانی ئیلام، بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیان، دەیانەوێ پردی ئێستا لەگەڵ ڕابردووی جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد و لەگەڵ بیرۆکەکەی قازی محەمەد و دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەقووەت بکەن. زۆرن ئەوانە لە ئوستانی کرماشان کە بە هەست و ئیحساسی نەتەوایەتی خۆیان، بە ئاوڕدانەوە بە مێژوو و خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئێستا پێشەنگن لەو بوارەدا، زۆرن ئەوانەی لە هەموو ئوستانەکانی کوردستان بە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، لە دەرەوەی کوردستانی ئێران لە بەشەکانی دیکە ئاوڕ وە ڕابردووی حیزبی دێموکرات و حەفتاساڵە و هەروەها یادی پێشەوا قازی محەمەد دەدەنەوە، جێگای خۆشبینی و گەشبینین بۆ داهاتووی ئێمە و بۆ داهاتووی کوردستان. بۆیە حیزبێک کە لە نێو ئەو میللەتەدا دامەزرا بێ و تنوعاتی کۆمەڵگەی کوردستان بە ژن و پیاو و بە هەموو چین و تویژەکان دروستیان کردبێ دڵنیام نەتەنیا حەفتا ساڵ بگرە چەندین حەفتا ساڵی دیکە ئەگەر لە خەبات و تێکۆشان دابێ، بەردەوام دەبێ و هەرگیز کۆڵ نادا. بۆیەش کۆڵ نادا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوون و لەمەوبەدواش دڵنیاین پەیامی سیاسیی حیزبی دێموکرات، لەنێوخۆی وڵاتدا بە قووەت و بەهێزتر دەکەن.

لەپێوەندیی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە و دەسەڵاتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

.... ڕێگاچارەی کێشەی کورد لە تورکیا تەنیا بە موزاکرە و گفتوگۆ و خەباتی مەدەنی و کاری سیاسی و فەعالییەتی سیاسی دەزانین. حیزبی ئێمە هەمیشە بە پەرۆشەوە و بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە هەوڵی داوە تێبکۆشێ، پەیامی خۆی بەو کەسانە لە تورکیە بگەیەنێ کە لایەنگری ئەو بیرۆکەن و بە کۆمەڵگەی کوردی تورکیەش بگەیەنێ کە ئەو فورسەتەی ئێستا هەڵکەوتووە، لەدەستی نەدەن. زۆری کێشا، دەیان ساڵ قوربانی و فیداکاری و زیندان و خەبات و تێکۆشان، تا ئەو فورسەتە هەڵکەوت و کورد و تورک بەوە گەیشتن کێشەکەیان لە ڕێگەی موزاکرە و گفتوگۆ چارەسەر بکەن. هیوادارین لایەنەکان بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بەرخورد بکەن و ڕێگا نەدەن ئەو فورسەتەی هەڵکەوتووە، تێک بچێ و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر خاڵی سیفر.

لەپێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەو دەسکەوتەی کە لەوێ هەیە و کورد توانیویەتی خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆی بێ، زەمانێک ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ لە ئیدامەی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، هەمووی کۆمەڵگەی کوردی سوورییە بە ئی خۆی بزانێ، هەموو تنوعات حیزبی و سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە بەیەکەوە لە ئیدارەی وڵاتدا بن. هیوادارم هەموو لایەک لەسەر وڵاتانی ئەقلییەتی ئینکار و نادیدەگرتنی لایەنەکانی دیکە زەمینە خۆش کەن بۆ موشارەکەت و ئەو موشارەکەتەش بتوانی هیوایەکی زۆرتر بدا بە قەزیەی کورد بە گشتی.

حیزبی دیموکرات و ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی

لە پێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە حیزبی دێموکرات چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێ، کارنامەی حیزبی دێموکرات هەمیشە ئەوە بووە دۆست بۆ خۆی زیاد بکا، دوژمن کەم کاتەوە، هەتا ئێمە لەنێو ئێرانییە غەیرە کوردەکاندا بە هەموو بیروبۆچوونێکی جیاواز کە هەیانە، دۆست بۆ خۆمان زیاتر بکەین، مەجالی زۆرتر دروست دەکەین کە لە قەزیەی ئێمە حاڵی بن و بەم جۆرە قەزیەی ئێمە بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا پتر ڕەنگ بداتەوە. ئێستاش ئێمە تێدەکۆشین لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوانەی کە بە جۆرێک قەزیەی ئێمە قەبووڵ دەکەن، ئێعتراف بە مەسەلەی کورد دەکەن، تێدەکۆشین ئەو تنوعاتە لە شوێنێکدا یەک بگرین کە ئاڵتەرناتیوێکی موناسیب دروست بێ بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران کە تێیدا بە هیچ جۆر فاکتۆری کوردی نە تەنیا ئینکار نەکرێ، بەڵکە بەشێک لە چارەسەرییەکە بێ.

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیامی سیاسیی ئێمە بۆ خەڵک لەنێوخۆی وڵات دەقاوەدق ئەو پەیامە سیاسییەی پێشەوای حیزبی دێموکرات و ڕەئیس جەمهووری کوردستانە

لەپێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەبێ بڵێم بەداخەوە تا ئێستا ئێمە بە نەتیجەیەک نەگەیشتووین، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشبینم و ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە خۆشبینییەوە چاو لە داهاتوو دەکەین. ئەوەی کە تا ئێستا بەوە نەگەیشتووین بەرەیەک یام جۆرێک کۆدەنگی و لێک حاڵیبوون لەگەڵ یەک دروست بکەین، بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە بە خەتی کۆتایی گەیشتووین. بۆیە بۆ جارێکی دیکە ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر پرسی هاوبەش، لەسەر دروستکردنی گوفتمانێکی واحید، یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکەین و ئەوە بە قووەت بکەین. ...

لە کۆتایی دا هیوادارم هەموو لایەکمان کۆمەک بە لێک حاڵیبوون و تەبایی و یەکریزی بکەین. بۆ جارێکی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئێوە پیرۆز دەکەم و بە حورمەت و ئێحترامەوە یادی پێشەوا قازی محەمەد یەکەم ڕەئیس جەمهوری کوردستان و هەموو تێکۆشەران و فیداکارانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵدا دەکەین. هەموو لایەکتان سەرکەوتوو بن ، شەکاوە بێ ئالای کوردستان ، بژی کورد و کوردستان.

ڕۆژەڤی ئێران

مەجلیس و «بەرجام»

حەسەن شێخانی

هەنووکە ئەو باسە لە ئێران لە ئارا دایە کە ئایا بەرجام (ڕێککەوتنی ڤیەن) دەبێ وەک پرۆژەیاسا بدرێتە مەجلیس و لەوێ تاووتوێ بکرێ؟ یان پەروەندەی ناوکی لە بازنەی دەسەڵاتەکانی شوڕای ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بووە و هەر بڕیارێک کە ئەو بنیاتە بیدا، لەلایەن هەموو دامودەزگاکانی دیکەوە دەبێ پێڕەوی لێ بکرێ؟ ئەو باسانە چەند لایەنی حقووقی، سیاسی-جیناحی هەیە و بەشێکیش لەو ڕوانگەوە دێتە نێو ئەو باسە، کە ئایا لە بەڕژەوەندیی ئێران دایە کە بەرجام لە مەجلیس پەسند بکرێ(یان ڕەد بکرێتەوە)؟

لێرەشدا وەک زۆر شتی دیکە دوالیزمێک بەرچاو دەکەوێ. دەوڵەت و هەوادارانی، بە زۆری دەڵێن کە بەرجام پێویستی بە پەسندی مەجلیس نییە و تەنیا وەک ڕاپۆرت دراوە بە مەجلیس؛ بۆ ئەوەی کە تاووتوێی بکا و ئاگاداری هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی بەرجام بێ. بەشێکی زۆری ئوسوولگەراکان، بە تایبەت ڕەوتی ڕاستیی توندئاژۆ، پێداگریی لە سەر ئەوە دەکەن کە بەرجام دەبێ وەک پرۆژەیاسا بدرێ بە مەجلیس و تەنیا دوای پەسندی مەجلیس، جێبەجێ کردنەکەی یاسایی دەبێ. هەر کام لەو دوو گرووپە بۆچوونەکەیان پشتبەستوو بەو خوێندنەوە حقووقی و سیاسییەی دەکەن کە لە بەرجام دەیخەنە ڕوو.

دانوستانە ناوکییەکانی ئێران لە لایەن شوڕای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە سەرپەرەستی و مودیریەت کرا و لە چوارچێوەی سیاسەتی دارێژراوی ئەو بنیاتەدا ڕێککەوتن کرا. بۆ نموونە میکانیزم و چۆنیەتیی سەردانی ناوندە گوماناوییەکانی ئێران لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکییەوە، دوای پرس و ڕاوێژ بە بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و بە لە بەرچاوگرتنی توانای ئیمتیازگێریی ئێران قبووڵ کراوە. ئێستا ئەگەر شوڕای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بەرجام پەسند بکا، لە ڕاستیدا دانی بە عەمەلکردی خۆی داناوە. سەرەڕای ئەوەش مەجلیس پێش ڕێککەوتنەکە، لە دووتوێ پەسندکراوێک دا، بە چەشنێک تاووتوێ کردن و بڕیاردان لە سەر بەرجامی بە شوڕای ئاسایشی نەتەوەیی سپاردووە.

دەوڵەت دەڵێ بەرجام سەنەدێکی جێبەجێکاریە کە دوو لایەن بە شێوەیەکی دڵخوازانە بەڵێنییەکانیان جێبەجێ دەکەن. ئەگەر لایەنێک پێشێلی ڕێککەوتنی کرد لایەنەکەی دیکەش بۆی هەیە جێبەجێ کردنی بەڵێنییەکانی ڕاگرێ و بۆ پێش دۆخی ڕێککەوتن بگەڕێتەوە. ئێستدلالیان ئەوەیە کە ئەگەر بێتوو مەجلیس بەرجام پەسند بکا ئەمە ئێران بە شێوەیەکی حقووقی زیاتر پابەند دەکا و دەستی ئێران دەبەستێ و لە حاڵەت پێشێل کرانی ڕێککەوتنەکە لە لایەن ٥+١ەوە، ئازادیی کردەیی ئێران کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەش کام یەک لە وڵاتانی ٥+١، بەرجام وەک پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی سەیر دەکەن و ئەو دەقە دەبەنە پارلمانەکانیان و لەوێ پەسندی دەکەن، تا ئێران ئەو کارە بکا! وەفدی دانوستانکاری ئێران دەڵێن کە ئەگەر بەرجام وەک پرۆژەیاساش بدرێ بە مەجلیس، مەجلیس بۆی هەیە کە بە بەڵێ یان نەخێر دەنگ بە گشتییەتی ڕێککەوتنەکە بدا و ناتوانێ تەنانەت ویرگول یان ڕستەیەکی دەستکاری بکا، چونکە ئەوە ڕێککەوتنەکە لێک هەڵدەوەشێنێ. ئەمە لە حاڵێک دایە کە پرۆسەی تاووتوێ کردنی پرۆژەیاساکان لە مەجلیس دا بەو شێوەیە کە سەرەتا مەجلیس دەنگ بۆ گشتییەتی پرۆژەیاسایەک وەردەگرێ و دواتریش بڕگە بە بڕگەی قسەی لە سەردەکرێ و پەسند یان ڕەد دەکرێتەوە. لە پەسند کرانی پرۆژەیاساکان دا مەجلیس مافی دەستکاری کردنی هەیە.

لە بەرامبەر ئەو خوێندنەوانەی دەوڵەت و ڕەوتی نزیک لە دەوڵەت، بە تایبەت ڕاستیی توندئاژۆ دەڵێن کە مادام بەرجام کۆمەڵێک بەڵێنی و بەرتەسک کردنەوەی زۆر بە سەر ئێراندا دەسەپێنێ، بۆیە دەچێتە چوارچێوەی پەیماننامەیەکی نێونەتەوەییەوە و تەنیا دوای پەسندی مەجلیس، جێبەجێ کردنی یاسایی دەبێ. دیارە ئەو کەس یا لایەنانەی کە لە بنەڕەتدا دژی ڕێککەوتن بوون ئێستاش وازیان نەهێناوە و لە هەموو ڕێگەیەک بۆ بێ سەرەنجام هێشتنەوەی ڕێککەوتنەکە کەڵک وەردەگرن. واتە بەشێک لەو باسەی کە لەم پێوەندییەدا لە ئارا دایە دەچێتە چوارچێوەی پۆلیمیکی سیاسی و زیاتر بە جەدەلی سیاسی-جیناحی هەڵدەسەنگێنرێ.

خامنەیی هەتا ئێستا بە ڕاشکاوی ڕای خۆی سەبارەت بە بەرجام دەرنەبڕیوە. هەر ئەمەش ڕێگەی بۆ ئەو گەنگەشە سیاسی و حقووقییەی سەرەوە کردۆتەوە.

١)خامنەیی نایەوێ دڵخۆشیی خۆی لە بەرجام ڕابگەیەنێ چونکە لەوانەیە ئەمە وەک لاوازیی ئێران لێک بدرێتەوە. ئەو دەیەوێ نمایشی هێز بکا و وا بنوێنێ ئەگەر بەرجامیش جێبەجێ نەبێ، دنیا خراپ نابێ.

٢)ئەو قسەیەی خامنەیی کە مەعلوم نییە بەرجام لە ئێران و ئەمریکا پەسند یان ڕەد بکرێتەوە، چەشنێک مانۆڕی ئێرانە لە هەمبەر کونگرەی ئەمریکادا. دەنا ئێران لە بەرژەوەندیی خۆیدا نابینێ کە بێتە هۆی پێشێل کرانی ڕێککەوتنی ڤیەن.

٣)هەر وەک چۆن ئامرازەکانی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا لە کێشانی وڵاتانی ٥+١ بۆ سەر مێزی وتوێژ کاریگەریی هەبوو، ڕاگرتنی ئەو ئامرازانە لە جێبەجێکردنەکەشی دا بێ کاریگەر نییە. بەم هۆیەیە کە خامنەیی لە سەر دریژەدان بە سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا پێداگریی دەکا.

٤) خامنەیی بەرەنجامی کاریگەریی هێزە سیاسی و باندەکانی هێزە. لانی کەم لە گوتاری گشتی دا بە شێوەیەک قسە دەکا کە دەرەتانێک بۆ کێشمەکێشی ڕەوتە سیاسییەکان دێڵیتەوە. ئەو باس یان جەدەلە سیاسی و حقووقییەی سەبارەت بە پەسندکران یا نەکرانی بەرجام لە مەجلیس دا، لە ئارا دایە، دەکرێ بە چەشنێک یاریی سیاسی و مانۆڕی سیستمێش لە قەڵەم بدرێ، ئەگینا بریار دان لە سەر بەرجام نە لە مەجلیس، بەڵکوو لە ژێر چاوەدێری خامنەیی دا کراوە و دەکرێ.

حیزبی دێموکراٚت و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەی بە شوڕاکان

عومەر باڵەکی

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەری قووڵی بە دەسەڵاتداریەتی خەڵک هەبووە و هەموو کات داواکاری ئەوە بوو کە خەڵک دەبێ ئیدارەی وڵاتی خۆیان بکەن. ئەو باوەڕە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە شوعار وکار و کردەوەکانی حیزبی دێموکراٚت دارەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای دامەزران و کار کردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان و زەمینەخۆش کردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ شەرعیەتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوارۆژی کۆماری لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠هەزار کەسی لە خەڵک وەردەگری و خەڵک لەو کۆبوونەوەدا چاوەڕوانی خۆی لە حیزبی دیموکراٚت لە ٦ خاڵ دا گەڵاڵە دەکا و ڕووبەڕووی کومیتەی ناوەندی حیزب دەکاتەوە و ئیفتخار دەکا کە حیزب جێبەجێیان بکا و ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستمانە ئیشارەی پێ بکەین خاڵی ٢ی ئەو ڕاگەیاندراوەیە کە باس لە دامەزرانی مەجلیسی شورا دەکا و داوا دەکا بۆ ئەو مەبەستە بەستێنی هەڵبژادرن لە نێو کۆمەڵگادا لە لایەن حیزبەوە ئامادە بکرێ. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کەم بوو کە نەیتوانی ئەو هەل و بەستێنە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا لە نێو خەڵک دا بڕەخسێنێ.

دوای ڕووخانی کۆمار حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی دیکەی خەبات بەڵام قەت لەو باوەڕەی خۆی پاشگەز نەبۆوە و هەموو کات و پێ بە پێی خەبات بۆئازادی کاری بۆهاتنەدی ئەومەبەستەش کردووە و کاتێک ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە هۆی ڕووخانی نیزامی پاشایەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە و خەڵک بە لیشاو ڕوویان لە حیزب کرد و لە ڕوانگە و بیری خەڵک دا حیزب هەمان دەسەڵاتداری سەردەمی کۆمار بوو و چاوەڕوانیان لە حیزب بوو کە دەبێ بۆ بەڕێوەبەری وڵات جێگاو وەزیفەی دەسەڵات و حاکمیەت بگرێتەوە. بۆیە بۆ چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژانەی خۆیان، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوویان لە بنکەو دەفتەرو شوێنی کاری حیزب دەکرد و ئەوە ببووە هۆی ئەوە کە بەشێک لە وزە و توانای کادر و پێشمەرگەو ئەندامە چالاکەکانی حیزب لەخزمەت چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵک دابێ. ئەوە لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە چوار بەرووڕی ڕەنگی داوەتەوە ولەگەڵ ئەوەداوەک گرفت بۆکاری حیزب باسی دەکا، بەڵام بۆچارەسەری وگرینگیدان بەمەسەلەکە باس لە پێویستی دامەزراندنی شوراکان دەکا. «داوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، زۆربەی خەڵک بە تایبەتی خەڵکی گوندنشین بۆ چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژانەیان ڕوو لە ڕێکخراوەکانی حیزب دەکەن و ئەوە خۆی دەخەری باوەڕمەندبوونی خەڵک بە حیزبە و ئێمە دەبێ ڕێز بۆ ئەو باوەڕمەند بوونە دابنێین، بەڵام لایەنی خراپیشی بۆ تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەیە ئەویش ڕێکخراوەکانی حیزبی بوون بە جۆرێک لە ئیدارەی دەوڵەتی و لە ئاکام دا ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە ناتوانن چارەسەری گیر وگرفتی خەڵک بکەن چونکە ئیمکانات پێویستمان لە بەردەست دا نییە لەلایەکی دیکەوە لە بەڕێوەبردنی ئەرک و پێ سپێردەراوی حیزبی وە داوا دەکەن ...، بۆ چارەسەری دا ئیشارەی بە پێویستی بوونی شوراکان کردوە و دەنووسێ: «لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان کە هەموو مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستەوە پێ شێل کراوە و جگە لە داسەپاندنی شەڕی ماڵوێرانگەر، گەمارۆی ئابووری داخستنی ئیدارەکان و تەنانەت دەرمانگا و نەخۆشخانەو فێرگەکان، دەرەتانی ژینی لەگەڵی ئێمە بریوە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دامەزراندنی شوراکانی گەل بە کردوە خەڵکی کوردستان چارەنوسی خۆی بە دستەوە بگرێ و جارێکی تر بۆ گەلانی ئێران و جیهان دەری خا، کە ئازادیخواز، پێشکەوتوو، شۆڕشگێرە و دەتوانی لە ڕەشترین ڕۆژگاریشدا هەمووکەند وکوسپی ژیان لادا و بەسەر چارەنووسی خۆی دا ژال بێ»گەلەی شوراکان هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی ئارامی بە کوردستانی نەدا و حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە تاکتیکی شەڕیان گۆڕی و بەرە و قۆناغی پارتیزانی شەڕیان گواستەوە. بەڵام بەو حاڵەش شوراکان کارایی خۆیان هەر بوو ئەوەتا لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ بەو شێوەیە باس لە گرینگی شوراکان و پێویستی پێشتگیریان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەکا:

«لە ناوچە ئازاد کراوەکان، شوراکان هەر وا درێژە بە کارە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان دەدەن لە زۆربەی گوندەکانی نیوە ئازاد و تەنانەت لە هێندێک لە گوندە داگیرکەراوەکانیش، شورا هەڵبژێردەراوەکانی خەڵک هەر لە جێی خۆیانن و پشتگیری و بە هێزیکردنی شۆڕا هەڵبژێردەراوەکان بێ شک لە



داسەپاندنی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر کوردستان ئەو فورسەت و هەلەی نەدا کەهەر ئەوکات خەڵکی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لە ڕێگای شوراکانەوە کوردستان بەڕێوە بچێ

ئەو گرفتە دەبێ کارەکانی ڕۆژانە و ئابووری خەڵک بدرێتە دەستی شوراکان هەر بۆیە لە ئێستا دا پێک هێنانی شورا لە گوندەکان و شارەکانی کوردستان یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی سیاسی ئێمەیە.»

بە داخەوە داسەپاندنی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر کوردستان ئەو فورسەت و هەلەی نەدا کەهەر ئەوکات خەڵکی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لە ڕێگای شوراکانەوە کوردستان بەڕێوە بچێ. بەڵام دیسان حیزبی دێموکرات دەستی لەسەر دەست دانەناو لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی ١٣٦٠/٤/١٣ بریاری دا پێشنیار بکرێ هەتا ئاخری پاییزی ١٣٦٠ لە هەموو گوند و ناوچە و شاروشارستانی ڕزگارکراوی کوردستانی ئێران دا شوراکانی خەڵکی هەڵبژێردرێن و هەر بۆ ئەو مەبەستە گەلاڵەیەکی لە ژێر ناوی «گەلاڵەی شوراکان» پەسەند کرد و لە پێشەکی گەلاڵەکە لە سەرەتایەک و ٧ بەش و ٢٢ خاڵ پێک هاتووە کە باسی لە شتە گشتییەکان، مەرجەکان بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژێران، ڕادەی سەلاحیەت و ئەرکی شوراکان، داهات و دەرکەوتی شوراکان و هێزی ئیجرایی شوراکان دەکا.

دوای پەسەند کردنی ئەو گەلاڵەیە لەلایەن کومیتەی ناوەندی حیزبەوە لە زۆربەی گوند و ناوچەکانی لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کە بەناوچەی ئازادکراو ناودێر کرابوون هەڵبژادنی شوراکان بەڕێوە چووە بە کردەوە شوراکان کار و باری ڕۆژانە کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکیان گرتە دەست و بۆ کاری ئیجرایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان لە ئەختیار دا بوو هەتاپێک هێنانی هێزێک کە لە ئیختیاری شووراکان دابێ، لە تێبینی خاڵی ٢٢ لە بەشی حەوتەم گەلاڵەکە داهاتووە: «تا پێک هاتنی ئەو هێزە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر داخوازی شوراکان ئەو ئەرکە بە جێ دێنن.» بەڵام پێویستە گرینگەکانە لە لایەن حیزب و بە تایبەتی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، چونکە شوراکان کۆسپێکی گەورەن لە سەر ڕێگای حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی و هەم وەک پێگەیەک دێتە ئەژمار کە حیزبی ئێمە دەتوانی پشتیان پێ ببەستی.»

شک لەوە دا نییە ئەگەر شەڕی داسەپاو و دیکتاتۆری و ملهوری کۆماری ئیسلامی ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ حیزبی دێموکرات هێشتباوە، حیزبی دیموکرات هەروەکی بە کردەوە سەلماندبووی پشتی ئەو باوەڕەی خۆی دەگرت وسیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن شوراکانەوە دەکرد بە ئەمری واقع. بێگومان باوەڕ بە دەسەلاتی خەڵک و ڕێکخستنی گەلاڵە و یاسا و هەڵبژاردنی شوراکان دەسکەوتێکی بە نرخە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

لە ڕۆژهەلاتەوە...

«ئێمە چۆن بووین بە ئێمە»

خالید محەممەدزادە

لە ڕۆژهەلات کاتێ حیزبێک یا کەسێک بە خوی دەڵێ نەتەوەیی یا کوردستانی مەبەستی ئەوەیە بڵێ «من خەبات بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەم»و لە یەک ڕستەدا دەیەوێ بڵێ «کوردستان بۆ ئەو یەک کوردستانەو هیچ جیاوازییەکی نیە»!

ئەگەرچی ئەم خۆرانانە یا ئەم خۆ پێناسەکردنە لە تیۆری دا هەتا بڵێی جوانو عام پەسندە، بەڵام لە پراکتیک دا ڕاست بە پێچەوانە دەشکێتەوە، یا شکاوەتەوە یا لانیکەم ئەوەی ئێمە بینیومانە ڕاست بە پێچەوانە بووە.

بۆ قسەکردن لە سەر ئەم سازە دەبێ لە سەر (٣) ئاست قسە لە سەر دروشمی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی بکەین:

یەکەم: لە سەر ئاستی ڕۆژهەلات ئەم گوتارە، گوتاریک نیە بۆ ڕۆژهەلات و ڕوو لە ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلات بنەمای ئەم گوتارە نیە، واتە کەس و لایەنی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی زۆرترین چالاکییان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانەو کەمتر چالاکی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستانە. ئەم مەخلوقە کاتێ بە خوی دڵێ نەتەوەیی، ڕووی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانو پشت لە ڕۆژهەلاتە، ئەمەش وایکردوە گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە کوردستانیەکەی لە کۆماری کورستانەوە تا ئێستا گوتاری غایب بێ لە ڕۆژهەلات، ئەم هەناسە لە قسەکردن نەک هەر بۆ ڕۆژهەلات کارکردی نەتەوەیی نیە بۆ بەشەکانی دیکەش لە کارکردی نەتەوەیی دادەماڵرێتو چالاکوانانی لە دواجار وەک کارگوزاری حیزبو مەکینەی ئیعلامی حیزب دەمێننەوەو بەرگی حیزبی لە بەر دەکەن.

دووهەم: گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە حیزبیەکەی بۆ بەشەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانو لە لوتکەی ئەم هیلە سیاسیو حیزبیە کەسێکی وەک ئەحمەد توفیق جێ دەگرێت. بەڵام دوای ٥٠ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم گوتارە، بە هاناوە هاتنی باکوورێش، گوتاری کوردستانی ڕۆژهەلاتی نەیتوانیوە هەمان عەقلییەتی ئەحمەد توفیق بۆ خەباتی نەتەوەیی تێپەڕێنێو نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێوان خزمەتی نەتەوەیی و خزمەتی حیزبی.

گوتاری نەتەوەیی لە فۆرمە ڕۆژهەلاتیەکەی هەر زوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، تێکەل بە گوتاری حیزبی دەکرێتو دەبێ بە بەشێک لە سیاسەتی حیزبی، لە ئێستاش دا ئەم گوتارە بە تەواوی یا پارتیە یا پەکەکەو زۆر جاریش هەمان ڕوانینی ئەو دوو حیزبە بۆ ڕۆژهەلات بەرهەم دەهێننەوە. تۆ ڕۆژانە کۆمەڵێک خەڵک دەبینی بە ناوی نەتەوەیی بوون کە خەریکی پیاهەڵدانن بە پارتیو پەکەکەو زۆرجاریش ئەم مەخلوقە هەر لە پێناو ئەم دوو حیزبە هەڵدەشاخن بە سەر یەکترو شەڕی بە وەکالەت دەکەن.

ئاستی سێهەم: بە هەموو ئەوانەشەوە ناکرێت قسە لە سەر غایبونی هێزێک یا هێزگەلێک نەکەین کە ناتوانن لە خولقانی سوژەو ڕووداوی گەورە لەم هەرێمە کە مرۆڤی ڕۆژهەلاتی ئاشت بکاتەوە لە گەڵ خۆی. ئەم ئیهمالکردنەی ڕۆژهەلات تەنیا لە سەر ئاستی تاکەکەسی نەماوەتەوەو ئەمڕۆکە زیاد لە هێزێکی سیاسی هەڵگری ئەم جورە لە بیرکردنەوەنو باشوورو باکوور بۆ ئەوان سوژەن نە ڕۆژهەلات.

ئێمە لە غیابی ئەو هێزانەی دەژین کە کۆماری کوردستان بونیاد بنێننەوەو خولقێنەری ڕووداوەکانی دوای ساڵی ١٩٧٩ی ڕۆژهەلات بن. لە گەڵ ئەوەش قەیرانی مرۆڤی ڕۆژهەلات قەیرانی شوێنو شوناسە. قەیرانی غایبوونی هێزیکە کە شۆکی گەورەو ڕووداوی گەورە دروست بکاتو سەرنجی هاولاتیانی بۆ لای هەرێمەکەی خۆی ڕاکێشی.

ئەم گرفتە، گرفتی زۆرێک لە ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتیشە کە بە ئەندام، ئەندامی حیزبی ڕۆژهەلاتین بەڵام بە کارکرد شوێنکەوتووی هێزە سیاسیەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستانن.

بە پێچەوانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە گوتاری نەتەوەیی، گوتاری شوێن لە سەر بنەمای حیزبو گوتاری خاڵیکردنەوەی ڕۆژهەلاتە لە هەموو وزەیەکی مرۆیی‌و سیاسی لە خۆیان، گوتاری نەتەوەیی ڕۆژهەلات، گوتاری جێهشتنی شوێنو گوتاری نەتەوەیی لە سەر بنەمای ڕۆژهەلات نیە.

لە دۆخێکی وادا یا دەبێ چاوەڕێی کاریگەری گۆرانکارییە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران بین بۆ ئەوەی ئەم شۆکە لە مرۆڤی ڕۆژهەلاتی بدرێت، یا دەبێ فۆرمێک لە خودئاگایی نەتەوەیی دروست بێ لە سەر بنەمای ڕۆژهەلات کە بەپەی یەکەم ڕۆژهەلاتو دانیشتوانی بۆی میلاک بێ.

لە هەر دوو حاڵەت دا وەک فارس دەڵێ:»کس نخارد پشت من جز ناخن انگشت من»!

(١)- ناوی یاداشتە لە ناوی کتیبکی سادقی زیباکەلام وەرگیراوە

دوای ٧٠ ساڵ

کوێستان فتوحی

هەنگاوێکی پڕبایەخ

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی بێپسانەوە لە ڕێی ئازادیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، خاوەنی ڕابردوویەکی پڕشنگدار و زۆر شانازی و سەروەرییە. لاپەڕەکانی ئەو خەباتە پڕیەتی لە دەسکەوتی بەنرخ و نەریتی دیموکراتیانەیە کە جێگەو پێگەی ئەو حیزبەیان لە نێو کۆڕو کۆمەڵە کوردی و جیهانییەکاندا بەرێزو ئێعتبار کردوە. یەکێک لەو دەسکەوتانەی حیزبی دیموکرات هەموو کات بە بایەخەوە باسی لێدەکا، بوونی ڕێکخراوی ژنان و حوزووری ژنان بووە لە ڕیزەکانی خۆیدا. دامەزرانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان کە یەکەم هەنگاوی لە دەورانی کۆماری کوردستاندا بە مەبەستی هێنانە مەیدان و بزاوتندی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانیاندا هەڵێنرایەوە، یەکێک لەو هەنگاوە گرنگ و پێشکەوتوانەیە کە واقعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانی لەو دەورانەدا بەتایبەت لە ناوچەی موکریان گۆڕی.

ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات وەک جەماوەریترین و دێرینترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە نێو هەشتەمین دەیەی تەمەنی خۆی، لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی گەشاوەی تۆمار کردوە، بەدڵنیاییشەوە لە زۆر بارەوە بەرپرسیاریەتیی بۆ داهاتووی خۆشی دروست کردوە. لەپێوەندیی لەگەڵ ژنانیشدا بەهەمان شێوە چونکە لە ڕابردوودا یەکەم حیزب بووە لە کوردستان، خوێندنەوەیەکی پێشکەوتوانەی بۆ دۆخی ژنان کردوە، بەرپرسیاریتیی قورسی لەوبارەیەوە دەکەوێتە سەرشان. جێی خۆیەتی لە ٧٠یەمین ساڵی تەمەنی حیزبدا ئاوڕێک لە ڕۆل و نەخشی ژنان لە ڕیزی ئەو حیزبەدا بدەینەوە و بزانین تا چەندە توانیویەتی گەشە بەم بیرۆکەیەی کۆماری کوردستان بدا. ئەگەر لەم بەژاند، ئایا حیزبی دیموکرات کە خاوەندارێتیی ڕێبازەکەی قازی محەممەد دەکا، توانیویەتی ئەو پرۆسەیە بەباشی بەرێتەپێشێ و بەرنامە بۆ بەشداریی ئاکتیڤانەی ژنان دابڕێژێ؟ ئایا ژنان تا چەند توانیویانە لە نێو حیزبەکەی قازی محەممەدا ڕۆڵێکی ئاکتیڤ بگێڕن و کاریگەرییان لە گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆری حیزبی دیموکرات هەبێ؟ وڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەخشی ژنان لەم حیزبەدا ئاسان ببینینەوە.

بەدڵنیاییەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان و سیستمی ئیدارەی وڵات، لە لایەن ئەو کۆمارەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاگا بوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەو دەورانە داناوە، بەڵام ئەگەر بێینەوە نێو قەوارەی ئەو حیزبەی بووە هۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەبینین حیزبی دیموکرات لەو بارەیەوە بەپێی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە و هەڵومەرجەکان، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە، لانیکەم لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا وەک پێویست نەیتوانیوە ئەو بەرنامەیەی پێشەوا قازی محەممەد دایڕشت، بیباتە پێشێ و، ژنانێش ئەو نەخش و ڕۆڵە ئاکتیڤەی دەبوو بێگێڕن نەیانگێڕاوە.

(هێنانەبەرباسی کەموکووڕییەکان، بەو مانایە نیە، لە بایەخ و گرنگیی ئەو کارانەی حیزبی دیموکرات لە دەیەکانی ڕابردوودا بەتایبەت لە دەیەتی ٦٠ی هەتاویی لە پێوەندیی لەگەڵ دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوونی کەم بکرێنەوە؛ کە ئەو دەورانە حیزبی دیموکرات دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی بەدەستەوە بوو، زۆر کەلتووری دژە ژنی لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا سڕینەوە و لە ئاگا کردنەوەی خەڵک لەسەر مافەکانیان زۆر کاری بەنرخی کردن).

بەڵام بێینەوە نێوخۆی حیزبی دیموکرات، تەنانەت لەم قۆناغەشدا حوزووری و ڕۆڵی ژن گرێدراوی کۆمەڵێک قەید و بەندە کە دابڕاو نیە لە جیهانبینی و بیرکردنەوەی کە لەچاوی تیژی یەکسانیخوازان و ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستان بشاریتەوە کە حیزبێکی دیموکرات و سیکۆلارو بیرچەپ لە ئاست دۆخ و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگە و لە نێو حیزبەکەدا هەڵوێست و بڕیارەکانی لە ئاستێکی شیاوی چاوەڕوانییەکاندا نەبێ.

دیارە حیزبەکانی کوردستان، ژنانەی ڕوویان لە حیزبەکان کردوە، نەبوونەتە شەپۆلێکی ڕزگاریدەری «خود» لەدەست کۆت و بەندەکانی پیاوسالاری و تێکدانی ساختاری پیاوەزنی لەنێو کۆمەڵگە و نێو حیزبدا.

ئاکتیڤ بوونی ژنان و ڕۆڵ و کارکردنیان لە هەر حیزبێکدا پێویستی بە باوەڕێکی قووڵی یەکسانیخوازی هەیە و نابێ تەنیا وەک دروشمێک لێی بڕوانرێ. ئەوە پیادەکردن و چەسپاندنی خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پێشکەوتووە کە حیزبێکی سیکۆلار، دیموکرات و پێشڕەو گرنگە بەڕپرسیارانە کاری بۆ بکات. قسەکردن لە مافی وەک یەک بۆ ژن و پیاو، شەڕی گۆڕینی عەقڵی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگە. تاکوو ئەم ساتەوەختەش حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەوەی لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی کۆماری کوردستان دەڕوا، بە بیانووی جۆراوجۆر، هەوڵی نەداوە بۆ سڕینەوەی کۆدەکانی پیاوسالاری و، خۆی دەربڕاو نەکردوە لەو قەیدوبەندانەی لەنێو کۆمەڵگەدا ماون. دیارە هیچ پاساو و بیانوویەک ئەمڕۆ ناتوانێ ئەوە دەوی، شەڕێک کە بە فکر دەکرێ. گۆڕینی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا، یان ڕۆڵی ژنان لە هەرحیزبێکدا بەبێ ڕەخنەی زۆر جیددی لە نەریتە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییەکان و بەزاندنی سنوورە تەقلیدییەکان کە بڕوابەخۆیی لەژنان دەستێنێتەوە، مەحاڵە بێتە دی. هیچ ئالوگۆڕێکیش بەتەنیا بە دانی دروشم و دانانی قانوون و بڕیار وەدیی نایە .

ژنی بەهێز، بڕوا بەخۆ، ئاگا و پیاوی یەکسانیخوازی ڕاستەقینە، زەمینەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی پێویستە. بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لە ئێستامان پێویستمان بەو زەمینەیە و بە خەباتێکی فکری ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی ڕاستەقینە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەیە

پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات

ئەگەر چاو لە بڕیارات و پەسندکراوەکانی حیزبی دیموکرات لە پێوەندیی لەگەڵ یەکسانی و ماف و ئەرکی ژنان‌دا بکەین، کە بەرهەمی فکر و بیری کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی حیزبە،کەمترین ڕەخنەی لەسەرە، بەڵام بۆ چەسپاندن و بەکەلتوور کردنی بڕیار و پەسندکراوەکان کاری جیددی و بایەخی شیاوی خۆی دەوێ. ئەگەر کەلتووری پیاوسالاری و نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕابردوودا کاری کردۆتە سەر گەشە نەکردن و ئاستی ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەدا و بە تایبەتی لەسەر ژنان، لە دەورانەکانی دوایی‌دا لە نێو ساختاری حیزب‌دا ئەو پەروەردە و ئەو ئیرادە ڕاستەقینەیە بەو ڕادەیە نەبووە بۆ گەشە و سەرخستنی ئەو پرۆسەیەی لە پەسەندکراوەکانی حیزب‌دا هەبوون. یانی پەروەردەی فکری تاکەکان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەوە، لەگەڵ بڕیارو پەسەندکراوەکان هەماهەنگ نەبووە. باوەڕ بە یەکسانی و هاوسەنگکردنەوەی نێوان مرۆڤەکان دەبێ لە گرنگیدان بە پەروەردە و بارهێنانی ئینسانەکان‌دا بۆی بگەڕێین، کە حیزب لە موناسباتی نێوخۆیی‌دا بەوشێوەیە گرنگی بە پەروەردەیەکی پێشکەوتوانە و یەکسانیخوازانە نەداوە کە گۆڕانێکی قووڵ لە نێو ڕیزەکانی خۆی‌دا دروست بکا. ڕێبەرانی سیاسیی حیزبی دیموکرات هەموکات ئەم قسەیان دووپات و چەندپات کردۆتەوە کە بە هۆی ئەو هەڵومەرجە تایبەتییە، واتە شەڕی چەکداری و هەڵومەرجی سیاسیی کوردستان، حیزب نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی لە بارەی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا پیادە بکا! بەڵام ئایا ئەم قسانە تاکەی بووە. بۆیە دەبینین ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە دوای بڕیارەکەی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان، بۆ هاندانی ژنان بۆ نێو مەیدانی خەبات و سیاسەت و بە نیسبەتی ئەو ئالوگۆڕەی لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان‌دا دروست بووە و ئەو و موشارکەتەی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا هەیانە، لانی کەم لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات‌دا بە بەراورد لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکان، ئەو بەشداریی و موشارەکەتە نابینرێ و ژن نەیتوانیوە ڕۆڵێکی کاریگەر و کلیدی لە ژیانی سیاسیی حیزب دا هەبێ. ڕێژەی کەمیی ژن لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە ئاستی بڕیاردان دا، دەرخەری ئەم بۆچوونەیە.

ڕاستە هەموکات ژنان وەک پشتیوانانی سەرەکی و بە توانای خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی کورد ناسێنراون، بەڵام لە کردەوەدا ئەم پشتیوانانە، لەنێو ساختاری حیزبی دیموکرات‌دا زۆرتر وەک هێزێکی پاشکۆ وڵاواز دیارن، تا ئێستاش ئەو هێزەیان نیە لانیکەم بتوانن خۆیان لەم پاشکۆیەتییە ببێنەدەر. جگە لەوەی بە کردەوە سەرەڕای هەموو کەندوکوسپەکان ژنان لە بزووتنەوەدا بەشدار بوون و جگە لەوەی لە مانفیستی حیزبێشدا هاوسەنگی دەبینرێ، بەڵام لە کردەوەدا لە ساختاری حیزب‌دا ناهاوسەنگییەکی زۆر دەبینرێ. چونکە هێزی بەڕێوەبەر، بڕیاردەر و پەروەردەکاری حیزب نەک هەر پیاوان بوون، بەڵکو زۆریان لەو پیاوانە بوون کە ئەم ڕیفۆرمەیان لەخۆیان‌دا دروست نەکردوە، یان ئەو کەلتوورەیان لەخۆیان‌دا دەتوانێ قەناعەت بە نەسلی ئەمڕۆ و سبەینێی ڕۆژهەڵات بێنێ؟

ڕێبەریی حیزب وەک ئۆرگانیزمێک، سەردەمیانە شەڕی لەگەڵ کۆی ئەو کەلتوورەی ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز نیشان دەدا، نەکردوە. هەربۆیە تاکوو ئەم سالانەی دواییش بوونی ژن لە مەیدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی‌دا لە نێو ڕای گشتیی خەڵکی کورستان و تەنانەت بۆ زۆر لە تاکەکانی نێو حیزبیش بە زەحمەت قەبوڵ کراوە، ئەگەر قەبوڵیش کرابێ، چاوێکی بەکەمبینی هەر لەگەڵ ئەسرێوەتەوە، کەلتوورێک کە ژن بە مرۆڤێکی لاوازتر لە پیاو دەبینێ. هەمیشە وەک هێزێکی پشتیوان چاو لە ژن کراوە، نەک وەک هێزێکی لەمەیدان.

بێگومان ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە خەسارناسییەکی ورد و لێکۆڵینەوە و دەرێنانی ئامارێکی ڕوون هەیە، بەڵام هەر بەچاوخشاندنێکی سەرپێیی، دەردەکەوێ ژنان لەچاو پیاوان دەرسەدێکی زۆر کەم لە بەڕپرسایەتییەکلیدییەکانیان هەبووە. دیارە حاشای لێناکرێ ئەمە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر ئەسڵ دا ڕیژەی ژن لە حیزبی دیموکرات‌دا بە هۆی ئەو تێزوانینە زاڵەی لەکۆمەڵگەدا بەرانبەر بە ژن هەبووە کەم بوون. ئەوە خۆی باسێکی تایبەتی هەڵ دەگری. ئەوەی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران. بەڵام قسە لەو ژنانەیە کە ڕوویان لە ڕیزی حیزبی دیموکرات کردوە و قسە لەو ڕێکخراوەیە کە حیزبی دیموکرات دایمەزراند، بۆ نەیانتوانی مێژوویەکی جیاوازتر لەوەی ئێستا دروست بکەن؟

ژنانیش لەم هەڵسەنگاندن و ڕەخنانە بەدەر نین

ژن خۆی لە خولقاندنی دۆخێک کە لە کۆمەڵگەدا بەسەریدا سەپاوە کاریگەری زۆری هەبووە. خۆی قەبوڵی ئەو بالادەستییەی پیاوی کردوە، خۆی ئەم هەڵاواردنانەی قەبوول کردوە. لە ڕاستیدا هیچ هێزێک ئاسان واز لە دەسەڵاتی خۆی ناهێنێ یان دابەشی ناکات، پیاو ئەو هێزەیە کە بەردەوام بۆ مانەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە بەربەرەکانی و ململانێدا بووە. پیاو لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان بە ئەحزابەکانیشیەوە هەر کاتێک ویستبێتی واز لەبەشێک لە دەسەڵاتەکەی بێنێ، بەدڵنیاییەوە ناچار کراوە. لە حیزبی کوردی‌دا ژن ئەو ئیرادە بەهێزەی لەخۆی نیشان نەداوە کە ئەم مۆدێلە هەر پیاو فەرماندە و بەرپرس و ڕێبەری و سکرتێر بێ، بگۆڕێ. هەرچەند لەمەشیان دا ژنی کورد تاوانباری سەرەکی نیە.

گۆڕێتی ئەم دۆخە پەروەردەیەکی ستراتێژی دەویست بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی یەکسانیخواز بۆ هاوسەنگ کردن و بۆ ئەوەی ئیرادە و هێزی دەروونی بە ژن بەبخشرێتەوە و ئەم ترسەی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا لەگەڵی بووە و هەر لەمندالییەوە فرچکی پێگرتوە، بتوانی لەخۆی‌دا بسڕێتەوە. مرۆڤێک بڕوابەخۆیی و ئەو هێزە دەروونییەی نەبێ، ناتوانی ئەو کۆسپانەی دێنەسەر ڕێی لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێتەوە و لایانبەرێ.

دروستکردنی هاوسەنگی پێویستی بە ڕیژەی زۆری ژنی ئازا، ئاگا و بە ئیرادە و بە پیاوی بەرابەریخواز هەبووە کە بەداخەوە لە حیزبی کوردی و ڕێکخراوی ژنانی کوردا تاکوو ئەمڕۆش لەو بارەیەوە ئەم هێزە دروست نەبووە کە ئەو هاوسەنگییە دروست بکا و ساختارە پیاوسالارە و بگۆڕێ. دیارە ژنی بەهێز، بڕوا بەخۆ، ئاگا و پیاوی یەکسانیخوازی ڕاستەقینە، زەمینەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی پێویستە. بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لە ئێستامان پێویستمان بەو زەمینەیە و بە خەباتێکی فکری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا هەیە. بەتایبەتی ئەم بەڕپرسیارەتییە لە حیزبی دیموکرات‌دا بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر شانی خودی ژنان و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە ئەم حیزبە دایمەزراندوە. بەو هیوایە لە هەشتەمین دەیەی ژیانی حیزب‌دا قۆناغێکی نوێ لەم خەباتە دەست پێ بکرێ.



دیموکراتو دیموکراتیزاسیون کردنی دیموکرات!

خالید محەممەدزادە

لیئۆن ئەپستین(epstein) بیرمەندی زانستی سیاسی دەڵێ:« سەردەمی دابەشکردنی حیزبەکان بە پێی میتودی ئیدئۆلۆژی بەسەر چووە و دەبێ لە ئێستا قسە لە سەر دوو جۆر حیزب لە پۆلێنبەندی حیزبە سیاسییەکان بکەین، ئەویش بوونی ئەحزابی دیموکراتیکو نادیموکراتیکە». واتە گرنگ نیە ئەم حیزبانە سەر بە کام ئایدئۆلۆژیاو فیکرەی سیاسین، ئەوەندەی گرنگە کە ئەم حیزبانە لە کارکردو رەفتاری سیاسیو هەلسوکەوتیان لە گەل کۆمەڵگاو لە نێو خۆیان چەندە پابەندی بنەماکانی دیموکراسین.

ئەم قسەیە دەکەین بە پێویستو بنەمایەک بۆ قسە کردن لە سەر دیموکراسی حیزبی کوردیو دەپرسین حیزبەکانی ئیمە لە کوێی ئەم پۆلین بەندیەن؟

ئەگەرچی نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ دوخی داگیرکاریی کوردستان، ئایدئۆلۆژیک بوونی ئەحزابی سیاسی و کەلتوری کاری حیزبی کە زیاتر لە سەر بنەمای ستالینی بووە تا ئاستی دژایەتی کردنی چەمکی دیموکراسی بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیستیو سەرمایەداریو ناسیونالیزمی عەشیرەیی ئەو مەجالەی لای ئیمە کەمتر پیکهێناوە بۆ بونیادنان و قسە کردن لە سەر فۆرمی دیموکراتیکی حیزب، بەلام لە کۆمەلێک قوناغی میژوویی هەم ئەحزابی بە نێو «دیموکرات» سەریان هەڵداو هەم رێبەرانیک دەبینرێن کە لە تیئۆریو کارکردی سیاسی خۆیان، چەمکی دیموکراسی بۆیان لە ئەولەویەتی کاری سیاسی بووەو بە تایبەت دەبێ پێو شوێنی ئەم چەمکەو هەڵگرانی لە رۆژهەلات لە حیزبی دیموکرات هەڵبگرینو بپرسین ئایا ئەم حیزبە وەک ناوەکەی دیموکراتە؟!

بێگومان حیزبێک وەک حیزبی دیموکرات ئەگەر بە بەراورد لە گەل حیزبەکانیتر زۆرترین قسەی لە سەر دیموکراسی کردبێت و کەسێکی وەک قاسملو بگاتە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە کە پێی وابێ :»نابێ بە بیانوی خەبات دژی داگیرکاری خەبات بۆ دیموکراسی وەلا بنرێت»، ئەوە بەرپرسیارەتی ئەم حیزبە بەرامبەر بە دیموکراسیو ئازادی هەم روو بە نێوخۆیو هەم روو بە دەرەوەی، هێچ کەمتر نیە لە هەولی ئەم حیزبە بۆ رزگاری نیشتمانی.

بەلام ئەزمونی ٧٠ ساڵ چالاکی ئەم حیزبە لەم کەرتە پێمان دەڵێ دیموکراسی حیزبی زۆری ماوە بۆ نەهادینەبوون هەم وەک ساختاری کاری رێکخراوەییو هەم وەک کەلتوری کاری سیاسی، هاوکات غایب بوونی رییەرانی دیموکراسیخواز لەم پارتە لە زۆر قوناغ دا زیانی زۆر گەورەی تا ئاستی لیکترازان و یەکتر قبوڵنەکردن داوە، واتە لە نەبوونی ساختارگەلی دیموکراتیک، تۆ هەمیشە پێویستیت بە بوونی رییەرانیکی دیموکرات بووە تا پارێزەری دیموکراسی حیزبی بێ.

دیموکراسی دروشمێکی سیاسی نیە تەنیا بۆ دەرەوەی خوت و تەنیا دروشمێک نیە بۆ پاراستنی مافەکانمان لە چوارچێوەی ئێران وەک چون سالانێکی زۆر دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران وەک زامنێک بۆ پاراستنی خودموختاری سەیر دەکرا، بەلام ئەم دیموکراسیە لە نێوخۆ زامنێک نەبوو بۆ پاراستنی جیاوازییەکان.

بێگومان بوونی ئینشعابەکان مۆری جیاوازیەکانە لە ژێر چەترێکی دیموکراتیک بۆ پێکەوە بوونو پێکەوە ژیان.

ململانێ و جیاوازی حیزبی دیموکرات پاش ٧٠ ساڵ لە گەل لایەنەکانیتر چیتر ئەو ململانی سادەیە نیە کە هەندێک شەریانە لە سەر ئەوەی کامەیان نەتەوەیی‌ترە لەوی‌تر، بەلکو ئەم هێزە ٧٠ ساڵ تەئیدن لەم قسەیە چون لە دواجار لە سیستمگەلی دیموکراسی ئینشعاب هیچ مانایەک ناداو دیموکراسی لە سەرەتایی‌ترین پێناسەی کۆکردنەوەی

کە بەشێکی زۆریان نەک هەر نادیموکراتن بەلکو هێزی دژە دیموکراسیشیان تێدا دەبینرێ. دەبێ لە سەر بەرفراوانترکردنەوەی مەوداکانی دیموکراسیو ئازادیو ریزگرتن لە مافی مرۆڤو ئازادیە کۆمەلایەتی و سیاسی و لە دواجار دا هەوڵدان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد لە سەر بنەمای ریزگرتن بۆ هاوڵاتی بێ. بەلام پێش ئێستاو بە دامەزرانی کۆماری کوردستان کوتایی بەم باسە هێنا، بەلکو ململانێو جیاوازی ئێستای حیزبی دیموکرات لە گەل لایەنەکانی‌تر.

کۆی ئەمانە مسۆگەر نابێ ئەگەر ئەم هەولانە لە نێوخۆی حیزبەوە ئۆرگانیزە نەکرێتو هەولی بۆ نەدرێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، خۆی بەرهەمی نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و ریز نەگرتن لە کەمایەتی و ئازادیی دەستەجەمعی و تاکەکەسییەکانە، واتە هێزێک کە خۆی قوربانیە، ناتوانێ هەمدیسان لە سەر سیستمی قوربانی کردن بونیاد بنرێتەوە. کەواتە لیرەوە دەکرێ قسە لە سەر کۆی ساختار و کەلتوری کاری سیاسی ئەم پارتە بکەین لە پێناو حیزبێکی دیموکراتیک و تا ئاستی ئەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا خۆی تێی دا ببینێتەوە و جیاوازییەکانی نێوخۆی حیزبیش بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

رەنگە لە یاداشتێکی کورتی وادا نەگونجێ قسە لە سەر کۆی بەستەر و رەهەنەکانی ئەم پرسە بکرێت بەلام لیرە دەکرێت ئازادی رادەبرین و ئازادی نووسین و ئازادی بیرکردنەوە و پاراستنی عەقلانیەت و بەرفراوانکردنەوەی پانتایی رەخنە و نەقد وەک دەرکەوتەی فەزای دیموکراسی و مەدەنیەت قسەی لە سەر بکرێت و داوا لە حەک بکرێت چەتری پاراستنی دیموکراسی و دەسکەوتەکانی دیموکراسی لە نێوخۆی بێ.

حەک دەبێ لەم رەهەندەوە جیاوازی دروست بکات و نەبێ بە کۆپیەک لە حیزبەکانیتر و لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی عەقل و ئازادییە تاکەکەسییەکان و رای جیاواز بمێنێتەوە. ئێمە لەو قوناغە تەنیا پێویستمان بە ئەحزابی رزگاریخواز نیە بەڵکو بە قەد ئەوەش پێویستمان بە ئەحزابی ئازادیخوازە بە جۆرێک کە پارێزەری ئازادییەکان بمێنێتەوە. هەر دوو ئەزموونی باشوورو رۆژاوای کوردستان پێی وتین دەکرێت ئەحزابی رزگاریخواز لە دوای رزگاری نیشتمان بەلایەک بن لە سەر رەوتی پێشخستنی کۆمەڵگاو سنووردارکردنی ئازادییەکان.

لە فەزایەکی ئاوادا و بە سەرنجدان بەو کەلتورە پڕ لە رقە سیاسییەی لە کوردستان هەیە، حیزبێک چەندە هەوڵ بۆ رزگاری نیشتمانی دەدات دەبێ بە هەمان ئاست چەتریک بێ بۆ پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و گەرانەوەی رێزو حورمەت بۆ هاوڵاتی کورد.

لە گەل ئەوەش چی‌تر حدک ناتوانێ بیتەوە نێو بەرەی حیزبە نادیموکراتەکان و هیچ بیانوویەکیش نیە ئازادییە نێوخوییەکانی بکات بە قوربانی دەسکەوتی کورتماوەی حیزبی و ئەو راستیەمان لەبەرچاو ون نەبێ کە لە ئێستا رای گشتی کۆمەڵگا چاوەدێری هەڵسوکەوتی سیاسیو رەفتاری رۆژانەی ئەندامانی حیزب دەکات و هەر هەنگاو و هەڵچوونو لێدوانێکی نادیموکراتیک دەتوانێ بە زیانی ئەو هێزە بشکێتەوە.

لە گەل ئەوەش دەکرێت حدک کۆی تریبونی بکات لە تریبونی کۆمەڵگای کوردی و لە بوونی سانسۆری حکوومەتی و حیزبی، میدیای حدک میدیای کراوە بە رووی جیاوازییەکان و هاووڵاتیان بێ.

٧٠ ساڵ خەبات و قوربانی دانی ئەم حیزبە هەر ئەوە لەم هێزە دەخوازێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و مافی ئایین و ئایینزاکان

ئازاد کەریمی

لە کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی ٧٩ی رۆژی سێشەممە ٢٩ی گەلاوێژ ١٣٢٥ی هەتاوی‌دا بابەتیک لەژێر ناو نیشانی؛ «مبارزەی ئازادی و دێموکراسی ئێمە پێی لە پێنجەمین ساڵی خۆی ناوە» بڵاو دەبێتەوە و نووسەر (سید محمد حمیدی) نووسیویەتی: بۆ یەکەم جارئێمە لە دوای چوارساڵ بەربەرەکانی لە رێگەی ئازادی و دێموکراسی و لەگەل هەزاران گرێپچکە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مادی و مەعنەوی، ئەورۆ بە ئاشکرا و لە ئەوپەری هێزدا و لە کاتێکدا هێزی چەکدارمان دامەزراندوە هەزاران پێشمەرگەمان لە سنووری کوردستاندا بۆ پاسەوانی داناوە و بە حالەتێکی ئازاد و سەربەست رۆژنامە و گۆڤاری (نەتەوەیی- ملی) خۆمان بە دنیا دا بڵاو دەکەینەوە و ... دەرکەیەکی هومێدمان بۆ داورۆژ بە رووی گەلی کوردا کردۆتەوە.

خەسڵەتی دێموکراتیک بوونی کۆماری کوردستان بە گێرانەوەی دەسکەوتەکانی پێنج ساڵەی دروستبوونی رێکخراوەی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ-ک» لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی‌دا هەتا دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی و بەرپا بوونی کۆمار لە ٢ی رێبەندانی هەمان ساڵدا لەم دێترانەی نووسەری بابەتی باسکراودا دەدرەوشێتەوە و نووسەر لەوپەری شادومانی و هیواداری‌دا باسی کرانەوەی دەرگای ئومێد بۆ داورۆژی گەلی کورد دەکات...

پیاهەڵگوتن بە کۆماری کوردستان بۆ «کورد» چ بە واتای تاک و چ بە واتای «کۆ» بۆ ئەزمونێکی سیاسی و فەرمانڕەوایی لە بەشێکی جیهان کە ناوەندی ئاژاوە و شەڕ و پێکدادانەکانی مێژوو بووە و لە هەمان کاتدا پێگەی شارستانیەتە کەونارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە کاتی مانادار دەبێ و لە عەیبەی»ئافەرەم کردنی خۆ» دوور دەبێتەوە ئەگەر چاوێک بە ئێستای وڵاتانی دەوروبەری کۆماری ئەوکاتەی کوردستان لە موکریانی رۆژهەلاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆمار لە ١٩٤٦ی زایینی‌دا دەخشێنین و رەوشی ئاوەژۆکراوی ژیان و ئازادی و رێز و کەرامەت و شەرەفەتی مرۆڤەکان دەبینین. ئێستاش لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیە و سوریا و ... مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئازاری دەست و زمان و کردەوەی دەسەڵاتەکان ئاسوودە و ئارام نین. مرۆڤایەتی لەم وڵاتانەدا بە خێراییەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بەرەو پاشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. سەربڕین و سووتاندنی مرۆڤ و دەست و پێ پەراندن و چاودەرهێنان و لووت و گوێ بڕین و دەربەدەرکردن و دەرکردن و تاڵان کردن و هەتک کردن و ژن و منداڵ ڕفاندن و بازرگانی کردن بە مرۆڤەکان و ماوە هۆشبەرەکان و هەموو جۆر کەرەستەی کوشتن و پاکتاو کردن و زیندان کردن و پەتی سێدارە هەڵدان و نووسینی یاسای دژە مرۆڤ و بەکار هێنانیان و پشت گوێ خستنی ئەو یاساو رێسانەی کە بۆنی پشتگیری کردنی مافی مرۆڤەکانیان لێوە دێ و هەموو کردارە خراپەکان بە داخەوە وەک نەریتێکی گشتی ڕووی لەم وڵاتانە کردوە و بەداخەوە چونکە کورد دابەشکراوە و لە نێوان ئەم چوار دەوڵەتە دایە و بە شێکە لە کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە دەبێ بە ئاگری نەهامەتی و نەگبەتی ئەم وڵاتانەوە بسووتێ و هەرکات بیەوێ خۆی لە نەهامەتی ئەم کۆمەڵگە «چەرخە ناوە ڕاستیانەوە» (قرون وسطایی) دەربهێنێ بە هەزاران ئامرازی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی سەرکوتی دەکەن! بەو پاساوەی نەخشەی ئەم وڵاتانە نەگۆڕن و نابێ هەڵبوەشێتەوە! چاکە لانی کەم دان بەوەدا دەنێن ئەم وڵاتانە لە شرکە و پرکەی شەڕوپەت پەتیەکان پێک هاتوون و بە شەڕ و مارەکە پێکەوە نووساون و لەیەک هەڵدوراون دەنا وڵاتێک ئەگەر یەکدەست و یەکپارچە و یەک فەرهەنگ بێ، یەک دڵ و یەکزمان دەبێ، نەک تاوێ نە تاوێ دەستەیەک هەستنە سەرپێ و دەستەیەکی دیکە بچەوسێنن یان دەمکوتیان بکەن...

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ دا و لە کاتی دروست بوونی‌دا بیری لەوە دەکردەوە خۆی لە شێتحاڵی سیاسی و بەرێوەبەرایەتی نەزانانەی دەوڵەتی ئێران ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی دەیزانی سەبەبکاری دواکەوتویی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان ڕفتاری نا هاوسەنگ و نەسازانەی دەوڵەتەکانی ئێرانە... سروشتی دەوڵەتە ئێرانییەکان هیچ کات نەیتوانی خۆی لەگەل ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆی بگونجێنێ. هەر لە کۆنەوە یاسای دژە مرۆڤ و کودەتای ناوخۆ، سیستەمی کۆیلایەتی (بەردەداری)، دژایەتی ئایینی بە دەیان نموونە و بە گژدا کردنی ئایین و ئایینزاکان لە دژی یەکتر و خۆسەپاندن وەک ئایینی فەرمی هەرلە سەردەمی هخامنشی (هەخمینی)یەکانەوە هەتا ئەم چرکە ساتە سیاسەتی نەگۆڕی دەسەڵاتدارانی ئەم بەشە لە جیهانە.

بە پێچەوانەوە کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافیایی و فەرهەنگی لانکەی شارستانیەت و هونەر و پێکەوە ژیان و ئاسودەیی و حەوانەوە بووە. ئازایەتی کورد لە خۆڕاگری و نەبەزی‌دا بووە نەلە شەڕ فرۆشی و بەدفەری‌دا... هەربۆیە ئایینەکان چ ئەوانەی وەک ئایینی میهرەوانی (میترائیسم) وا «پیرانی موغان» رێبەرایەتی یان دەکرد و ئایینی مەزدا کە زەردەشت سەرۆکایەتی دەکرد و لە خودی کوردستان‌دا سەریان هەڵدا بوو چ وەک ئایینەکانی مەندایی، مەسیحیەت و جوولەکە و دواتر ئیسلام بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە لە کوردستان‌دا حەوانەوەو لایەنگرەکانیان لە کەمترین حالەتی بارگرژی‌دا لە گوندوشارەکانی سەرتاسەری کوردستان‌دا پێکەوە دەژیان ...

بۆ وێنە هەر ئێستا لە کرمانشان و مووسڵ و کەرکوک و ورمێ وەهەولێر چەند جۆر ئایینی لە ناوەڕۆک دا دژبەیەک دەبینی بەلام لایەنگرەکانیان پێکەوە لەو کۆمەڵگەدا دەژین و حەوانەتەوە... ئەمە شتێکی سەیر نیە، ناخ وڕۆح و سروشتی کوردستان و خەلکەکەی خووی بەم ڕەوشە گرتەوە، ئەمە دیاردە نیە تاکو سەرسووڕمان دروست بکات، بەڵکو هەرکات ئاڵۆزی و نەسازان ڕووی داوە کۆمەڵگەی کوردی تووشی سەرسووڕمان کردوە... کاتی بە درێژایی مێژووی هەموو وڵاتان وەک ڕۆما، ئێران و مسر، یان ئەورووپای کۆن و مۆدێرن پاکتاو کردن یان سووکایەتی کردن بە ئایین و ئایینزاکان بەشێ لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکان بووە شانازی بۆ خۆمانەوە دەکەین سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان دەست و داوێنمان خاوێنە لەو کردارە دژە ئەخلاقیانە. کاتی دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتی هیتڵێر بەسەر نیوەی ئەورووپادا، شەش ملیۆن جووەکە نیست و نابود دەکرێن شیاوی گێرانەوە و ئافەرین کردنە جووەکەکانی کوردستان بە دڵ و بە گیان لە خزمەتی بەرپابوونی کۆمار و گەشە کردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیە دان. بۆ وێنە داودزادە نوێنەری جووەکەکانی مەهاباد لە رۆژی ٢ی رێبەندان‌دا لایەنگریی جووەکەکانی کوردستان بۆ کۆمار بە فەرمی ڕادەگەیێنی و ئەمەش تەنیا شاری مەهاباد ناگرێتەوە دیارە کوردانی جووەکەی سەقز و بانە و بۆکانیش دەگرێتەوە و فیداکاری ئەو خوشک وبرا کوردە جووەکانەی ئێمە دەگاتە ڕادەی خۆ لە مەترسی خستنی وەک کاری نهێنی کردن بۆ کۆماری کوردستان (فعالیت تشکیلاتی) بەتایبەت لە سەقزوبانە کە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دا بە گوێرەی «بریاری گڵۆلان»کەوتبوونەوە دەستی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران و دەزگای سەربازی ئەم وڵاتە لە

ل ١٠

دوای ٧٠ ساڵ، ڕێنسانسی دووەم پێویستە

مادح ئەحمەدی

٢٥ی گەلاوێژی ئەمسال ٧ دەیەی بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکراتدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەرچی حیزبی دیموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی ناسراوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا بستێک خاکی زرگار کراوی بەدەستەوە نییە و چاوەروانی ئەوەیە کە ئەویش وەک حیزبەکانی دیکە لە داهاتوودا حوکمرانیی تاقی بکاتەوە و دوای تێپەڕ کردنی دەیان هەوراز و نشێو سەرکەوتن بەدەست بێنی.

حیزبی دیموکرات کە کاتێدا پێ دەنێتە دەیەی هەشتەمی خەباتییەوە کە هەر لە نزیک خۆی لە باشووری کوردستان «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دوای تێپەڕینی ١٦ ساڵ بەسەر دامەزراندیا گەیشتە دەسەلات و «پارتی دیموکراتی کوردستان»یش کە ساڵێک دوای حیزبی دیموکرات دامەزراوە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بەهەمان شێوە گەیشتە دەسەلات. ئەگەر دوورتریش بڕۆین دەبینین کە کۆسۆڤۆ دوای ١٣ ساڵ سوپای ئازادی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨ سەرکەوتن و سەربەخۆیی خۆیان لە سربیا ڕاگەیاند، هەروەها لە باشووری سودان دوای ٥٠ ساڵ شەڕی ناوخۆ شۆڕشگێران سەرکەوتن و ساڵی ٢٠١١ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

٧ دەیە مانەوەی لە قۆناغی خەبات و نەچێشتنی تامی دەسەلات بۆ حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی کەم نییە و ڕەنگە نموونەی وا لە مێژوودا زۆر دەگمەن بێ، یان ئەگەر هەشبێ ئەوا کۆتایی پێهاتووە و ئاسەواری نەماوە. حیزبی دیموکرات ئەگەرچی پاش ئەم مێژووە درێژە لەخەبات نەگەیشتووەتە دەسەلات، بەڵام لە هەمان کاتدا درێژە کێشانی ئەم قۆناغەش، حیزبی دیموکراتی تووشی چارەنووسی حیزبی «تودە» نەکرد. بێگومان هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پێتەو بوونی ڕیشەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بەردەوام بوونی ئەم حیزبە لە خەبات.

بە ئاماژە بەوەی کە تا ئەم قۆناغە بەلانی کەمەوە ٨٠ لە سەدەی چارەنووسی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێدراوی چارەنووسی حیزبی دیموکراتە، چاوەڕوانییەکان بە نیسبەت حیزبی دیموکراتەوە فرەن و حیزبی دیموکرات ئەگەر بیەوێ بمێنێ و لە ئاکامدا بگاتە دەسەلات و براوە بێت، ناتوانێ بەو شێوەی کە تا ئێستاش درێژەی پێ دەدا، بەردەوام بێ. چونکە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە گوتار، مێتودیی کار کردن و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بۆ ئەم قۆناغە وڵامدەر نییە و لەمێژە ئەو زەروورەتە هاتووەتە ئاراوە کە ئەم حیزبە پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە. لە ٧٠ ساڵەی تەمەنی حیزبی دیموکراتدا لە لای هەڵدانەوەی لاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات هەقە بپرسین کە بۆ خەباتی ئەم حیزبە دوای ٧٠ ساڵ نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە و ئەوەندە درێژەی کێشاوە؟ لە لای باس کردن لە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەدا هەقە بپرسین بۆ حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ خەبات نەیتوانیوە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بە شێکارییە و کورد لە سایەی پڕۆگرامەکانی ئەم حیزبەدا لە ڕۆژهەڵات بە مافەکانی خۆی بگا؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شێکارییە و خەساراسیی ورد هەیە کە ڕەنگە بابەتی چەندین توێژینەوە بن. ئەگەر بەشێوەی گشتی چاو لە پرسەکە بکەین، ڕەنگە زۆرجار بوترێ کە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی زۆر درندە و داخراوە، بۆیە لە ئێرانیش فەزایەکی هاوشێوەی تورکیا دروست نابێ بۆ ئەوەی پرسی کورد بچێتە پێشەوە و کورد بە لانی کەمی مافەکانی بگات. هەروەها ڕەنگە پەنا ببەینە بەر ئەوە وەڵامە کە بڵێین فاکتۆرە دەرەکیی و ناوچەییەکان بۆ حیزبی دیموکرات و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لە بار و یارمەتیدەر نەبوون، تا کورد لە پارچەیە بگا بە مافەکانی خۆی. بێگومان ئەم فاکتۆرانە کاریگەرییان هەیە و لە شێکارییە ئەم بابەتەدا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە

بۆ حیزبی دیموکرات خۆی نەیتوانیوە بێتە فاکتۆری یەکلاکەرەوە و لە ئەنجامی قورسایی خۆی و قەیران سازیی لە ناوچەکەدا بۆ ئێران، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات پێش بخات و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ خۆی دروست بکات؟ لەم پێناوەدا ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی هەتا هاتووە کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکان کەمتر و کەمتر بووەتەوە و چووەتە پەراوێزەوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی بوونە هۆی ئەوەی حیزبی دیموکرات بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا و وەک یاریکەرێکی سەرەکی لە ئاستی کوردستاندا دەوری نەمێنی. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دواوە و سێکوچکەیەک لە ئاستی هێزەکانی هەر چوار پارچەدا لەبەرچاو بگرین، دەبین ئەم سێ گۆشەیە تا ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکرات هێزی پێشمەرگەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە (واتە تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو) بەم شێوەیە: حیزبی دیموکرات(ڕۆژهەڵات) پەکەکە(باکور و ڕۆژاوا)، پارتی و یەکێتی(باشوور). بەپێچەوانەی ئەو سەردەمە ئێستا ململانێی هێزەکان و جەمسەربەندییەکان لە ئاستی هەر چوارپارچەدا بەسەر دوو بەردا دابەش بووە کە بەرەیەکیان «پەکەکە» سەرۆکایەتی دەکا و بەرەکەی دیکەش «پارتی»یە و هێزە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش هەر کام بە شێوەیەک دابەش بوون بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا.

بەو پێیەی کە حیزبی دیموکرات بەتەمەنترین حیزبی کوردییە و خاوەنی کۆمەڵێک شاناریی و ڕەمزە و قورساییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە و مەیدانی خەباتەکەی دووەمین پارچەی کوردستانی گەورەیە، دەبێ بەرەوە ئەو ئاراستەی بڕوا کە سێ گۆشەکەی جاران دروست بکاتەوە و بێتەوە بە کارتێکی بەهێز و خاوەن قورسایی.

حیزبی دیموکرات لە سەدەی ڕابردوودا، واتە پاش کۆمار زیاتر لە دوو دەیە دەکەوێتە پەراوێزەوە. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان شیرازەی ڕێکخراوەیی حیزبی دیموکراتیش تێکدەچێ و بۆ ماوەی چەند ساڵ چالاکییەکی ئەوتۆی نابێ. لە دەیەی ٥٠دا زیاتر لە ژێر کاریگەریی حیزبی «تودە»دا دەبێ و لە دەیەی ٦٠دا دەبێتە پاشکۆی بزووتنەوەی کورد لە باشوور. دیارە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ساڵانی ٤٦-٤٧ (٦٨-٦٧) خاڵێکی زێرین و گرنگیی مێژووی حیزبی دیموکراتە لەو سەردەمەدا. ئەو کاتە حیزبی دیموکرات لە ڕووی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە توشی قەیرانێکی قووڵ بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی خۆیدا نەماوە، بە گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو ئالۆگۆڕێکی گەورە لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا دروست دەبێ. لەو قۆناغەدا دوکتۆر قاسملوو حیزب دەکاتە حیزبێکی سەربەخۆ و لە پاشکۆی بزووتنەوەی باشوور ڕزگاری دەکا و قەوارەیەکی سیاسیی وەڵامدەری ئەو سەردەمەی بۆ دادەڕێژێ. ئەم قۆناغە دەکرێ وەک قۆناغی ڕێنسانسی یەکەم لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا دەست نیشان بکەین کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی حیزب بەردەوام لە هەڵکشان و گەشەدا بێ. لەم قۆناغە بەدواوە تا ئەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو حیزبی دیموکرات کارتێکی دیار و یاریکەرێکی سەرەکییە لە ناو هێزە کوردستانییەکان دا، تەنانەت لە قۆناغێکدا یاریکەری یەکەم و کاراکتەری یەکەمی گەمە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە بووە. ئەندازیاری ئەو قۆناغەش ڕێبەرێکی ستراتێژیستی وەک دوکتۆر قاسملوویە. کەسایەتیی و ڕێبەرایەتی و سیاسەت و پلانەکانی دوکتۆر قاسملوو هۆکاری بنەڕەتیی بوون بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات خاوەن هێزێکی گەورە بێ و لایەنێکی گرنگی ئەو سێکوچکەیە بێ کە لەسەرەوە باسمان کرد. ئەگەر ڕەوتی هەڵکشانی حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، درێژەی پێ دارباید و بەردەوام بوایە، بێگومان چارنووسی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ئێستا بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. واتە لەو حاڵەتەدا حیزبی دیموکرات دەبووە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و دۆزی کوردیش لە ڕۆژهەڵات دەبووە دۆسیەیەکی دیار لەسەر مێزی وڵاتانی ناوچەکە و زڵهێزەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان. هەروەها کۆماری ئیسلامیش نەیدەتوانی ئەم پرسە بخاتە پەراوێزەوە و سەرکوتی بکات.

لە دەست دانی دوو ڕێبەری کارامەی وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، هاتنە خوارەوە لە قەندیل و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی کۆمەڵێک ململانێیی ناوخۆیی و لیکترازانی ڕیزەکانی حیزب و...، وای کرد حیزبی دیموکرات لە فاکتۆرێکی ئەکتیڤەوە بێتە کارتێکی پاسیڤ و لە یاریکەرێکی سەرەکییەوە بێتە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) و بخرێتە پەراوێزەوە.

دوای ٧٠ ساڵ، ئەگەر بمانەوێ بەرەو داهاتوویەکی گەش بچین، ئەوا لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە بە جورئەتەوە ڕەخنە لە ڕابردووی خۆمان بگرین و خۆیندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی ئێستای حیزبی دیموکرات بکەین. دوای ٧٠ ساڵ ئێمە نەمانتوانیوە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە کارتێکی چالاک و لە بەرانبەریشدا دوژمن ئەگەرچی نەیتوانیوە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ناو ببات، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە توانیویەتی ئێمە بخاتە پەراوێزەوە و پرسی کورد لەو پارچەی کوردستان سەرکوت بکات و ڕێگا نەدا بێتە پرسێکی چالاک. دوای ٧٠ ساڵ هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، هێشتا دەسەلات و تەنانەت هێزە سەرانسەرییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری پرسی کورد دەکەن و لە ژێر بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا دژی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەوەستێنەوە. لەم ڕووەوە پێویستمان بەوەیە کە خۆیندنەوەیەکی نوێ بۆ دروشمەکان و پۆزیشێنی کورد لە ئێران بکەین. پێویستمان بەوەیە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ تاران و هێزە سەرانسەرییەکان بکەین.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵنەکشانی دۆزی کورد (وەک دۆزێکی ئەکتیڤ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیموکرات نەهاتووە لە ڕوانگەی هاوکێشەی هێزەوە کار بۆ پێشخستنی پرسی کورد لەو پارچەیە بکا، بەپێچەوانەوە لەو ماوەدا حیزبی دیموکرات خۆی داوەتە دەستی بارودۆخی ئارایی و چاوەڕوانی ئەوە بووە کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کۆماری ئیسلامی لاواز بێ، یان بروخێ و دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ بۆ ئەوەی بچێتەوە ڕۆژهەڵات. ئەم سیاسەتە هەم لە ڕووی دەرەکییەوە کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات و هەم لە ڕووی ناوخوییەوە فەزایەکی خولقاند کە وزە و توانا مرۆییەکانی سەرقاڵی کێشە و ململانێی نێوخۆیی بێ و هەتا هات حیزبی پێ لاوازتر بوو.

ئەگەر ئاوڕ لە ڕووداوەکانی مێژووی حیزب بدەینەوە، بێگومان هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە هۆکارەکانی درێژ بوونەوە و سەرنەکەوتنی خەباتی حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ. لەم بارەوە ڕەنگە هەندێ کەس هۆکاری سەرەکی بگەڕێنێنەوە بۆ هەڵەی کاربەدەستانی حیزب، یان نا هەلومەرج دەرەتانی بۆ نەڕەخساندووین و دۆژمنەکەمان زۆر درندەیە. وەک پێشتریش باس کرا ئەم تەوەرانە دەتوانن بابەتی چەندین توێژینەوە بن، بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە، دەبێ ئەوەش بپرسین کە حیزبێک بەو تەمەنەوە ئایا دەتوانێ هیوایەک بێ بۆ داهاتوو؟ یان نا وەڵامدەر نییە و مایەی بێ هیواییە؟ بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و کاریگەریی ئەم حیزب لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان حیزبی دیموکرات هیوایەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرای ئەوەی خەباتەکەی زۆری خایاندووە، بەڵام هێشتا جێگەی ئومێدە و زۆر دوورە لەوەی کە تووشی چارەنووسی حیزبی «تودە» بێ.

دوای دوو دەیە پەراوێز نشینی، ئێستا دەرفەتێک دروست بووە بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات هەڵسێتەوە و بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کە بالانسی هێز لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان بگۆڕێ و بێتەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی. ئەگەر بمانەوێ لەم دەرفەتە کەلک وەربگرین و لە کارتێکی پاسیڤەوە ببێنەوە بە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و لە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) ببینەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی، پێویستمان بە ڕێنسانسێکی دیکەیە. واتە دەبێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە حیزبدا بکەین و بێکەین بە حیزبی سەردەمی ئەمڕۆ و سەر لە نوێ وڕە و هیوا بگەڕێنێنەوە بۆ خەڵک و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات. ئەگەر دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکرات، لە سەرەتای ٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا ڕێنسانسی یەکەم لە حیزبی دیموکراتدا پێویست بوو، ئێستاش دوای تێپەڕی حەوت دەیە تەمەن و دوای تێپەڕینی دوو دەیە پەراوێز



نشینی، ڕێنسانسی دووەم پێویستە.

پێگەی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و ئەو سەرمایە مرۆییەی کە لە دەوری حیزبی دیموکراتە، بەستێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ڕێنسانسی دووەمی لەسەر بکرێ و حیزبی دیموکرات بکرێتەوە بە هێزە سەرەکی و کاریگەرەکەی جاران، بەڵام ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە و دەکرێ وەک پێش هەرجی قۆناغی ڕێنسانسی دووەم لە حیزبی دیموکراتدا دەست نیشانی بکەین، یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتە. واتە هیچ لایەنێک بە تەنیا ناتوانێ ڕێنسانسی دووەم لە خۆیدا پێک بێنی و بێتەوە بە هێزی سەرەکی، بەڵکوو یەکگرتنەوە دەتوانێ سەرەتای قۆناغی ڕێنسانسی دووەم بێ و لەو ڕێگایەوە دەروازە بۆ گۆڕانکارییەکانی دیکە بکرێتەوە.

درێژەی: «حیزبی دیموکراتی کوردستان» و مافی ئایین و ئایینزاکان

ئەو پەڕی توند و تیژی و خراپەکاریدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ئەم دوو شارە دەکرد... بێهۆنیە کوردانی جووڵەکەیان ئەرمەنیەکان لە مهاباد و لە شارەکانی دەروروبەر ئەوەندە بە لێبراوەیی و بە دڵسۆزی یەوە خزمەت بە کۆماری کوردستان دەکەن. کۆماری کوردستان کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەرپاکرابوو آبە ڕێڕەوی داڕێژراوی ئەم حیزبەدا دەڕۆییشت و ئەم ڕێڕەوە بریتی بوو لە یاسا بنەمایی یەکانی مرۆڤ کە لە هەمان ساڵدا لە کۆنفرانسی»سانفرانسیسکۆ» لە ئەمریکا، وڵاتانی جیهان کاریان بۆ دەکرد بیکەن بە «جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ» و لە ڕێکخراوی تازە بەر پاکراوی «نەتەوە یەکگرتوەکان»دا وەک کۆلەیەکی ئەخلاقی وبنەمایی جێگەی بۆ بکەنەوە.

کەواتە داڕێژەرانی یاسا و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەڵکێکی ئاگەدار و پسپۆڕ و تێگەیشتوبوون وزانیاریەیان لەسەر بارودۆخی جیهانی ئەو سەردەمە هەبووە و بنەماکانی دێموکراسییان ناسیوەتەوە وکەلکیان لێ وەرگرتوە بۆ ئەوەی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆماری کوردستاندا بە کاری بهێنن. بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٥ بەرواری یەکشەمە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥،لە لاپەڕەی ٤ دا لە ژێر ناوی «ئاگاداری» دا هاتوە: لە ژێر داڵدەی حەزرەتی پێشەوای شکۆمەند و خۆشەویستی کوردستان و چاودێری وەزارەتی فەرهەنگ دا قوتابخانەیەک بۆ گوتنەوەی وانەی کوردی و هەروەها «عیبری» لە مەهاباد دروست بووە و دەبێ منداڵانی کوڕوکچ لەم قوتابخانە دا فێری خوێندن و نوسین بن و هەر کەس منداڵی خۆی نەهێنی بۆ ناونووس کردن لە لایەن بنکەی پۆلیسەوە دستگیر دەکرێن و منداڵەکان دەخرێنە بەر خوێندن. ـ بەرپرسی قوتابخانەی عیبری: سلیمان داود زادە.

یان لە ئاگاداری یەکی دیکەدا و لە لاپەڕەی ٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بەرواری یەکشەمە ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥ دا، بەرێز»سەقەفی» قایم مەقام (فەرماندار)ی مهاباد، بەخەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری ڕادەگەیەنێ:کۆماری کوردستان بریاری داوە ئەوئەرمەنیانەی(واڵەسڵی ١٩١٥دا وڵە ئەرمەنی قڕانی باکوری کوردستان لە لایەن عوسمانییەکانەوە دەربەدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراون) دەگەڵ ئەواندا وردە حیساب ومامەڵە وقەرزوقۆڵەی هەیە بە جێی بگەیێنی با لە کاتی ڕۆیشتنیاندا تووشی ڕاگیران نەبن...ئەمانە چەند نمونە لە هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانەی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان بوو کە بەرنامەو بنەماکانی حیزبی دێموکراتی کورستانیان بە ڕێوە دەبرد و بەڕاستی شیاوی ڕێز و ئافەرین کردن.ئێستا دوای ٧٠ ساڵ لەو ڕۆژە زێڕینانە، هەرچەند بە داخەوە کۆمار دوای یازدە مانگ لە بەرپا بوونی،ڕووخێنرا بەڵام نوستالۆژیای ئەوسەردەمە بە گێڕانەوەیان خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕاستیەکانی ژیانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەگێڕنەوە واز لە مرۆڤ ناهێنی و سەودای ئەوە لە خەیاڵ و ڕامانیدا دەکات ئاخۆ دیسانەوە ئەو ڕۆژانە دروست دەبنەوە؟!!

بێگومان وەڵام «ئەرێ»یە! بەڵام بە یەک مەرج : ئەویش متمانە بە خۆبوون و بڕوامند بوون بە ئازادی و دێموکراسی وهەروەها خۆشویستنی کۆماری کوردستان لە ڕێگەی پێبەندی بە بنەماکان و یاسا و ڕێساکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان .بۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان! پیرۆزبێ یادکردنەوەی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان !

کوردستان

ژمارە: ٦٦٢

٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٤

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

ئەدەب و هونەر

شاعیر هەڵۆی شێرکۆ بێکەس میوانی جێژنی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و بە شێعرێکی بەهەست و حەماسی جێژنەکەی رازاندەوە

خانمانی هێژا

برایانی ئازیز

ئێوارەتان باش و خۆشەویستی باش و ئەم یادە پڕ شکۆیەتان باش!

ئێرە کۆیە و، من لە ڕێگای بایەکی سەرگەردان و ماڵ وێرانەوە هاتووم و

دەستم گرتوە بە کڵاوی کون کونی هەور و

بە پرچە درێژەکانی بارانەوە و

لە جیاتی شاعیرەکەی پارکی ئازادی نیشتمان هاتووم و

سڵاوی شێرکۆتان پێ بڵێم!

لە پرێسکەی خەمی کوون کوونمەوە

نامەیەکی شێرکۆی شاعیری نیشتمانم پێیەو

تێیدا وەهای بۆی نووسیون:

ئەی خاکی ڕۆژهەڵاتی جندراوم

گوێم لێیە بانگ ئەکەی

گوێم لێیە زریانی ئازاری و هەل ئەکەی

ئەی بەفری گڕ گرتووی سەر سنوور

ئەو وەختەی لەوێوە بزماری بەسەر سینگتا دا ئەکتون

لێرەوە خوێن لەبەر شارەکەی من ئەڕوا

ئەگەر پرچی ڕەزێکت هەڵکێشن

لێرەوە زریکەی شەپۆلی پارکی ئازادیم سەر ئەکا

ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم

ئەی برینی خۆرهەڵاتم

ئەی ڕۆژهەڵاتی نێوچاوان بە بەفر داپۆشراو

ئەی مێژووی زک سووتاو

لە نێوان لووتکەوە دەستی یەک بوونت درێژکە

جلەوی ئەسپەکەی شۆڕشی پێشەوام لێ بگرە

هاوار ئەکەم، لە پارکی ئازادیەوە هاوار ئەکەم

پڕ بە دم ئەشکەوت و نۆ و گەلیت هاوار ئەکەم

کاروانی چرام و بەڕێوەم

هیوام و بە پێوەم... وەختێتی

وەختێتی... ئەی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتم... وەختێتی

ئەم خاکە ئەنجل و زامارە هەر سێ شت خواستویەتی

یەکەمیان یەک بوون

دووهەمیان یەک بوون

سێهەمیش یەک بوون

هەرچی گێلاسی شێعرمە

بیگوشمە ناو دەروونتەوە

بەقەدەر خوێنی شەهیدێک گۆنات سوور هەڵناگەڕێنێ

هەرچی ڕووباری شێعرمە

بیخەمە سەر دەشتی لەشتان

بەقەدەر خوێنی شەهیدێک، تینوێتی ڕێگەتان ناشکێنێ

ئەی شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی برینم!

هەرچی وشەی جوان و نازداریشم هەیە

هەڵیان چنم ، چەند بەرز بن هەر لەخوار ئەژنۆتانەوەن

بۆیە ئەڵێم چاکتر وایە، کە ئێوەیان دی سەر دابخەن

هەر بۆیە ئێستا وەرزی زەنگ لێدانی شێعری مەردە

وەرزی خرۆشانی بوورە گوڵە و بوورە وشەی شار و هەردە

ئێستا سەردەمی جۆشدانی کوردەی خوێن و کوانوی لەشە

وەرزی ڕووبەڕوو بوونەوەی چاوی ئێمەو چاوی گەشی شەهیدانە

ئەی ڕۆژهەڵاتی برینم

ئەی کراس و شەلوار خوێناوی

لەم زەمانە بێعارەدا

لەم زەمانە بێ بنەدا

لەسەردەمی عەمامە و جبە و کۆماری سێدارەی ئیسلامیدا

لە وڵاتی جبەی ڕەشدا

لە سەردەمی سەر بڕینی نانی گوڵ و کانی و ساوای ڕۆژهەڵاتی سەر قەنارەدا

ئەگەر شێعر نەبێ بە ڕەشەبای تیژ و هەڵنەکا

شێعر نیە

شێعر ئەگەر نەبێ بە ئازایەتی و وردی قازی

شێعر نیە

شێعر نەبێ بە ئارپەجی و

مەفرەزەی حەرف و وشە و ...

نەچێتە سەر مۆڵگەکانی چاش قەڵەم و

سەر پایەگاکانی کۆماری ئیسلامی

شێعر نیە

ئەم وڵاتی خۆڵە مێشە

ئەم نیشتمانی ئازارە

پێشمەرگەی شێعری ئەوێ

دوو ڕێیانە و نابێ بە سێ

وەک و قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی

ئێستا وەختی شەهید بوونی شێعرە

بۆچی بالای کام شێعر؟

بۆچی نیگای کام شێعر؟

لە بالای ئەو شەهیدانە بەرزتر و جوانترە

وەکو خائین ئێستا وەختی کوشتنی شەعری خائینە

بە ڕێگاوەمو ئێستا هەرەتی جۆشدانی خاک و خۆڵە

خوێن ڕابەرە

بومەلەرزەی بەرەژانێکی تازەترە

بەڕێگاوەم

شێعر لێرە بۆتە هەوێنی وەسیەتنامەکەی قازی و

ئێستا ناوی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی برینە و

وشە بە وشەم سەنگەرە

ئەی ڕۆژهەڵاتی برینی سوور

گەر شێعر بۆتۆ نەسووتێ

بۆچی شێعرە ؟

ژوانگەی خۆر

ئەدەبی بەرگری

ئەرسەلان چەڵەبی

ئەدەبی بەرگریی کۆی ئاوات و خولیا و ویست و داخوازی نەتەوەیەکە کە باس لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکا. ئەو ئەدەبە هەندێک جار تووڕە و بێ‌ڕەزایە، هەندێک جاریش تراژیدییەکی قووڵە و جار جاریش وەک هەوری پاییزی دەگرمێنی و ترس و سام دەخاتە دڵی نەیارانییەوە. ئێمە بە درێژایی مێژوو ئاگاداری بەرخۆدانی نەتەوە ژێردەستەکانی هەموو جیهانین بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە ئەدەبی بەرگریی مەجارستان لە سەردەمی داگیرکەرەکانی ئۆتریش، ئەدەبی بەرگریی یۆنانییەکان لە سەردەمی کۆیلەداریدا، ئەدەبی بەرگریی فەڕانسە لە سەردەمی شەڕیی جیهانی دووهەم لە بەرابەر نازییەکانی ئاڵمان، ئەدەبی بەرگریی ئیتالییا لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، ئیسکاتلەندییەکان و ئیرلەندییەکان لە پاش ڕێنێسانس، ڕووسەکان لە سەر و بەندی شۆڕشی ئۆکتوبری ١٩١٧، لە ئێستاش دا دەتوانین ئاماژە بە کوردستان و فەلەستینییەکان بکەین کە بە کەلک وەرگرتن لە ئەدەبی بەرگریی بە تایبەتی لە بواری شێعر، بەردەوام بە گژ داگیرکەرەکان دادێنەوە و ڕەنگە زۆر لە هێزە چەکدارەکانییان کاریگەرتر بووبێتن. لە وەها قۆناغێک کە وڵاتێک تێیدا بە سەر دەبا، ئەدەبی بەرگریی بەدی دێت و کاریگەرترین زەفەر بە نەیاران و داگیرکەران دەبا.

بە داخەوە مێژووی سیاسی شۆڕشەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و داخوازیی مافی ڕەوای کورد لە وڵاتانی داگیرکەر هەموو دەم بە زمانی ئاشتی و برایەتی و دیالۆگ ڕەوانەی لایەنەکان کراوە، بەڵام لە درێژەی مێژوو دا وەڵامی ئەو داخوازییانە بە فیشەک و شەڕ دراوەتەوە، جێی ئاماژەیە کە خەباتی شۆڕشگێریی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چەکداریی و سیاسی بەرتەسک نەبۆتەوە و هونەر بە هەموو بەشەکانی بە تایبەت ئەدەبیات و لە هەموان گرینگتر شێعر بە واتای شێعری بەرگری دەورێکی کارا و بەکەڵکی لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان گێڕاوە و هەموو کات لە جەرگەی خەبات دا ئەدەب و شێعری بەرگری بەشێک لەو خەباتەی وەئەستۆ گرتووە.

.کورد هەتاکوو ئێستا لە حەولی ڕزگار کردنی خۆی و نەتەوەکەی دابووە و ئەدەبی بەرگریش بەردەوام کاراترین دەوری گێڕاوە. لەو چەند دێرەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەدەبی بەرگریی ڕووبەرێکی پان و بەرینی لە ناو ئەدەبیاتی کوردی بۆ خۆی مسۆگر کردووە، زۆرینەی شێعرەکانی ناو ئەو بەستێنە سیمایەکی شۆڕشگێڕیی و یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیە بە دژیی داگیرکەران، لە ئاکامیشدا پەیامی ئاشتی و ئازادی بە گوێی مرۆڤایەتی دا دەچڕپێنی.

.شێعری بەرگری لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تا ڕادەیەکی بەرچاو دەوری کاری بووە و قورساییەکی تایبەت بە خۆی بووە، بەڵام بە داخەوە ئەدەبیات و هونەر بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نەبۆتە بایەخ و تا ئێستا چ لە لایەن پارتە سیاسییەکان و چ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا وەکوو بنەمایەکی هزری و کلتووری بە شێوەیەکی زانستی دانی پێدانەهێندراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر هونەر بە گشتی لە وڵاتێک دا بایەخی نەبوو و بە شێوەیەکی جیددی لەنگەری لە سەر نەگیرا ئەو نەتەوەیە تا ڕادەیەکی بەرچاو تووشی شکست و بێشوناسی دەبێ. واتە ئەگەر ئاوڕێک لە شۆڕشە گەورەکانی وڵاتانی جیهان بدەینەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە هونەر بەشێکی گەورە و بەرچاوی ئەو شۆڕشەی لە سەر شان بووە، بە تایبەت ئەدەبیات و شێوازی بەرگرییەکەی.

ئەدەبی بەرگری هیچ کات لە قۆناغ و دەورانێکی تایبەت بەرتەسک نابێتەوە، واتە ئەدەبی بەرگری لە نەتەوەیەکی بندەست بە هەموو شێوازێک و دۆخێکی سیاسی و مەدەنی دا دەتوانێ بەردەوام بوونی هەبێ و بەڕۆژ بێتەوە. ئەدەبی بەرگری لە ناو هەموو سەردەمێک و قۆناغێکی سیاسی دەتوانێ بوونی هەبێت.

.....

.....

.....

KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:662 August 2015

مانگنامەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com

چەند ڕووداوی گرنگی ٧٠ ساڵی ڕابردوو لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

– دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ- کاف. (١٣٢٤-١٩٤٥)

– پێکهێنانی سوپای میللی. (پاییزی ١٣٢٤-١٩٤٥)

– هەڵکردنی ئالای سێ ڕەنگی کوردستان لە مەهاباد. پاییزی ١٣٢٤-١٩٤٥) ٤- پێشوازی لە بارزانیەکانی بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی لەلایەن پێشەواو حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە .(پاییزی ١٣٢٤-١٩٤٥)

– کۆبوونەوەی مێژوویی چوارچرای مەهابادو ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان . ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤-١٩٤٦)

– دیاری کردنی ناوی پێشمەرگە. (١٣٢٤/١١/١٥-١٩٤٦)

– بە ڕەسمیکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ئیدارە و قوتابخانەکانی سەر بە کۆماری کوردستان. (پاییزی ١٣٢٤-١٩٤٥)

– بەستنی پەیمانێکی ٦ مادەیی لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان. (٣ی بانەمەری ١٣٢٥ / ٢٣ی ئاوریلی)

– داگیرکرانەوەی مەهابادو ڕووخانی کۆماری کوردستا ن. (٢٦ی سەرماوەری ١٣٢٥-١٩٤٦)

– گیران و محاکمە کرانی ڕێبەرانی کۆمار وبەرگری ئازایانەی پێشەوا لە بەردەم دادگادا. (زستانی ١٣٢٥-١٩٤٦)

– ئیعدامی پێشەواوهاوڕێیانی سەیفی قازیو سەدری قازی. (١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی -٣٠ی مارسی ١٩٤٧)

– زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزب دوای ڕووخانی کۆمار. (١٩٤٨-١٣٢٧)

– هەڵبژێرانی کاندیدای حیزب «صارم الدین صادق وزیری » لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەڤدەهەم لە حەوزەی مەهاباد. (١٣٣٠-١٩٥١)

– ڕاپەڕینی جووتیارانی چۆمی مەجیدخان و پشتگیریی حیزبی دیموکرات لەو ڕاپەڕینە. (١٣٣١- ١٩٥٢)

– یەکەم خۆپێشاندانی سیاسی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بە هۆی کوژرانی لاویک بە ناوی حەسن ڕەمەزانی. (١٥ی جۆزەردانی ١٣٣٢-١٩٥٣)

– پێک هێنانی کۆمیتەیەکی شەش کەسی بە ئەندامەتیی عەزیزی یووسفی، ڕەحیمی سوڵتانیان، کەریمی ئووەیسی، غەنیی بلووریان و عەبدوڵلای ئیسحاقی، بە ناوی کۆمیتەی مەهاباد کە لە ڕاستیدا هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵدەسووڕاند. (١٣٣٢- ١٩٥٣)

– کودێتای شا-زاهیدی- ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی دوکتور موسەدیق. (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢- ١٩٥٣)

– گیرانی کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە سەری مەیدانبەڵەک لە نزیک مەهاباد. کۆتایی بەهاری ١٣٣٤- ١٩٥٥)

– هێرشی بەربڵاوی پۆلیس و گیرانی نیزیک بە١٥٠ کەس و پەریوەبوونی ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی حیزب بۆ باشووری کوردستان. (خەزڵوەری ١٣٣٨- ١٩٥٩)

– پێکهاتنی کۆمیتەی ساختەکەوەی حیزب. (١٣٤٢- ١٩٦٣)

– گیرانی کۆنگرەی دووەم لە سونی. (سەرماوەری ١٣٤٣-١٩٦٤)

– پێکهاتنی کۆمیتەی ئینقلابی لە لایەن هێندێک لە کادرەکانی حیزبەوەو دەسپێکی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧. (١٣٤٦-١٩٦٧)

– پێکهاتنی کونفرانسی دووهەم و بریاری ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزب دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧-٤٦. (پووشپەڕی ١٣٤٨-١٩٦٩)

– ڕێککەوتنی ١١ی مارس لە نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە باشوورو دەوڵەتی عێراق. (١٣٤٨- ١٩٧٠)

– پێکهاتنی کونفرانسی سێهەمی حیزب لە شاری کۆیە. (جۆزەردانی ١٣٥٠- ژوئەنی ١٩٧١)

– گیان‌بەخشینی یەکەمین شەهیدی دوای کونفرانسی ٣ مەلاقادری ویردی لە نێو شاری بانە. (٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٢- ١٩٧٣)

– بەسترانی کونگرەی سێهەمی حیزب لەبەغدا (ڕەزبەری ١٣٥٢- ١٩٧٣)

– دەست پێکردنی ڕاپەڕینی ئیعترازیی خەڵکی ئێران بەدژی حکوومەتی پاشایەتی. (سەرماوەزی١٣٥٦- ١٩٧٧)

– حزوری چالاکانەی کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەروبەندی ڕاپەرین دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا و بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزب. (نیوەڕاستی پاییزی١٣٥٧-١٩٧٨)

– سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران وڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی. (٢٢ی ڕێبەندانی١٣٥٧- ١٩٧٩)

– ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب لە کۆبوونەوەیەکی ١٠٠هەزارکەسی‌دا لە شاری مەهاباد. (١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧- ١٩٨٠)

– گرتنی پادگانی مەهاباد. (٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧-١٩٨٠)

– بایکۆتکردنی ڕێفراندۆم بۆ دیاری‌کردنی سیستمی حکوومەتی. (١٠و١١ی خاکەلیوەی ١٣٥٨- ١٩٧٩)

– هەڵگیرسانی شەڕی نەغەدە. (٣١ی خاکەلیوەی – ١٩٧٩)

– فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان. (٢٨ی گەلاوێژی١٣٥٨-١٩٧٩)

– هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگە. (خەرمانانی١٣٥٨-١٩٧٩)

– پێک هاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پایەی ئەسڵی ئەو هەیئەتە بووزستانی ١٣٥٨.

– پەیامی خومەینی بۆ ڕاگرتنی شەڕی کوردستانو دەستپێکردنی وتوێژ. (٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨- ١٩٧٩)

–مەحکوومکردنی گرتنی سفارەتی ئەمریکا لەلایەن بەناو خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمامەوە. (خەزەڵوەری١٣٥٨- ١٩٧٩)

– بەڕێوەچوونی کونگرەی ٤ی حیزب لە مەهاباد. (٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨- ١٩٨٠)

– بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دەربڕینی ئامادەیی شەڕدژی عێراق بەو شەرتە کۆماری ئیسلامی دان بە مافەکانی کورددا بنێ. (ڕەزبەری١٣٥٩-١٩٨٠)

– نەوڕۆزی خوێناویی سنە تەنیا ٥ حەوتوو پاش سەرسەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێران. (١٣٥٨- ١٩٧٩)

–چوونی هەیئەتێکی کوردستان بۆلای خومەینی بەئەندامەتیی د. قاسملوو. (خاکەلیوەی ١٣٥٨- ١٩٧٩)

– سەرکەوتنی د. قاسملوو لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری‌دا. (گەلاوێژی١٣٥٨- ١٩٧٩)

–جینایەتی قارنیو کوشتنی نیزیکەی ٦٠کەس لە خەڵکی بێ‌دیفاع لەلایەن لەشکریانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە. (خەرمانانی١٣٥٨- ١٩٧٩)

– سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزب لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌دا. (ڕەشەمەی ١٣٥٨- ١٩٨٠)

–پەڵاماری سەر لەنویی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان. (خاکەلیوەی ١٣٥٩-١٩٨٠)

– تێوڕوی سەرگورد عەبباسی یەکەم شەهیدی کومیتەی ناوەندی لەم قوناخەدا لە ژووری کاری خۆی (شوورای نیزامی) لە مەهاباد. (خەرمانانی١٣٥٩- ١٩٨٠)

– جیا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی به ناوی «پەیڕەوانی کونگرەی٤. (جۆزەردانی ١٣٥٩ - ١٩٨٠)

– دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. (جۆزەردانی١٣٥٩-١٩٨٠)

– هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق (خەرمانانی ١٣٥٩-١٩٨٠)

–بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوی لەلایەن فرۆکە شەڕکەرەکانی دەوڵەتی عیراقو مەحکووم کردنی لەلایەن حیزبەوە. (بانەمەری١٣٦٠-١٩٨١)

– بەڕێوەچوونی کونگرەی پێنجەم (سەرماوەزی ١٣٦٠- ١٩٨١)

– هاتنی هێزی پشتیوان» پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی» بۆ بەرەکانی شەڕی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی. (١٣٦١- ١٩٨٢)

– ئیعدامی ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستانو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان‌دا. (جۆزەردانی ١٣٦٢- ١٩٨٣)

– گوێزرانەوەی ناوەندی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ پشتی سنوورەکان «باشووری کوردستان». (خەزەڵوەری ١٣٦٢- ١٩٨٣)

– بەستنی کونگرەی شەشەمو‌پەسندکاری کورتەباس. (ڕێبەندانی١٣٦٢- ١٩٨٤)

– پێکهاتنی کونگرەی حەوتەم (سەرماوەزی ١٣٦٤- ١٩٨٥)

– یەکەمین بەشداریی حیزب لە کۆبوونەوەی سوسیال ئەنتەر ناسیونال‌دا. (١٣٦٥- ١٩٨٦)

– بەسترانی کونگرەی هەشتەم. (بەفرانباری(١٣٦٦- ١٩٨٨)

– جیا بوونەوەی نارازییانی کونگرەی هەشتەم، «حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر». (خاکەلیوەی ١٣٦٧- ١٩٨٨)

– ڕزگاربوونی هێزێکی گەورەی حیزب (دەوری ٨٠٠ کەس لە ئاگری شەڕی ئێرانو عێراق لەکاتی بۆمبارانی شیمیایی هەڵبجەدا. (ڕەشەمەی ١٣٦٦-١٩٨٨)

– تێوڕوی د. قاسملوو لە وێەن لە سەر میزی وتوێژ. (پووشپەڕی ١٣٦٨- ١٩٨٩)

– بەستنی کونگرەی ٩ «کونگرەی قاسملوو»، (شەوی یەلدای ١٣٧٠- ١٩٩١)

– تێوڕوی د. شەرەفکەندی لە بێرلینی ئەڵمان. (خەرمانانی١٣٧١- ١٩٩٢)

–دەست پێکردنی تێوڕوی تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات لە باشوور بەدەستی پیاوانی کۆماری ئیسلامی.(١٣٧١- ١٩٩٢)

– بەسترانی کونگرەی ١٠ و بریاری یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب. (خاکەلیوەی ١٣٧٤- ١٩٩٥)

– یووبیلی زێرین، جێژنی ٥٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب. (گەلاوێژی ١٣٧٤- ١٩٩٥)

–تەحویل دانەوەی٧پێشمەرگەی دیموکرات کوردستان بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە. (ڕەزبەری ١٣٧٥- ١٩٩٦)

– وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات. (بەفرانباری ١٣٧٥- ١٩٩٦)

–دەرچوونی بریاری دادگای میکونووس وئاشکرابوونی نەخشی کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە تێوڕوی میکونووس‌دا. (خاکەلیوەی ١٣٧٦- ١٩٩٧)

–بەسترانی کونگرەی یازدەهەمی حیزب(بەفرانباری ١٣٧٦- ١٩٩٧)

–بەسترانی کونگرەی دوازدەهەمی حیزب. (ڕەزبەری١٣٧٩- ٢٠٠٠)

–پێکهاتنی کونگرەی ١٣ی حیزب. پووشپەڕی ١٣٨٣- ٢٠٠٤)

– لەتبوونی حیزب بە «حدک وحدکا».)سەرماوەزی١٣٨٥- ٢٠٠٦)

– پێکهاتنی کونگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ڕەشەمەی ١٣٨٦- ٢٠٠٨)

– دامەزراندنی تەلەڤیزیۆنیی کوردکانال. (گەلاوێژی ١٣٨٧ – ٢٠٠٨)

– چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان وشەهید بوونی پۆلیک پێشمەرگە. (گەلاوێژی ١٣٨٧- ٢٠٠٨)

–بەسترانی کونگرەی١٥ی حیزب. (جۆزەردانی ١٣٨٩- ٢٠١١)

بەر لە ماڵاوایی

گەلاوێژ و مێژووی نوێمان

قادر وریا

مانگی گەلاوێژ، هەم وەبیرهێنەرەوەی گرنگترینو خۆشترین ڕووداوە لە مێژووی نوێی هاوچەرخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەم گەلەکەمان‌و خەڵکی ئێران دەخاتەوە یادی چەند ڕووداوی تاڵو خوێناوی.

گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد«ژ. ک» (١٩٤٢) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیدا دامەزراوە (١٩٤٥). ئەم دوو ڕووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی ڕێکخراوو کۆمەڵەی سیاسیو خەباتگێرو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی بیێ بە دەسمایەو بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسیو سەردەمیانە. بۆ گرنگیی دووهەم ڕووداوێش هەر ئەوەندە بەسە بلێین وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاندو خەباتی نەتەوایەتیو ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە سەر ڕێرەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانەو مۆدێرن، بوو بە سەرچاوەو هەوێنی ڕووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگو مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک ڕووداوی تاڵو خوێناویشە، کە لە هەمووانیان گرنگتر ئەو ڕووداوانەن کە هەر دووکیان ڕاست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، ڕوویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی ڕێژیمی پەهلەوی لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەدیق، کە بووە هۆی لەسەرکارلاچوونی موسەدیق، شکان‌و پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێران‌دا. دووهەم، ڕاگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینی‌یەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا! بەڵی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شیلگیریو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادیو مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان، تووڕەو هەراسانی کردبوو، «فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو فەرمانی بە «قوای سەگانە« (*)دا بە هەموو هێزو توانایانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستان‌و بە فرۆکەو هێلیکوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرن‌و بۆخۆشی ئازادیخوازانی ئێرانی دژی ئەم ڕێژیمە ببێن.

ئەمە چەبەری مێژووە .لە دوا جار دا دەبێ تاریکی و ستەم و دیکتاتۆری بڕۆن و ڕووناکی و حەق و ئازادی ، سەربکەون.

(*)مەبەستی خومەینی لە «قوای سەگانە« هەر سێ هێزی چەکداری زەمینی، هەوایی و دەریایی بوو. ئاوبراو ئەوەندە لە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ڕێژیمەکەی تووڕە و داخ لە دڵ بوو لە خۆی نەپرسییوو هێزی دەریایی بە کوێ دا بگاتە کوردستان و سەر لە گەل گەلی کورد بکا؟!!

(١) کوردستان، ژمارە ٢٧٤ گەلاوێژی ١٣٧٨ وتاری «ئاوڕێک لە بیست ساڵ شەڕ لە کوردستان»دا، م. مەعروفی